**پێشەکی:**

لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤ و جێنشین بوونی لەسەر زەوی, بەهۆی پەیوەندی و تێکەڵاوبوونییەوە بەردەوامی بەژیان داوە.ئەم پەیوەندیانەش لەزۆر جاردا لەسەر بنەمای خوێن بووەو ناونراوە پەیوەندی خزمایەتی, بۆیە خزمایەتی بابەتێکی گرنگی بواری مرۆڤایەتی بووەو یەکێکە لە بوارە سەرەکی یەکانی ئەنثرۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی, خزمایەتی و پەیوەندییە خزمایەتی و کۆمەڵا یەتیەکانیش کاریگەرییان لەسەر خووڕەوشت و داب و نەریتی گەلان کردووەو, زۆرجاریش هۆکارێك بوون بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵایەتی لەهەندێ لەکۆمەڵگەکاندا, ئەمیش لەڕێگەی گرووپە خزمایەتیەکانی وەکو(خێزان, بنەماڵە, تیرە, خێڵ, هۆز), هەریەك لەم گرووپانە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووەو تائێستەش بەردەوامن, بەپێ ی قۆناغەکانی مێژوو کاریگەری کەم تا زۆریان هەبووە لەسەر کولتوورو داب و نەریتی کۆمەڵگا, هەربەهۆی خزمایەتی و گرووپە خزمایەتییەکانەوە, تێکەڵاوبوون و نزیکی و بەدەمەوە بوون هەبووە لەڕێگەی هەردوو پەیوەندیی خوێن و ژن و ژنخوازیەوە, زۆرجاریش بۆمانەوەی ئەم پەیوەندییە خزمایەتییە لەنێو بنەماڵەکاندا هاوسەرگیری خزمایەتی پەیڕەو کراوە. لەم توێژینەوەدا تیشك دەخەینە سەر هەموو ئەمانە, لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەماندا, کە شاری هەڵەبجەیە و تایبەتمەندیی گرنگی مێژوویی و سیاسی هەیە, ڕادەی پێکەوە بوونی خزمایەتی و کاریگەریی گرووپە خزمایەتی و پەیوەندییە خزمایەتییەکان تیایدا دەخەینە ڕوو.

توێژینەوەکەمان لەچوار بەشی سەرەکی پێك دێت, بەشی یەکەم لەڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە پێکدێت, کە گرنگی وئامانجی توێژینەوەکەو, ئەومیتۆدو ئامرازانەی کەبۆکۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوون لەگەڵ بوارەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو, بەشی دووەم باسی پێکهاتەی شارەکەو مێژوی درووست بوونی هەڵەبجە دەکات, باسی یەکەم مێژووی دروست بوونی ئەم شارەو ڕووداوە گرنگەکانی لەخۆ دەگرێت, باسی دووەمیش تایبەتە بەپێکهاتەی شارەکە لەڕووی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە, بەشی سێیەمیش باس لە خزمایەتی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دەکات, باسی یەکەم باس لە خزمایەتی بەشێوەیەکی گشتی دەکات و باسی دووەمیش تایبەتە بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و جۆرو شێوازەکانی, بەشی چوارەمیش باس لەهاوسەرگیری و خێزان دەکات,باسی یەکەم تایبەتە بە هاوسەرگیری و جۆرو سیستەمەکانی, باسی دووەمیش باس لەبونیادو پێکهاتەوجۆرو شێوازی خێزان دەکات.

# بەشی یەکەم

## ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە:

یەکەم: گرنگی توێژینەوەکە

دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە

سێ یەم: پرسیارەکانی توێژینەوە:

چوارەم: میتۆدو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

پێنجەم: بوارەکانی توێژینەوە

## بەشی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە:

### یەکەم: گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی زانستیە لەبواری ئەنثرۆپۆلۆژیا لەسەر شاری هەڵەبجە, گرنگی زانستی ئەم توێژینەوە ئەوەیە, کەیەکەم توێژینەوەی ئەنثرۆپۆلۆژییە بۆئەم شارەئەنجام دەدرێت لەکاتێکدا ئەم شارە تایبە تمەندی خۆی هەیەو لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیەوە لەڕەگەزی جیاواز پێکدێت ,ئەو ڕووداوە سیاسیانەی کەبەسەر ناوچەکەدا هاتووە کاردانەوەو گۆڕانکاری بەسەر دانیشتوانی ناوچەکەدا هێناوە (کاتێك ئەم شارە لەساڵی 1988 بەهۆی ڕووداوی کیمیابارانەوە چۆڵ کرا بۆماوەی سێ ساڵ و دواتر ئاوەدان کرایەوە) گۆڕانکاریەکی مرۆیی گەورە بەسەر ئەم شارەدا هات, کە گۆڕانی لە پێکهاتەی دیموگرافیدا درووست کرد, بۆیە گرنگە توێژینەوەی ئەنثرۆپۆلۆژی تیا بکرێت, هەروەها بابەتی خزمایەتی بابەتێکی گرنگی بواری ئەنثرۆپۆلۆژیایە, جێ ی خۆیەتی توێژینەوەی لەسەر بکرێت .

### دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

1. لێکۆڵینەوەی خزمایەتی لەڕێگەی خوێندنەوەی هەریەك لە پێك هاتوەکانی خێزان و ڕێگەی هاوسەرگیری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و گرووپە خزمایەتیەکانەوە, هەریەك لەمانە چەند گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە,
2. ئەو گۆڕانکاریانە تا چەند کاریگەریان لەسەر خزمایەتی کردووە, چ گۆڕانکاریەکیان بەسەر پەیوەندیە خزمایەتیەکانا هێناوە لەکۆنەوە تائێستا.
3. هۆکاری ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ئەم پەیوەندیە خزمایەتیانەدا هاتووەو چەندێتی کاریگەریان لەسەر ئەم گۆڕانکاریە.
4. دەرخستنی نەریتی هاوبەش و جیاوازی خزمایەتی لەم شارەداو جیاوازی تایبەتمەندی خزمایەتی, کە خزمایەتی گرنگی هەیە لەبەڕێ کردنی زۆر بۆنەو کارو چالاکی لەم شارەدا.

### سێ یەم: پرسیارەکانی توێژینەوە:

هەرتوێژینەوەیەکی ئەنثرۆپۆلۆژی چەند پرسیاریکی تێدا درووست دەبێت, کەخودی توێژینەوەکە هەوڵ ئەدات

وەڵامەکە بدۆزێتەوە یاخوود بەرجەستەی بکات, گرنگترین پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

1. ئایاپەیوەندی خزمایەتی پەیوەندیەکی چۆنە, لەڕووی بەهێزی و کاریگەریەوە لەلای خێڵ و پێکهاتەکان و گرووپە خزمایەتیەکان؟
2. ئایا ئەم پەیوەندییە خزمایەتیانە لەسەر چ بنەمایەك درووست بووە؟
3. ئایا خزمایەتی تاچەند ڕۆڵی ماوە لەکۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتیدا, لەدوای ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کەلەم شارەدا ڕوویان داوە؟
4. ئایا داب و نەریت و کولتووری کۆمەڵایەتی و پیشەیی باوباپیران تاچ ڕادەیەك پارێزگاری لێکراوەو لەڕێ ی پەیوەندی خێزانیەوە بۆ نەوەکان ماوەتەوە, واتە ئایاباوك پیشەکەی فێری منداڵەکانی کردووە ؟

## چوارەم: میتۆدو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

لەم توێژینەوەدا کەباس لەخزمایەتی دەکەین ,لەکۆنەوە بۆ ئێستا لەلایەك و وەلەپێکهاتەو گرووپێکەوە بۆپێکهاتەو گرووپێکی ترلە شاری هەڵەبجەدا لەلایەکی ترەوە , بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بەمیتۆدی (پەسن کردن, مێژوویی, بەراووردکاری) دەبێت کەئاماژەیان پێ دەدەین لەڕووی چۆنیەتی بەکارهێنانیانەوە

یەکەم: میتۆدی پەسن کردن(المنهج الوصفی).

دووەم: میتۆدی مێژوویی(المنهج التأریخی).

سێ یەم:میتۆدی بەراوردکاری(المنهج المقارن).

### یەکەم: میتۆدی پەسن کردن (المنهج الوصفی):

شیکردنەوەی داب و نەریتی گەلان و گێڕانەوەی زۆرێك لەسیماو شێوەکانی ژیانیان بابەتێکی کۆنە, مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو نووسی یۆنانی (هیرۆدۆت)(480 پ ز), کەلەداب و نەریت و هەندێ شتی تری گەلان دواوە. لەدوای ئەویش چەندمێژوونووس و گەشتیاری ترهەستاون بەلێکۆڵینەوەی داب و نەریتی گەلان بەشێوەی گەشتیاری و گەڕانیان بەووڵاتاندا(1), بۆئەم مەبەستەش پشتیان بەستوەبەمانەوە لەوکۆمەڵگانەی کەتوێژینەوەی

.......................................................................................................................................

(1)د.محمد عبالمعبود مرسی, الآنثروبولوجيا العامة(مدخل للبحث فی مجال الآنثروبولوجی), دار المعرفة الجامعية, الأسكندرية,مصر,1989, ص240,236.

لەسەردەکەن ومامەڵە کردن لەگەڵ دانیشتوانەکەیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا توێژینەوەی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای پەسن کردن شێوازی جیاوازی وەرگرت, ئەوڕێگە کۆنەی جاران نەما, ئەمەش دوای ئەوەی هۆکاری هونەری و تەکنیکی پێشکەوت لەدۆزینەوەی شوێنەوارە کۆنەکانی ڕابردوودا.(1)

لەم توێژینەوەدا میتۆدی پەسن کردنمان بەکارهێناوە بۆشی کردنەوەی ئەو کلتوورە باوانەی کەلەکۆمەڵگەی هەڵەبجەدا هەیەو کاریگەریان لەسەر بۆنە خۆش و ناخۆشەکان و ڕەفتاری هەڵس و کەوتی تاکەکان و کاریگەری داب و نەریت و ڕەنگدانەوەی لەسەر نەوەکان, هەروەهاخستنە ڕووی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر پەیوەندی خزمایەتی و شێوەی هاوسەرگیری و پەیوەندی خێزانیدا هاتووە,لەڕێگای دەرخستنی هۆکارە جۆراو جۆرەکانی.

## دووەم: میتۆدی مێژوویی(المنهج التأريخى):

(گرنگی ئاڕاستەی مێژوویی لەم سەدانەی دواوە دەرکەوت, دوای ئەوەی پرۆسەی گۆڕانی کولتور چالاك بوو لەکۆمەڵگە سەرەتایی و نەریت خوازەکاندا, واتە ناتوانین توێژینەوە لەسەر ئەم کۆمەڵگانە بکەین بەبێ گەڕانەوە بۆڕابردوو لەپێناو ناسینی تایبەتمەندی کولتوری باو لەم کۆمەڵگانەداو بەراوورد کردنی بەو کولتورەی کەئێستا پیادەی دەکات(هەیەتی), یان تێڕامان و ووردبوونەوە لەگۆڕانکاری یە تازەکان و هەوڵدان بۆناسینی ئەو باروو دۆخە پێشووانەی بوونەتە هۆی دەرکەوتنی ئەو گۆڕانکاریانە).(2)

لەم توێژینەوەداو لەبابەتی خزمایەتی لەشاری هەڵەبجەدا میتۆدی مێژوویمان بەکارهێناوە بۆتێگەیشتنی ورد لەبابەتی خزمایەتی و پەیوەندیە خزمایەتیەکان, چونکە زۆر لەو داب و نەریتە خزمایەتیانەی ئێستا لەکۆمەڵگەکەدا دەبینرێت, ڕەگ و ڕیشەو سەرهەڵدانی بۆڕابردوو دەگەڕێتەوەو ناتوانین لەئێستادا لەو گۆڕانکاریانە تێ بگەین, کەبەسەر کولتوری داب و نەریتی خزمایەتیا هاتووە, بەبێ گەڕانەوە بۆمێژوو, بەهۆی ئەوەی زۆرێك لە هۆکاری ئەم گۆڕانانە لەئێستەدا نەماوەو بۆتێگەیشتنی تەواو پێویستمان بەمیتۆدی مێژوویی دەبێت, هەربۆیە بەکارمان هێناوە.

.........................................................................................

(1)د.محمد عبالمعبود مرسى, الآنثروبولوجيا العامة(مدخل للبحث فى مجال الآنثروبولوجى), المصدر السابق, ص240,236.

(2)د..فتحيەمحمد ابراهيم,واخرون, مدخل الى مناهج البحث فى علم الانسان(الأنثروبولوجيا), دارالمريخ للنشر, سعودية, 1988,ص134.

## سێيەم:میتۆدی بەراوردکاری(المنهج المقارن):

**(لەگەڵ ئەوەی, كە زانایانی ئەنثرۆپۆلۆژی لەنیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا میتۆدی بەراووردکاریان بەکارهێناوە, بەلاَم ئەم میتۆدە پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی لەماوەی سەدەی بیستەمدا, لەگرنگترین ئاستەکانی بەراووردکاریش لایەنی جیاوازو لێکچوونە لەداب و نەریت و سیستەمدا, لەسەر ئاستی یەك کۆمەڵگاو لەماوەی زەمەنی یەك لەدوای یەك, یان لەنێوان چەند کۆمەڵگەیەکی نزیکداو لەیەك کاتدا), (1) واتە لەیەکەمیاندا کاریگەری کات دیارە بەگۆڕانکاری و جیاوازیەکانەوە, دووەمیشیان کاریگەری شوێن, لەم توێژینەوەدا هەر دووکیمان بەکارهێناوە, چونکە ئاستی جیاوازی خزمایەتی و داب و نەریتەکانیمان ئاماژە پێ کردووە لەکۆن و ئێستاداو, جیاوازی ئەم داب و نەریتانەشمان دەرخستووە لەخێڵێکەوە بۆخێڵێکی تر یان لەپێکهاتەیەکەوە بۆپێکهاتەیەکی تر, لەم بارەدا کاریگەری لایەنی کۆمەلاَیەتی و شوێنیان دەرخستووە.**

## ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

**سەبارەت بەئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری,لەم توێژینەوەدا چەند ئامرازێکمان بەکارهێناوەو سوودمان لێ وەرگرتووە, لەوانە:**

### یەکەم: چاوپێکەوتن:

**(یەکێکە لەئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و کۆمەڵێك ڕێگەمان هەیە بۆدەسکەوتنی زانیاری لەکاتی چاوپێکەوتن دا, لەوانە ئەنثرۆپۆلۆجست بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پرسیارێ پێشکەش دەکات لەسەر یەکێك لەبابەتەکان, یان ئەتوانێت داڕشتنەوەی پرسیارەکانی بە شێوەی دەربڕینی ناڕاستەوخۆ بێت لەسەر ئیش و کاری ئەوانی تر, واباشترەچاوپێکەوتن بەدەر بڕینێکی گشتی دەس پێ بکرێت لەسەر بابەتەکەو دواتر ڕێگە بدرێت بە بەرامبەر بەپێ ی ویستی خۆی قسە بکات),(2) هەروەها چاوپێکەوتن بە ڕێگە باوەکەی دووجۆری هەیە(ڕاستەوخۆ, ناڕاستەوخۆ) کەهەریەکەیان بۆمەبەست وبابەتی خۆی بەکاردەهێنرێت, ڕێگەی چاوپێکەوتنی**

.........................................................................................................................................

(1)د.محمد عبالمعبود مرسى, الآنثروبولوجيا العامة(مدخل للبحث فى مجال الآنثروبولوجى),المصدرالسابق, ص244-245.

(2) د.يحي مرسى عيد بدر, أصول علم الإنسان(الأنثروبولوجيا), ألجزء الأول , الطبعة الأولى , الاسكندرية, 2007, ص406.

**ڕاستەوخۆ لەهەندێك لەتوێژینەوە مەیدانیەكاندا بەكار دێت, بەتایبەت لەوتوێژینەوانەی كەبەراووردكردنی تێدایە(1) زۆرجاریش لەچاوپێكەوتنی ڕاستەوخۆدا فۆرم بەكاردێت كەكۆمەڵێك پرسیاری تێدایە سەبارەت بەبابەتی مەبەست, توێژەر هەموو پرسیارەكان لەبەردەم كەسی مەبەست دەخوێنێتەوەو, دواتر وەڵامەكەی تۆماردەكات بەوشێوازەی خۆی مەبەستێتی.(2)لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ چاوپێكەوتنمان ئەنجام داوە, بەشێوازی جۆراوجۆر وەك ئەوەی سەرەتا بەكۆمەڵێك پرسیاری گشتی دەستمان پێكردووەودواتر بەهۆی گفتوگۆی ترەوە چووینەتە ناوەڕۆكی بابەتەكەوە, هەرلەكاتی پرسیارەكاندا تێبینیمان لەسەر هەندێ وەڵام هەبووەو پرسیاری ترمان كردووە بۆ باشتر تێگەیشتنی زانیاریەكان, پرسیارەكانیشمان زۆرتر بەشێوەی كراوە بووەو بەشێوەی ڕاستەوخۆ, نەك وابەستە بوون بەفۆرمێكی بەڵێ و نەخێرەوە.**

**دووەم:تێبینی كردن:**

**(گەیشتن بەزانیاری لە زانستە مرۆڤایەتیەكاندا, بەپلەی یەكەم پشت بە تێبینی هەستی دەبەستێت, واتە تێبینی لەسەر بنەمای هۆش و هەست, ئەمەش هۆكارێكە بۆ گەشتنی توێژەر بە زانیاری یە دیارەكان و شاراوەكان, ووشەی تێبینی لێرەدا بۆ هەموو جۆرە هەستە بەكارهێنراوەكان بەكاردێت, كەڕۆڵیان هەبووە لەتۆماركردنی وەڵامەكانی خەڵكدا وەك:بینین, گوێ گرتن, چەشتن....هتد, لێرەدا جیاوازیی هەیە لەنێوان وەڵام و زانیاریدا, یەكەمیان جۆرێكی ڕوونە لەكردە, دووەمیشیان ئەنجامی تۆماركردنی وەڵامەكان و تێبینی یە.**

**لەگرنگترین مەرجەكانی تێبینی كردنی زانستی و بابەتی, بێ لایەنی بوونەو, جیاوازی هەیە لەگەڵ تێبینی كردنی خودیدا كەكاریگەرە بەڕای توێژەرو ڕوانینە پێشینەكانی, هەروەك جیایە لەو تێبینی یە خێراییانەی كە تۆمار كراو نین و ڕوو ئەدەن بەبێ بوونی مەبەستێكی دیاریكراو, هەروەها جیاوازە لەو تێبینیانەی پەیوەندی بە ڕای تاكە كەسێكەوە هەیە لەسەر خۆی یان بابەتی توێژینەوە بەبێ بەشداری كردنی خەڵكانی تر)(3)**

**واتە پێویستە توێژەر بێ لایەن بێت لە تۆماركردنی زانیاریەكاندا, تێبینی بۆئەو زانیاریانە بەكاربهێنین, كەبە**

.........................................................................................................................................

(1) د.فتحيةابراهيم, واخرون, المصدرالسابق, ص189-90

(2)د.عاطف وصفى, الأنثروبولوجياالاجتماعية, دارالنهضة العربية, الطبعةالثالثة, بيروت, 1981, ص170.

(3) د.يحي مرسى عيد بدر, أصول علم الإنسان(الأنثروبولوجيا), المصدر السابق, ص399.

**ڕاستی لەبەردەستدان و لەسەر ئەوبنەمایە ئەنجام بدات بەدەستەوە, لەم توێژینەوەدا تێبینی مان بەکارهێناوە بۆمەبەستی دەسکەوتنی زانیاری ڕاست و درووست, ئەم تێبینیەش بەدوو شێوە بەکارهاتووە, شێوەی یەکەم لەڕێگەی سەرنج دانی ژیانی کەسەکان و بەبەشداری کردن لە بۆنە خۆش و ناخۆشەکانیاندا و ووردبینی لەڕێ ی گوێ گرتنی ناڕاستەو خۆوە, واتە تێبینی کردن بەبەشداری کردنەوە. شێوەی دووەمیش تیبینیمان کردووە لەسەر وەلامی دەسکەتوو, زۆرجار پرسیارێ ڕوون نەبووە لەڕێ ی وەلامی پرسیارێکی ترەوە ووردبینی کراوە**

**سێیەم:ڕێگەی بەراووردکاریی:**

**(ئەنثرۆپۆلۆژی کۆمەلأیەتی تەنها بەوە ڕازی نابێ شیکردنەوەی ژیانی کۆمەلأیەتی بابەتی توێژینەوەکەی بێت, بەلکو کاردەکات بۆشیکاری زانیاریەکان ,ئەمەش تەنها بۆ دیاری کردنی شێوازی پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکان نییە, بەلکو بۆ تێگەیشتنی بونیادی کۆمەلأیەتیە بەشێوەیەکی گشتی, لەڕێگەی دۆزینەوەی فەرمانە کۆمەلأیەتیەکانی ناو سیستمەکان و کاریگەری ئالۆگۆڕی نێوان ئەوسیستمانە).(1)**

**چوارەم: سوود وەرگرتن لەکەسانی بەتەمەن وشارەزای شارەکە:**

**(خەلکانی بەتەمەن و شارەزا سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ دەسکەوتنی زانیاری لەبواری کولتووری و کۆمەلأیەتی و زۆر بواری تردا چونکە ئەزموونێکی زۆریان هەیە لەژیاندا)(2)لەم توێژینەوەدا لەو کەسانەی کەچاوپێکەوتنمان لەگەل ٚ کردوون چەند کەسانێکی بەتەمەن بوون کەتەمەنی هەندێکیان گەورەیەو ناسراون بەشارەزایی و ژیری و جێی متمانەی خەلکی شاری هەلەبجەن, ئەمەش بۆ بەرچاو ڕوونی لەکولتوری ڕەسەنی ناوچەکەو خستنە ڕووی گۆڕانەکان بەپێ ی ئەو زانیاریانەی ئەمڕۆ لەبەردەستدایە, هەروەها سوود وەرگرتن لەکەسی شارەزا وەك مامۆستای ئاینی بۆوەرگرتنی زانیاری لەسەر بابەتی هاوسەرگیری و خێزان وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی بابەتی خزمایەتی.**

**هەروەها لەم توێژینەوەد چاوپێکەوتنی کەسانی بەتەمەن و شارەزامان بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی ڕۆلی پەیوەندیە خزمایەتیەکان لەسەر پێکهاتەی کۆمەلگاو, بۆبەراووردکردنی نێوان دوو ڕای جیاواز, کەلە بنەڕەتدا**

.................................................................................................................................................

(1)اد.عاطف وصفى, الأنثروبولوجياالاجتماعية, المصدر السابق, ص171.

(2) د.جوان بەختیار:وانەکانی میتۆدەکانی توێژینەوەی ئە نثرۆپۆلۆجی,ووتراوەتەوە لەخوێندنی بالا, سالی2015.

مانایەکی نزیکیان هەیە,بۆنموونە کاتێك پرسیارێك ئاڕاستەی کەسێکی بەتەمەن و گەنج دەکەیت دوو ڕای جیاواز دەدەن بەلام کەشیکرنەوەی بۆدەکەیت دوو ڕای نزیکن لەیەك, جیاوازیەکە لەوەدایە ئەو بەراوورد بەزەمەنێکی دوور دەکات و ئێستا بەهایەکی کەمی دەداتێ, بەلام گەنجەکە بەراوورد بەزەمەنێکی نزیك دەدات و بەهایەکی ناوەندی دەداتێ.

## پێنجەم: بوارەکانی توێژینەوە:

1.بواری مرۆیی :کۆمەلگەی توێژینەوەکەمان بریتی یە لەو کەسانەی لەخێڵ و پێکهاتەکان هەلمانبژاردوون و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجام داون, کە تایبەتمەندی جیاوازیان هەبووە لەڕووی ڕەگەزوتەمەن و ئاستی خوێندن و ئاستی کۆمەلایەتیەوە,لەوانە: مامۆستاو خوێنەوار, بەتەمەن و شارەزا, گەنج, بەرپرسی سندوقی عەشیرەت, مامۆستای ئاینی, کەژمارەیان (11) کەسە.

2. بواری شوێن: شوێنی ئەم توێژینەوە بریتی یە لەناوشاری هەلەبجە , مەبەست سەنتەری شارە, کەسەرجەم ئەو گەڕەکانە دەگرێتەوە کەلەڕووی کارگێڕیەوە سەر بەم شارەن, ئەم شارە لەئێستادا پارێزگایە, بەلام پێش ئەوەی ببێتە پارێزگا قەزایەك بووە سەر بەپارێزگای سلێمانی و نزیك شارۆچکەی خورمالە و لەسنووری ئێرانەوە نزیکەو, ڕووباری سیروانی بەلادا تێپەڕ دەبێت.

3. بواری کاتی توێژینەوەکە :

کاتی دەسپێك و کۆتایی:2016/4/1 بۆ 2017/4/23.

# بەشی دووەم

## هەڵەبجە(پێکهاتەی شارەکەو مێژووی درووست بوونی )

### باسی یەکەم: کورتەیەك دەربارەی مێژووی هەڵەبجە

### باسی دووەم:پێکهاتەی شارەکە

## بەشی دووەم: هەڵەبجە(پێکهاتەی شارەکەو مێژووی درووست بوونی )

تویژینەوە لەسەر هەربابەتێك بکرێت بەشێوەیەکی مەیدانی, گرنگە بۆ باش تێگەیشتنی بابەتەکە زانیاری لەسەر ئەو شوێنە بزانرێ, کەتوێژینەوەکەی تیا ئەنجام دەدرێت, ئەمەش بۆباشتر وێناکردنی بابەتەکەیە, بۆیە لەم توێژینەوەدا گرنگە باس لەشاری هەڵەبجە بکەین وەك کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان, بۆ ئەم مەبەستەش پێویستەباس لەسەرەتای پەیدابون و مێژووەکەی بکەین, چونکە شاری هەڵەبجە شارێکی مێژوویی یەو مێژووی درووست بوونی بۆ چەند سەدەیەك لەمەو پێش دەگەڕێتەوە , (هەندێك مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ دوای ساڵی (1700) ز, لەو کاتەی خێڵی جاف دێنە ناوچەی شارەزوور,ئەمەش بەسەرەتای ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە دائەنێن), هەندێکی تریش مێژووەکەی بۆ پێشتر دەگەڕێننەوە(1), (لەڕووی ئاوەدانیشەوە هەڵەبجە لەساڵی (1820) ز دا شاربووەو نیشانەکانی شارستانیەتی تیابووە, کەبریتی بووە لە(کۆشکەکەی پاشا),(حەمامی پاشا),(حەمامی گەورە),(ماڵی تایەربەگ),(ماڵی حاجی حەمەعلی),(هەندێ دووکان), کەتاماوەی سەدساڵێك بەم شێوەیە بووە) . (2)هەروەها گرنگە وێنایەکی گشتی کۆمەڵگەی ئێستای توێژینەوەکە بکەین, بەتێهەڵکێش کردنی لەگەڵ مێژووەکەیدا دەتوانین بەووردی توێژینەوەی هەربابەتێ بکەین تیایدا کەبمانەوێ .

لەم توێژینەوەدا باس لەبابەتی خزمایەتی دەکەین لەشاری هەڵەبجەدا, بەشی یەکەمی توێژینەوەکەمان تایبەت کردووە بەباسی هەڵەبجەوە, باسی یەکەممان تایبەت کردووە بۆمێژووی درووست بوون و ئاوەدانکردنەوەی شارەکەو ڕووداوە گرنگەکانی و دەسەڵاتی جافەکان لەم شارەدا و سیما شارستانیەکانی, ئەم شارە ڕووداوی زۆر کاریگەری بەسەرداهاتووەو وەك ڕاپەڕین و کاوولکاری, بەهۆی ئەم ڕووداوانەوە پێکهاتەی شارەکە سەرلەنوێ بەشێوازی جیاواز درووست بووەتەوە, هەر لەبەر ئەمەشە, کەکۆمەڵگای توێژینەوەکەمان تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لەو ڕەوەی کەمێژووی دووبارە درووست بوونەوەی هەیە.باسی دووەمی توێژینەوەکەشمان تەرخان کردووە بۆپێکهاتەی شارەکە لەڕووی جوگرافی و کۆمەلایەتی و ئابووریەوە,

..............................................................................................................................

(1)هەورامان کمال میرزا عبدالله, فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەییەکانی, نامەی ماستەر, زانکۆی سەلاحەدین,کۆلێجی ئەدەبیات, بلاّونەکراوە, 2005, لا5-6.

(2)حەکیم مەلاصالح, هەڵەبجە لەئامێزی مێژوودا ,چاپی دووەم, چاپخانەی چوارچرا,سلێمانی, 2011,لا22.

## باسی یەکەم: کورتەیەك دەربارەی مێژووی هەڵەبجە

### یەکەم: مێژووی درووست بوون و ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە :

لەبارەی مێژووی درووست بوونی ئەم شارەوە ڕای جیاواز هەیە, هەندێك مێژووی درووست بوونی ئەم شارە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێننەوە, لەهەزارەی پێنجەمی (پ.ز), ئەوەی زیاتر مێژووی کۆنی ئەم شارە دەسەلمێنێ گەڕەکی(پیرمحەمەدە),کەیەکێکە لەگەڕەکە هەرەکۆنەکانی شارەکە, موحەممەد ئەمین زەکی بەگ دەڵێت, لەپێش ئیسلامدا لەشوێنی شاری هەڵەبجەی ئیستادا, شارێکی گەورەو ئاوەدان هەبووە, کەپردی بازرگانی و کاروانی کالاّو شمەکی شارە کۆنەکانی ئێران و شاری ئەسیەفون(تاقی کیسرا)بووە, بەلاّم ناوی هەڵەبجە نەبووە, ئەم مێژووە ئەوەمان بۆدیاری دەکات کەبەرلە(1400)ساڵ هەڵەبجە ئاوەدانی تیادابووە,لەکاتی هاتنی سوپای موسوڵمانان بۆفەتحکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی, هەڵەبجە وەك شار بوونی هەبووە, کوژرانی سەرکردەی موسوڵمانان(ئەباعوبەیدەی ئەنصاری)وناشتنی لەگوندی (عەبابەیلێ)بەڵگەیە بۆئەوەی ئەوکاتە(هەڵەبجە-شارەزوور)ئاوەدان بووە.(1)

هەندێکیش مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ دوای ساڵی 1700 ز, لەو کاتەی خێڵی جاف دێنە ناوچەی هەڵەبجەو شارەزوور, ئەمەش بەسەرەتای ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە دادەنرێت, ئەم ناوچە لەسەرەتادا هەرخێڵی جافی تێدا بووە , پاشان خەڵکی تریش لەچەند لایەکی ترەوە بۆدابین کردنی ژیان پاڵیان داوە بەوانەوە و هەڵەبجەیان ئاوەدان کردۆتەوە, دوای ئەمەش کۆچی جوولەکە بۆ ناوچەکە دەست پێ دەکات و لەپشت ماڵە جافەکانەوە بنکەو بارەکای خۆیان دەخەن و بەپشت ئەستووری جاف دەکەونە خانوو درووست کردن . (2)

ڕای تریش هەیە لەسەر درووست بوونی ئەم شارە کەدەیگەڕێننەوە بۆ ئەو کاتەی کەخورماڵ لاوازبووە چونکە شاری هەڵەبجە بەر لەوەی ببێتە قەزا لەڕووی کارگێڕیەوە سەر بەناحیەی (خورماڵ=گوڵعەنبەر) بووە, ئەوکاتە شاری سلێمانی بنیات نەنراوە, لەسەرەتای سەدەی شانزە هەمەوە شاری (گوڵعەنبەر=خورماڵ) تەنها شاری گرنگی دەشتی شارەزوور بووە بۆبانی ئێران, ئەم شارە پێگەیەکی سەربازی گرنگی هەبووە بۆ گەشەدان بەقەڵەمڕەوی

.......................................................................................................................................................

(1)هەورامان کمال میرزا عبدالله, فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەییەکانی, سەرچاوەی پێشوو 2013,لا5-6.

(2) گەشتەکەی فرێزەر بۆ کوردستان, ئومێد ئاشنا کردوویەتی بەکووردی, 1996,لا59.

**میرنشینی ئەردەڵان , سوڵتانەکانی عوسمانی بۆ لاوازکردنی میرنشینی ئەردەڵان کەپایتەختەکەی شاری (سنە) بوو زۆر جار هێرشی گەورەیان کردووەتە سەر (گوڵعەنبەر) بەمەبەستی نەهێشتنی دەسەڵاتی ئەو میرنشینە . لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەدواوە کۆتایی بەدەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان لە(سنە) دێت , لەئەنجامی ئەو گۆڕانکاری یە سیاسیەدا شاری (گوڵعەنبەر)پلەو پایەی خۆی وەکو پێگەیەکی سەربازی میرنشینی ئەردەڵان لەبەردەم هێرشی عوسمانیەکاندا لەدەست دا, ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ هەوڵدانی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بۆ نیشتەجێکردنی خێڵی جاف لەناوچەی شارەزووردا کەئەمەوای کردووە لەمێژووی نوێدا ناوی شارەزووروخێڵی جاف پێکەوە گرێدراون, ئەم هۆکارانە زەمینەیان ساز کرد بۆ گۆڕینی قورسایی دانیشتووان لە (گوڵعەنبەرەوە) بۆهەڵەبجە, بەو شێوەیە شاری هەڵەبجە دەبێتە میراتگری تایبەتمەندی یەکانی شاری(گوڵعەنبەر),دواتر ئەم شارە دەبێتە شارۆچکەیەکو هەڵەبجەش لەگەشەکردندابووە.(1)**

**ڕاوبۆچوونی تریش هەیە دەربارەی درووست بوونی ئەم شارە , بەلاَم هەموویان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کەئەم شارە مێژوویەکی کۆنی هەیە, گومانیشی تێدا نییە, کەهەڵەبجەی ئێستا لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی تورکەکاندا دروست کراوە.(2)**

**ئەگەر سەیری مێژووی ئەم شارە بکەین ئەوە ڕوون دەبێتەوە, کەهەڵەبجە شارێکی مێژووییەو جێگای سەرنجی هەندێك لە سیاسەتمەداران بووە, چونکە بەپێ ی بەشێك لەبۆچوونەکان بنەمای دروست بوونیشی سیاسی بووە , هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە لەو سەردەمەدا, کەهیچ گوتارێکی دیموکراسی و پێکەوە ژیان و بەندی یاسایی لەو شارەدا دانەڕێژراوە ,بەلاَم ژیانێکی برایەتی لەنێوان موسوڵمانەکان و جوولەکەدا هەبووە, ئەمەش ئەوەمان بۆدەردەخات, کەخەڵکێکی ئاشتیخوازو بیر ڕووناك لەم شارەدا ژیاون, بەلاَم هەر ئەم شارە لە سەدەکانی دواتردا جێگای ئاشتەوایی نەبوو بۆدووپارت بە هۆی هۆکاری سیاسیەوە (وەك شەڕی نێوان پارتە کوردیەکان) .**

ئەم شارە دوای ئەوەی دروستکراوە چەندجارێك دووبارە ئاوەدان کراوەتەوە, ئەمەش ڕای جیاوازی لەسەرە هەندێك لەسەچاوە مێژووییەکان باسی ئەوە دەکەن (ئەوانەی ئەم شارەیان ئاوەدانکردووەتەوە لەڕۆژهەلاتی

..........................................................................................................................

(1) عادل صدیق, هەڵەبجە(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی ), لەبلاوکراوەکانی پرۆژەی تیشك, 2008, لا51-52 .

(2) (2)بکر حمە صدیق عارف, لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە, چاپی یەکەم, سلێمانی ,1997, لا7.

کوردستانەوە بەهۆی برسێتی یەوە هاتوون, بۆچونێکی تر دەڵێت ئەمانە لەناوچەی شارباژێڕەوە هاتوون نەك لەناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە)(1), هەرکامێکیان بووبێ ئەو خەڵکانەی کەبۆ یەکەم جار هەڵەبجەیان ئاوەدانکردووەتەوە بەبنەماڵەی (سیانزەماڵە) ناسراون کەتاڕۆژگاری ئەمڕۆش بنەچەیان ماوە.

هەندێکیش دەڵێن ئەم شارە لەلایەن بەگەکانی (شیوەکەڵ)ەوە ئاوەدانکراوەتەوە کەبۆیەکەم جار لەوکانیەی کەپێ ی دەووترێت (کانی هەشت هەڵووژە) وەك کۆچەر هەڵیانداوەو دواتر لەدەورووبەری مزگەوتی تەکیەی ئێستا خانوویان درووست کردووە, پاشان چەند ماڵێکی جوولەکەش لەخورماڵەوە هاتوون و لەنزیك ئەوانەوە نیشتەجێبوون,دواتریش نەوەکانیان لەوێ نیشتەجێ بوون(2), ئەمانە بۆئاودێری و کشتوکاڵ سوودیان لەسەرچاوەکانی کانی نەواڵە وەرگرتووە کەئێستا ئەو کانی یە دەکەوێتە ناو (باخی گشتی)ناوەڕاستی شارەوە .

## ناوی هەڵەبجە لە چیەوە هاتووە

واتای ناوی هەڵەبجە بیرو ڕای جیاوازی لەسەرە, کەهەریەکەو بەبیرو بۆچوونێ لەسەر ئەم ناوە ئەدوێ ,یەکێك لەو بیروڕایانە دەڵێت لەناوی حەلەبەوە هاتووە کە ئەوسا حەلەب مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی بووە لەشام و بەخۆشی ئەوەوە ئەم ناوەیان لەم شارە ناوە, بەوپێیەی کەهەڵەبجە شوێنێکی ستراتیجی هەیە لەڕووی بازرگانیەوەو دەکەوێتە سەر سنووری ئێران-عێراق, بۆچوونێکیش باس لەوەدەکات کە بەناوی باخی هەشت هەڵۆژەوە ناونراوە, ڕای تریش هەیە باس لەوە دەکەن کەبەناوی ئەو کابرا جوولەکەوە ناونراوە کەیەکەمین خانووی لەو شارەدا بنیادناوەو ناوی ئەلبەجە بووە .(3)ڕای تریش هەن لەسەر ناوەکەی ئاماژە بەوە دەکەن کە کابرایەك پێش هەموو کەس ئەم شارەی ئاوەدانکردووەتەوەناوی (هەڵۆبەگ) بووەو وردە وردە ئەوناوە بەهۆی گەشەکردن لەزمانی کوردیدا بووە بە (هەڵۆجا)و دواتر هەڵەبجە, هەندێکیش دەڵێن لەشوێنی ئەم شارەدا لەدێر زەمانەوە بێچووە (هەڵۆ) یەکیان گرتووە لەبەر ئەمە ناوی لێ نراوە (هەڵۆپەچە) پاشان بووە بەهەڵەبجە(4)

.......................................................................................................................................

(1) عادل صديق, هەڵەبجە(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی ), سەرچاوەی پێشوو,لا51

(2) سەلام مستەفا, شانزەی سێ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید, 1996,بەبێشوێنی چاپ, لا129.

(3)هەورامان علی توفیق, هەڵەبجە(کارەساتی ساڵی 1988), چاپی یەکەم, دەزگای چاپ و بلاّو کردنەوەی ئاراس, 2000, لا5 .

(4) شەوکەتی حاجی مشیر, هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی 1988 , چاپی یەکەم, سلێمانی, 1998, لا51

ڕای تریش هەیە کەباس لەوە دەکەن جێگای هەڵەبجە داری هەڵوژەی تیابووە و ئێستەش لەپەراوێزی شاردا دەشتێ بەناوی دەشتی(هەشت هەڵوژە)هەیە, هەندێکیش دەڵێن لەووشەی (ئالب جا)وە هاتووە , ئەم ووشەیەش دووبەشە (ئالب+جا),واتەشوێنی ئالب.گوایە ئالب پیاوێکی ناودارو بەدەستەلآتی بنەماڵەی سەلجوقیەکان بووە, ڕایەکی تریش هەیە باس لەوە دەکات کەئەم ناوە ناوی یەکێك لەقووتابیەکانی مامۆستا عەبدوولڵای خەرپانی بووە کەناوی(ملااحمد الالبجی)بووە, دواتر ئەم ناوە لەئەلەبجەوە گۆڕاوە بۆ هەڵەبجە, ئەم ناوگۆڕانەش شتێکی ئاساییە لەزمانی کوردیدا, باسی چەندناوێکی تردەکەن وەك( حلبجە),(عەجەب جا),(هەڵەوجە) یان(حەلەبچێ).(1)

## ڕاپەڕین و ڕووداوە گرنگەکان لەمێژووی هەڵەبجەدا

ئەم شارە لەمێژوودا هەمیشە پێشەنگی بزووتنەوەو شۆڕشەکان بووە , لەوانەش لەساڵی 1947 ڕاپەڕینێکی بەرفراوانیان دژی پەیمانی پۆرت سمۆس ئەنجامدا, هەروەها ساڵی 1954 کاتێك, کەمەلیك فەیسەڵی دووەم هەڵبژاردنێکی نایاسایی ئەنجام دا خەڵکی هەڵەبجە بەڕاشکاوی دەنگی ناڕەزاییان بەرزکردەوەو ڕاپەڕینێکیان سازدا و داوای دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی یاساییان لەحکومەتی پاشایی ئەو کاتە کرد,لەساڵی 1955 ڕاپەڕینێکی بەرفراوانیان لەدژی پەیمانی بەغدا سازدا, بەهۆی ئەم شۆڕشانەوە خەڵکی هەڵەبجە کەوتوونەتە بەرهێرشی زەبرو زەنگی فەرمانڕەوایانی ئەو کاتە هەربۆیە لە1974/4/26 دا ئەم شارە زۆر بەسەختی لەلایەن فڕۆکەکانی عێراقەوە کەوتە بەرهێرشی بۆمباران,(2) لەساڵی 1976 ڕاپەڕینی پێشمەرگە لە ناوچەی هەڵەبجەو شارەزورەوە دەستی پێ کرد, کەشۆڕشێکی گەورەی لێ پەیدابوو, لەساڵی 1981 یش مان گرتن و ڕاپەڕینی هەڵەبجەو شارەزوور وهەورامان کەبۆماوەی 3 ڕۆژبەردەوام بوو دووکان و بازاڕیان داخست کاریگەری لە سەرناوچەکانی تریش هەبوو, لەزۆربەی ناوچەکان بازاڕو دووکان داخرا بەتایبەتی سلێمانی و کەرکووك, ئەم

ڕاپەڕینەش پشتگیری بوو بۆزانکۆی سلێمانی, چوونکە ڕژێم بڕیاری دابوو کەئەم زانکۆیە بگوێزێتەوە بۆ هەولێر.(3)

................................................................................................................................................

(1)حەکیم مەلاصالح, هەڵەبجە لەئامێزی مێژوودا , سەرچاوەی پێشوو,لا37,38.

(2) هەورامان علی توفیق,هەڵەبجە(کارەساتی ساڵی 1988), سەرچاوەی پێشوو, لا10.

(3)حسین خەلیفە محمد, چەمکێك لەمێژووی کارەساتەکانی کوردستان و هەڵەبجەش لەم مێژووەدا, ناوەندی چاپەمەنی سۆسیالیست, 1999, لا13-14.

(ساڵی 1987 جەماوەری هەڵەبجە لەگەڵ شارەزوورو سیروان و خورماڵ و هەورامان و سید صادق لەڕژێمی عێراق ڕاپە ڕین, لەچەند لایەکەوە ڕوویان کردە دەزگاکانی حکومەت و بەشێوەیەکی بەرفراوان شاری هەڵەبجەی گرتەوە, ئەنجامی ئەم ڕاپەڕینەش کاردانەوەی توندی دەسەلأتی لێکەوتەوە, بەهەڵکوتانە سەر هاولأتیان و ماڵەکانیان, لەم کاردانەوەدا 85 هاولأتی ئەوناوچانەی زیندەبەچاڵ کرد کە جووتیار بوون و خەریکی کار بوون لەسەر کێڵگەکانیان)(1), دوور لەداب و نەریتی مرۆڤایەتی بە دوو وەجبە زیندە بەچاڵ کران, هەروەها گەڕەکێکی هەڵەبجەشی بەناوی گەڕەکی کانی عاشقان تەخت کردوو تەواوی ماڵەکانی ڕووخان و خێزانەکانی دەربەدەربوون هەندێکی بۆ ئێران و هەندێکی تریشی بۆگەڕەك و ناوچەکانی تری هەڵەبجە, هۆکاری پەلاماردانی گەڕەکی (کانی عاشقان)بۆ ئەوە دەگەڕایەوە, کە ڕاپەڕینەکە لەو گەڕەکەوە پەرەی سەندبوو , بۆیە ڕژێم ئەو گەڕەکەی لەگەڵ خاکدا یەکسان کرد , کەژمارەی ماڵەکانیان زیاتر لە 350 ماڵ بوون.

## ڕووداوی کیمیابارانکردنی ساڵی 1988:

ڕووداوی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە یەکێکە لەڕووداوە دڵتەزێنەکانی جیهان, کە تائێستا مەگەر تەنها ناکازاکی و هێرۆشیما ڕووداوی لەو جۆرەیان بەخۆوە دیبێ , مردن و شەهیدبوونی 5000 کەس لەساتێکی کەمداو ونبوونی چەندەها لاوو گەنج و کۆرپەی ساواو بریندداربوونی دەیان هەزاری تر کەتا ئێستا کا ریگەری لەسەر خەڵکی شارەکە ماوە, ئەمە جگە لەوەی کە لەڕووی مرۆڤایەتیەوە زوڵمێکی گەورە لەم شارە کرا, لەڕووی پێکهاتەشەوە گۆڕانکاری گەورە بەسەر ئەم شارەدا هات, بەجۆرێك تا سێ ساڵ ئەو شارە خامۆش بوو , خەڵکەکەی لەشارەکانی تری کوردستان و ناوچەکانی ئێران دەژیان ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر پێکهاتەی کۆمەلأیەتی و کولتووری شارەکە هەبووە کولتوری ئەم شارەی تێکەڵ بەکولتووری تر کردووە, دوای سێ ساڵ کەخەڵکی شارەکە

گەڕانەوە شارەکەیان, لەلایەك خەڵکێکی زۆر نەگەڕانەوەو تائێستاش لەشارەکانی تر ژیان بەسەر دەبەن کەئەمە کاریگەری هەبوو لەسەرگۆڕینی پێکهاتەی شارەکەو گۆڕانی تیادروست کرد, لەلایەکی تریشەوە ئەوەی کەگەڕایەوە گۆڕان بەسەر داب و نەریتیا هاتبوو, واتە کولتووری خەڵکەکە بەگشتی تاڕادەیەك کاریگەری ئەوناوچانەی لەسەربوو کەتیایدا ژیانیان بەسەربردبوو لەو سێ ساڵەدا وەك ئێران .

.........................................................................................................................................

(1) هەورامان علی توفیق,هەڵەبجە(کارەساتی ساڵی 1988), سەرچاوەی پێشوو, 200, لا11.

تاوانی شەهیدکردنی ئەم شارە لەدوونیا دەنگی دایەوە, چونکە ئەم شارە لەدێر زەمانەوە شارێکی مێژوویی بووەو جێگایەکی دیاری هەبووە لەژیانی کولتووری و سیاسی و ئابووری کوردستاندا ,( ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی (70000) کەس بووە , ئەو کارەی ڕژێمی عێراق بەرامبەر بەم شارە کردی بەتاوانێکی دڕندانە وەسف دەکرێت ,چونکە ژیان لەم شارەدا کۆتایی هات, خەڵکەکەی دوای ئەو کارەساتە بەرەو ناوچەکانی تری عێراق و ئێران و ناوچە سنووریەکان کۆچیان کرد, ئەم ڕووداوە بەجۆرێك دەنگی دایەوە کە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی وولاَتانی دوونیا ڕاپۆرت و وێنەی فیلمی ڕووداوەکانی هەڵەبجەیان بلاَو کردەوە, هەر لەم بارەوە نوێنەری سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی نەخۆشخانەکانی ئێران و عێراقی کردووەو ئەوڕاستی یەی تۆمار کردووە کەچەکی کیمیایی لەدژی خەڵکی کوردستان بەکارهاتووە).(1)

ئەم ڕووداوە لەکاتی شەڕی درێژخایەنی ئێران عێراقدا ڕووی دا, دوای ئەوەی هێزە کوردیەکان لەگەڵ ئێران یەکیان گرت, بەو پێ یەش ئێران دەهاتە ئەو ناوچانەوە کەهێزە کوردیەکانی لێبوو, هەر بۆیە ڕژێمی عێراقیش هەستی بەمەترسیەکی گەورە کرد لەم هاوپەیمانێتیە و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەش کاردانەوەی ئەو مەترسیە بوو.(2)بەلاَم هەرچیەك بێت زوڵمێکی گەورە لەم شارە کرا.

ئازاری 1988 هێزەکانی ئێران بنکەو بارەگاکانی سوپای عێراقی لە هەڵەبجەو دەوروبەری کردە ئامانج , کاتێك لە1988/3/14 ئێران هێرشێکی بەربلاَوی لەچەند لایەکەوە کردە سەر ناوچەکە, بەمەبەستی سیاسی خۆی, دوای شەڕێکی توند لەنێوان هێزی عێراق لەلایەك و هێزی ئێران و پێشمەرگەش لەلایەکی تر, وردە وردە هێزەکانی عێراق شکان و لە1988/8/15 هێزەکانی ئێران توانیان بێنە ناو شارەوە, واتە شاری هەڵەبجە کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی ئێران, دانیشتووانی هەڵەبجە بەرامبەر ئەم هێرشە بەرگریان نەکرد, چونکە کوردەکانیش

لەگەڵ ئێران ڕێکبوون واتە پێشمەرگە, هەربۆیەڕۆژی دواتر سوپای سەدام وەڵامی ئەم پێشڕەوییەی بەبۆمبای ناپاڵم دایەوە بەجۆرێك بەشێکی گەورەی شارەکەو دانیشتووانەکەی کۆمەڵکوژ کرد.(3)

......................................................................................................................................................

(1) مارف عوومەر گوڵ, جینۆسایدی گەلی کوورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا, لەچاپکراوەکانی یانەی کوردی میدیا,ئەمستردام, هۆڵەندا,1997, لا35,36.

(2)ڕێکخراوی(v.i.s.d.p) ی ئەڵمانی, کوردستان(گەورەترین هێرش..), و/:ناسح ابراهیم دزەیی,چاپخانەی خانی دهۆك, 2008, لا10. (3) د.مایکڵ جەی, تارماییەکانی هەڵەبجە, و:کارزان محمد, چاپخانەی پیرەمێرد, 2015 , لا75,76 .

لە1988/3/16 کاتژمێر(11) نیوەڕۆچوار فڕۆکەی عێراقی هات وگەڕەکی سەرای بەناپاڵم بۆمبارانکرد لەوڕووداوەدا ژمارەیەك خەڵك شەهیدو برینداربوون بەهۆی ئەمەوە خەڵکی شارەکە هەمووی ڕووی کردە ژێرزەمینەکان و هەندێکیشی بەرەو لادێکانی دەورووبەری دەڕۆیشتن تا بگەنە سنووری ئێران , بێگومان پلانی دەسەڵات ئەوەبوو کەخەڵك بچێتە ژێر زەمین بۆئەوەی کاتێ کیمیایی ڕژاند ئامانجی خۆی بپێکێ و کەس لەمەرگ ڕزگاری نەبێ, ئنجا لەدوای سەعات 3 وە فڕۆکەکان هاتنەوەو دانیشتووانی شارەکەیان بەبۆمبی کیمیایی کیمیا باران کرد.لەئاکامی ئەم زوڵم و زۆرە زیاتر لە 5000 کەس شەهید بوون وهەزارەهای تریش برینداربوون . ئەم کارەساتەی هەڵەبجە دنیای هەژاندو زۆربەی گەلانی دنیادەنگی ناڕەزاییان بەرز کردەوە.(1)

شاری هەڵەبجە بەسێهەم شار هەژمار دەکرێت لەمێژووی مرۆڤایەتیدا, کەلەدوای شاری ناکازاکی و هێرۆشیمادێت , (2) جگە لەم ژمارەیە کەڕاستەوخۆ شەهیدبوون , ژمارەیەکیش لەوانەی کەوتنە بەر کیمیابارانەکە , لەبەر سەختی برینەکانیان گیانیان لەدەست دا, بەمەش بەڕای هەندێك ژمارەی قوربانیانی کیمیابارانکردنەکەی ئەم شارە بەمەزەندە خۆی لە(دە هەزار) کەس داوە.(3)ئەم تاوانە ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە لەلای وولأتانی جیهان و ئەوروپی و کۆمەڵێك لەڕێکخراوە جیهانی و مرۆڤ دۆستەکانەوە ئیدانە کرا, فەرەنسا یەکەم دەوڵەتی ئەوروپا بوو ,کەوەزیری دەرەوەی خۆی ناردە بەغداتاڕووبەڕوو بەڕەسمی ناڕەحەتی خۆی لەڕژێمەکەی بەغدا بگەیەنێ.(4)

ئەم ڕووداوە بووبە سونبولی ناساندنی ئەم شارەو لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەنگی دایەوە , هەروەها نەتەوەی کوردی بەجیهان ناساند, بۆیە کاتێك لەهەرشوێنێکی جیهاندا ناوی کورد ببرێ باسی هەڵەبجەش دەکرێت, ئەم تاوانە بەتاوانی جینۆساید ناسێنرا لە پەرلەمانی عێراق, هەر لەبەرگەورەیی ئەم ڕووداوە وێنەیەکی تایبەت لەشارەکەدا درووست کراوە بۆناساندنی ئەم تاوانە و کراوە بەمەزاری شەهیدانی ئەم کارەساتەو ناوی ئەو پێنج

**هەزار شەهیدەی تیا تۆمارکراوە کە لەڕووداوەکەدا شەهید بوون  و پێنج هەزار کێلیان بۆ درووست کراوە ,**

**هەروەها هەندێ وێنەی گرنگ و دڵتەزێنی ئەو ڕووداوەشی تیا دانراوە, ئەم مەزارە لە دەروازەی شاردا دروست**

.......................................................................................................................................

(1)حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی, لەشنروێ وە بۆ ستۆکهۆڵم, سلێمانی ,بێ شوێنی چاپ,2000, لا221,220.

(2) عەبدوللا غەفور, ئەوانی تر ,ڕاگوێزانی کوورد لەمێژوودا, سوید, 1991, لا51.

(3) د.عەبدوڵلا غەفور, جوگرافیای باشووری کوردستان, چاپی یەکەم, چاپخانەی ڕەنج, سلێمانی ,2008, لا134.

(4) شەوکەتی حاجی مشیر ,هەڵەبجە دوژمنانی کوورد رسوا ئەکات, بەشی یەکەم ,بێ شوێنی چاپ, 1996, لا1-6.

**کراوە, کاتێك هەرکەس سەردانی ئەم شارە بکات یەکەم شوێنێك, کە دەیبینێ ئەم مەزارەیە کە جێ ی سەرنجی**

**سەردانکەران و گەشتیارانی ئەم شارەیە.**



وێنەی مەزارەکەی هەڵەبجە کەناوی (5)هەزار شەهیدەکەی تیانووسراوە

### دووەم:دەسەلاّتی جافەکان لەهەڵەبجەدا

کاتێك باس لەمێژووی دروست بوون یان ئاوەدانی یان هەر شتێکی تری هەڵەبجە دەکرێت باسی جافەکانیشی تێکەڵ دەبێت چونکە بەپێی نووسراوە مێژووییەکان ئەم جافانە لە قۆناغێکدا هەڵەبجەیان ئاوەدان کردووەتەوە یان بەمانایەکی تر جافەکان زیاتر دەسەلاًتداریێتی هەڵەبجەیان کردووە, ئەم خێڵە لەکۆندا خێڵێکی کوردی کۆچەری بوون لەسنووری(کفری) و(شیروانە) تا (کەلی) خان و دەورووبەری (سنە) هەبوون , ئەم جافانە بەوە وەسف دەکرێن, کەتەنها خێڵێ ناهێڵێ ناکۆکی بکەوێتە ناویانەوە, ئەمەش بەهۆی ژیری و توانایی و بیرتیژی گەورەکانیانەوەیە, بەڵگەش بۆ ئەمە مەحموود پاشای سەرۆکی هۆزی جاف شانازی بەوەوە دەکرد کەوا لەماوەی چەند سەعاتێکا ئەتوانێ چوار هەزارسواری چەکدار کۆبکاتەوە,(1)

لەناوکوردا جافەکان بەرەگەز کوردو ڕەچەڵەك ساغ و ڕەسەن دادەنران, بەگرنگترین و گەورەترین هۆز دادەنران لەکوردستانی خوارووداو بەوشەی کورد لە خێڵەکانی ترجیادەکرانەوە بەو مانایەی کاتێ بتووتایە کورد یان کوردەکان بەمانای جاف یان جافەکان دەهات, بەو شێوەیە وشەی کورد یەکسانی وشەی جاف بوو,(2) خێڵی جاف سەرچاوەی نائارامی و دڵە ڕاوکەی دەوڵەتەکانی ئێران و تورك بوون, چونکە لەو کاتەداو تاسەردەمانێکی زۆریش هەزار سواری پڕچەکیان هەبووەو ئامادەی شەڕوپەلاماردان بوون لەهەرساتێکدا پێویست بکات, خێڵی جاف هۆکارێکی ڕاستەقینەی سیاسەتی باشووری کوردستانە)(3)

لەساڵی(1889) ی زاینی دا هەڵەبجە بووەتە قەزاو قائمقامیەتی تێدا بووە و یەکەم قائمقامی هەڵەبجە (وەسمان پاشای کوڕی محەمەدپاشای کوڕی خەسرەو پاشا)ی جاف بووە, بەپێ ی هەندێ سەرچاوەش لەساڵی 1922 بووەتە قەزا , هەر لەو ساتەوە ئەو شارە سەنگ و قورسایی خۆی لەبڕیارو هەڵوێستەکاندابووە , وەسمان پاشا تاساڵی (1920) ژیاوە و پیاوێکی بەدین و خاوەن هەڵوێست وئازابووە و چاوساغ و حوکمڕانی ناوچەکە بووە(4)

.................................................................................................................................

(1)کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف,تەئریخی جاف,چاپی یەکەم, بەبێ شوێنی چاپ,1995, لا62.

(2)مەحمود عەزیز حەسەن, کورتەیەك لەمێژووی هۆزی جاف و باسی هەندێك لەتیرەکانی , چاپخانەی نەورەس, 1985,لا28.

(3) مەیجەرسۆن, سلێمانی ناوچەیەك لەکوردستان, وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە مینە, چاپی یەکەم ,سلێمانی, 2007, لا88.

(4) سەلام مستەفا, شانزەی سێ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید, سەرچاوەی پێشوو, لا130.

(سۆن) لەبارەی وەسمان پاشاوە دەڵێت, کاتێ ویستم بچم بۆ هەڵەبجە بازرگانێکی سلێمانی هاوڕێم منی پێشکەشی وەسمان پاشا کردوو ووت( ئەمەبازرگانێکی فارسەو ئارەزووی هاتنی هەڵەبجەی هەیە) پاشاش

بەشێوەیەکی فارسی وزمانەوانی وتی بابێت, دوای ئەوە بێ دەنگ بوو, ئەم بێ دەنگی و کەم دوویی یە دیاری یەك بوو لە خوو ڕەوشتی سەرۆکەکانی جاف, ئەمەهەڵێکی باش بووبۆمن هەتا بتوانم بەباشی سەرنجی پیاوێك بدەم و تێ بگەم کە ناوبانگی بەهەموو لایەکی کوردستاندا دەنگی داوەتەوە , لەهەمان کاتیشا سەرۆکی خێڵی جافەو فەرمانڕەوای ناوچەی هەڵەبجەو شارەزووریشە(1)

سەبارەت بەسەرکردەکانی جافیش (سۆن) دەڵێت: دوای ئەوەی وەسمان پاشا لە ساڵی(1327) ی کۆچی کۆچی دوایی کرد, کەتا ئەو کاتە قایمقامی هەڵەبجەبوو,(2) لەدوای ئەو لەساڵی 1909 مەجید بەگی کوڕی ماوەیەك شوێنی باوکی لەپلەی قایمقامێتی دا گرتووەتەوە , بەلاَم حەسەن فەهمی کوڕی عەلی بەگی مەحمود پاشای جاف بۆچوونێکی دیکەی هەیەو دەڵێت لەدوای مردنی عوسمان پاشا تاهیر بەگی کوڕی جێگای گرتووەتەوە (3)

تاهیر بەگ کوڕی عادیلەخانم بووە کەسێکی زیرەك و بەتوانا بووە, بەچوار زمان قسەی کردووە (کوردی, فارسی, عەرەبی, تورکی), ئەوەی زیرەکی تاهیر بەگی دەرخست لە سەردەمی عوسمانی یەکاندا هاتنی مێجەرسۆن بوو بۆ کوردستان و دواتر بۆماڵی وەسمان پاشای باوکی تاهیربەگ لەهەڵەبجە , کەنزیکەی شەش تا حەوت مانگ لەماڵیان مایەوە , خۆی ناونابوو (غولام حسین) , ئەم کابرایە چاکترین خزمەتی تاهیر بەگی دەکرد, تاهیر بەگیش هەستی دەکرد ئەم خزمەتکارەی ڕەوشتی لەوانی تر جیاوازترە , دوای ئەوەی تاهیر بەگ زانی (مێجەرسۆن) فەرەنسی دەزانێ , لەهەندێ کاروباری تایبەتیدا بەفەڕەنسی لەگەڵی دەدوا, بەلا م دوای ئەوەی زانی مێجەرسۆن ئینگلیزەو ئێرانی نی یە, داوای لێ کرد لەهەڵەبجە بڕوات تا پێ یان نەزانیوە ئەگینا دەیکوژن , ئنجا مێجەرسۆن لەهەڵەبجە دەرچوو, مێجەر سۆنیش لەبارەی ئەم گەڕانەیەوە کتێبێکی دانا زۆر باسی زیرەکی و ژیری تاهیر بەگی تێدا کردووە .(4)

............................................................................................................................................................

(1)مەحمود عوزیز حەسەن, کورتەیەك لەمێژووی هۆزی جاف و باسی هەندێك لەتیرەکانی,سەرچاوەی پێشوو, لا29,34 .

(2) حەسەن فەهمی بەگی جاف, مێژووی هۆزی جاف و مەحموود پاشای جاف, چاپخانەی دێکان,لا56.

(3)عادل صدیق علی, چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە, چاپخانەی کەمال, سلێمانی, 2011, لا172.

(4)مەحمود عوزیز حەسەن,هەمان سەرچاوەی پێشوو, لا31,30,26.

محمد پاشاش یەکێکی تربووە لەسەرکردەکانی جاف کە لەدوای مردنی( کەیخەسرەو بەگ)ی باوکی لەتەمەنی(14)ساڵیدا لەلایەن بەگزادەکانەوە دانرابە سەرۆکی عەشیرەتی جاف, بۆچوونێکی تر دەڵێت

لەساڵی(1248) دا محەمەد پاشا بەتەمەنی(16) ساڵیەوە بووە بەسەرۆکی جاف و قایمقامی هەڵەبجە, محمد پاشا پیاوێکی زۆر ئازاو ژیرو چاو نەترس بووە توانیویەتی هۆزی جاف یەك بخات و بیانکاتە خاوەن دەسەڵاتێکی گەورەو فراوان, سەری بۆ کار بەدەستانی حوکومەتی ئێرانی و عوسمانی شۆڕ نەدەکرد, هەردوو دەوڵەت هەمیشە مەترسیان لێ ی هەبوو, بۆیە

هەوڵیان داوە لەڕێ ی میرنشینەکانەوە یان لەڕێی دوژمنانی تری خێڵی جافەوە لەناوی بەرن. لەساڵی (1881) دا مەحموود پاشا بوو بەسەرۆکی جاف و بەگزادەو قایمقامی هەڵەبجە کەکوڕە گەورەی محمد پاشابووەو دۆستی نزیکی مەولەوی شاعیربووە ماوەیەك قایمقامی هەڵەبجەو سەرۆکی خێڵی جاف بووە, دەوڵەتی عووسمانی پلەی (پاشا)یەتی پێ بەخشی و دانیان پیانا وەك سەرۆکی خێڵی جاف(1). لەدوای کوژرانی حەمە پاشالەلایەن عوسمانییەکانەوە مەحمود پاشا بوو بەقایمقامی هەڵەبجە و سەرۆکی خێڵی جاف, دوای ماوەیەك لەسەرۆکایەتی, لەدوا ساڵەکانی ژیانیدا, کاتێ زانی ئینگلیز بەتەواوەتی بەسەر ناوچەی کوردستاندا زاڵ بووە و خۆیشی لەبەر پیری و لاوازی توانای مامەڵەکردن و بەربەرەکانێ ی لەگەڵ ئینگلیزدانی یە, وازی لەسەرۆکایەتی خێڵی جاف هێنا بۆ کەریم بەگی فەتاح بەگی برازای.(2)

دوای ئەوەی جافەکان ماوەیەك دەسەلاتیان لەدەست دا , جارێکی دیکەو لەگەڵ هاتنی ئینگلیزو دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحمودا پلەی قایمقامیەتی شاری هەڵەبجە کەوتەوە دەست بەگزادەکانی خێڵی جاف , لە سەردەمی یەکەم حکومەتی شێخ دا ئەحمەد موختار جاف وەك قایمقامی هەڵەبجە دیاری کرا, ئەگەر چی هەندێك لەنووسەران حامید بەگی مەجید بەگی برازای وەك یەکەمین حکومەتی شێخ دیاری دەکەن, بەلاّم سەرچاوە مێژووییەکان دەیسەلێنن کە ئەحمەد موختار ئەو پۆستەی وەرگرتووە نەك حامید بەگ, وەرگرتنی ئەو پلەو پایەیە لەلایەن ئەحمەد موختارەوە لەوکاتەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگەی, کە بنەماڵەکەی و لەنێویشیاندا عادیلە خانمی دایکی لەناوچەکەدا دەیانگێڕا, خێڵی جافیش لەناوچەکانی باشووری کوردستاندا

............................................................................................................................................

(1) عادل صدیق, هەڵەبجە(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی ), سەرچاوەی پێشوو, لا59,53,52.

(2)کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف, تەئریخی جاف,سەرچاوەی پێشوو, لا93,65 .

سەنگ و قورسایی خۆی هەبوو,  گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین, کە ئەوکاتەی ئەحمەد موختار جاف قایمقامی هەڵەبجە بووە شێخ مەحموود لەئاوارەیدا بووە, بەڵام هیچ کاتێك خۆی وەك دوژمنی شێخ و ئامانجەکانی نیشان نەداوە.(1)

## ڕۆڵی عادیلەخانم لەدەسەڵاتداریێتی جافەکاندا

خانمی وەسمان پاشا یان(عادیلەخانم) کەکچی (عبدالقادری ساحێبقرانی سنە) بووە, ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لەکاتی دەسەڵاتی جافەکان لەهەڵەبجەدا, عادیلەخانم بەبیرکردنەوە ڕوونەکانی یارمەتی (عوسمان پاشا)ی هاوسەری ئەداو لەهەموئیشێکا ڕابەری ئەکرد جگە لەهەڵسوڕاندنی کاروباری ماڵ وعەشیرەت, ڕۆڵی گرنگی هەبوو  لەکاروباری کۆمەڵایەتیدا, بەمەش پلەو پایەکی بەرزی بۆخۆی بەدەست هێنا, هەروەها کاروباری ناوچەی شارەزووروخێڵی جافی خستبووە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و هیچ کاروبارێکی میری جێ بەجێ نەئەکرا بەبێ ڕاوێژ کردنی ئەو, زۆر گیروگرفتی دەهێنرایە لاو بەدادپەروەرانە یەکالآی ئەکردەوە , بۆ ئەم مەبەستەش بەندیخانەیەکی تایبەتی درووست کردبوو, لەسەردەمی ئەمدا هەڵەبجە ئاوەدان کرایەوەو بەرەو شارستانیەت کشا, سنووری دەسەڵاتی عادیلە خانم تەنها بریتی نەبوو لەناوچەی شارەزوور , بەڵکو فەرمانەکانی لەئەردەڵانیش جێ بەجێ ئەکراوبەسەرکردەی خۆیانیان ئەزانی (2), زۆربەی ئیش و کاری حکومەتی گرتبووە دەست و, زۆر بە نەفەس بووە.(3)

(میجەرسۆن)بەمەبەستی تایبەتی خۆی سەردانی هەڵەبجەی کردووەو ماوەیەك لەدیوەخانی عادیلە خانمدا ژیاوە , باسی جم و جۆڵەکانی عادیلە ئەکات و ئەڵێت: عادیلە خانم لەگەڵ هۆزەکەیدا گەلێ ڕێك و گونجاوبووە و بە باشی ئامۆژگاری و ڕینماییانی کردووە و لەگەڵ ئەوەیشدا ئافرەتێکی چاك و کەیبانوویەکی ڕێك و پێك بووە ,(4) دواتر(سۆن) دەڵێت عادیلە خانم کۆمەڵێك کاری گرنگی ئەنجام داوە بەجۆرێك هەڵەبجە لەگوندێکی وێرانەوە

..........................................................................................................................................

(1)عادل صدیق علی, چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە, سەرچاوەی پێشوو, لا174, 178.

(2)عبدالجبار محمد الجباری, ئافرەتە ناودارەکانی کورد, وەزارەتی کاروباری شیمال, بەبێ شوێنی چاپ,  1969,  لا19.

(3)محمد أمین زەکی , تاریخی سلێمانی, چاپخانەی النجاح لەبەغداد, 1939, لا71.

(4)عبدالجبار محمد الجباری, سەرچاوەی پێشوو, لا20.

بووە بەشارۆچکەیەکی پێشکەوتووی ڕازاوە , هەندێك لەو کارەگرنگانەش :

1.درووست کردنی سێ خانوو (کۆشك) ی زۆر گەورە لەسەرشێوازی کۆشکەکانی شاری سنە لەهەڵەبجەدا.

2. دامەزراندنی دادگایەکی سەربەخۆی تایبەت کەخۆی بەرپرسی تایبەتی دادگا بوو .

3. درووست کردنی بەندیخانەیەکی نوێ لەشارەکەدا.

4. دەستێکی باشی خستە ناو شارەوانی شارەکەوە , لەسەردەمی ئەودا هەڵەبجە بووە شارێکی ئاوەدان و جوان.(1)

ئەمانەو چەند کارێکی گرنگی تر, مێجەرسۆن لەبارەی چوونی بۆهەڵەبجەو بینینی عادیلەخانمەوە دەڵێت: بەڕاستی لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامدا ئافرەتی وەها بێ وێنە کەم هەیە, بەدەگمەن ئافرەتی وا خاوەن دەسەڵات هەبێ بەدەستی خۆی توانای بەکارهێنانی چەکی هەبێ و هەڵکەوتە بێ ,(2)کاتێکیش باس لەهەڵەبجە دەکات دەڵێت (هێشتا عادیلە خانم هێزێکی گەورەیەو هەموو ناکۆکی و کێشەکان دەگەڕێنەوە بۆلای ئەو , تەنانەت قازی و پیاوانی ئاینیش, کەلەلایەن تورکیشەوەدامەزراون, بێ ڕەزامەندی ئەو ناتوانن بڕیار لەسەرکارێ بدەن , بەر پرسە تورکەکانیش ئەگەر بیانویستایە بچنە دیوەخانەکەی دەبوایە لەڕێ ی تایەربەگ و مەجیدبەگەوە ببرانایەتە خزمەت خانم, دیوەخانەکەشی لەلایەن کارمەندی ئێرانیەوە بەڕێوە دەبرا کەفارسیەکی باشی دەزانی و نامەی پێ دەنووسی و ئاخاوتنیشی پێ دەکردن). (3)

ئەوەی لەمێژووی هەڵەبجەدا جێگەی سەرنجە , بوونی ڕۆڵی ژنە , لەو سەردەمەی کە لەزۆر جێگای کوردستان دا , بەتایبەت لەقەزاو شوێنە بچوکەکاندا ئافرەت ڕۆلی نەبووە, بەلأم لەهەڵەبجەدا وانەبووەو ئافرەت شان بەشانی پیاو ڕۆڵی هەبووە,نموونەش بۆ ئەمە بوونی کەسایەتییەکی وەکو عادیلەخانم, کە لە مێژوودا وێنەی کەم بووە, ئەگەر سەرنج بدەین ئەم بیرکردنەوەیە بەرامبەر ئافرەت, لەم شارەدا بوونی هەیە, ئەمەش لەکاتی سەردانی ئەم شارەدا دەردەکەوێت, کە ئافرەت لەزۆر دام و دەزگاکاندا دەبینرێت بەڕێژەی زیاتر لەپیاوان, هەروەها لەفرۆشگەو شوێنە گشتی یەکانیشدا ئافرەت بەرچاو دەکەوێت و شتێکی ئاسایی یە.

.................................................................................................................................

(1)عادل صدیق علی, عادیلەخانم کەسایەتی و ئەردەلأنی بوون و ساحێبقرانی بوونی, مەڵبەندی کوردۆلۆجی, سلێمانی,2010, لا47,46.

(2)مەحمود عوزیز حەسەن, کورتەیەك لەمێژووی هۆزی جاف و باسی هەندێك لەتیرەکانی , سەرچاوەی پێشوو, لا36.

(3) مەیجەرسۆن، سلێمانی ناوچەیەك لەکوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا128.

## هەڵوێستی جافەکان بەرامبەر پیاوانی ئاینی

جافەکان هەمیشە ڕێزی پیاوانی ئاینیان گرتووە، لەم ڕووەوە عادیلە خانم دەڵێت، ئەوەندەی ئاگادارم ئەگەر یەکێك لەڕابردوودا لەچینی مەلاو شێخ وفەقێ و سەید خراپەیەکیان بەرامبەر بەمیرەکانی جاف یاخەڵکی تر بکردایە، گەورەکانی جاف دەستیان لێ دەپاراستن، منیش نامەوێت لەو ڕێبازەی ئەوان لابدەم , میرانی جاف هەرگیز دەستی کووشتنیان لەمەلاو فەقێ نەدەوەشاند , هەرئەم ڕێزگرتنەشیان لەپیاوان و خەڵکانی ئاینی وایلێکردوون کەلەڕێگەی ژن و ژنخوازیەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ساداتی نیشتمانی بەرزنجەدا دروست بکەن، سەرەڕای ئەمەش بەگزادەو پاشاکانی هەڵەبجە بەوە ناسرابوون کەڕێزێکی زۆریان لەمزگەوت و زانایانی ئاینی و فەقێ گرتووە، ژمارەیەکی زۆر لەو مزگەوتانەی، کەدەکەوتنە سنووری قەلەمڕەوو دەسەڵاتی ئەمانەوە لەلایەن میرەکانی جافەوە درووست کراون وهاوکاری زۆری زانایانی ئاینی و مەدرەسەو قوتابخانە ئاینی یەکانیان کردووە. بەڵگەش بۆ ئەمە زێوەری شاعیرلەبارەی مەحموود پاشای جافەوە دەڵێت لەکاتێکدا کەمەحموود پاشا قایمقامی هەڵەبجە بوو دەسەڵاتێکی زۆر لەکوردستاندا پەیدا دەکات بەو هۆیەشەوە پەیوەندی لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکانی ئێران و عێڕاقدادروست دەکات ,هەروەها هەموو ئەو دێیانەی، کە لەقەڵەمڕەوی جافدابوون لەلایەن پاشاوە مووچە بۆ مەلاو وەقف بۆ مزگەوتەکانیان دابین کرابوو. (1)

هەروەها(عادیلەخانم)حەزی بەخزمەت کردنی ئاین و ئاین پەروەران کردووە، بۆئەم مەبەستە مزگەوتێکی لەهەڵەبجەدا درووست کردووە بەناوی خۆیەوە),(2) تێچوون و پێداویستی مزگەوت و مەلاو فەقێکانی لە ئەستۆگرتووە، ئەم مزگەوتە هەتا ئێستاش ئاوەدانە بەناوی مزگەوتی خانم، سەرباری ئەمەش هاوکاریەکی باشی قووتابخانە ئاینی یەکان و زانایانی ئاینی ناوچەکەی دەکرد.(3)ئەم داب و نەریتەی جافەکان ئێستاش درێژەی هەیە لەوەدا، کەئەم شارە لەژمارەی مزگەوتدا دەوڵەمەندە، کەلەدواتردا باسی دەکەین.

.......................................................................................................................

(1)عادل صدیق علی، چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە، سەرچاوەی پێشوو، لا118,116.

(2) سەلام مستەفا، شانزەی سێ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید، سەرچاوەی پێشوو، لا130.

(3)مەلامحەمەدی چرۆسانی, یاداشتەکانی مندالی و بەشێکی سەردەمی فەقێیەتی مامۆستا, پێشکەش کردنی محەمەدی مەلا کریم, چاپخانەی (الحوادث), بەغداد,1984, لا22.

## سێیەم: سیما شارستانیەکانی شارو فراوان بوونی.

بەشاربوونی هەرشوێنێك پێوەری جیاوازی هەیە لای زانایانی بواری کۆمەڵناسی و ئەنثرۆپۆلۆجی, لەو پێوەرانەش بوونی کۆشك و تەلار,خوێندنگە, شوێنی مێژوویی, پیشە, نەخۆشخانە و ....هتد.دیارە ئەم پێوەرانەش بەپێ ی تێپەڕبوونی مێژوو گۆڕانیان بەسەردا هاتووە, لە ڕابردوودا سیما شارستانیەکانی هەرشارێك بریتی بووە لەهەبوونی قەڵاو شوورە مزگەوت و قوتابخانە ئاینیەکانی وەکحوجرەی مزگەوتەکان و خانەقاو تەکیەکان) و هەبوونی قەیسەری و بازاڕو گەرماوو شوێنی میوانداری وەك (خان) و کۆشك و تەلاری ڕازاوە, کەهەندێکی لەباسی دووەم ئاماژە پێ دەکەین , دیارە کە هەڵەبجەش بێ بەش نەبووە لەبەشێکی زۆری ئەو سیما شارستانیانە, (بەتایبەت لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو بەتایبەتی تریش دوای نیشتە جێبوونی پاشاو بەگزادەکانی جاف لەهەڵەبجە , چونکە ئەوان خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بەهێزبوون, هەربۆیە دوای جێگیربوونیان لەشارەکەدا پاشاو بەگزادەکانی جاف دەستیان کردبەبوونیادنانی مزگەوت و بازاڕو گەرماو و قەیسەری و بەندیخانەو کۆشك و تەلاری جوان و رازاوە بۆخۆیان.

پاشاکانی جاف گرنگی زۆریان دەدا بەکۆشك و تەلار, شێوەی ئەندازەیی کۆشکەکانیان نەك هەر لەهەڵەبجەدا بەڵکوو لەهەموو ناوچەکەدا زۆر کەم و دەگمەن بوو, شاکر فەتاحیش سەبارەت بەهەڵەبجەو لایەنی ئەندازەیی کۆشکی عوسمان پاشای جاف ئاوا دەدوێت "ئەوەی لەدوورەوە بێتە هەڵەبجەوە ریزە خانوویەکی بەرچاو دەکەوێ شارێك لەشارە ڕازاوەکانی ئەوروپای دێتەوە بیر,ئەم خانووانە هی وەسمان پاشاو تاهیربەگوحامید بەگ و دەوڵەمەندەکانی تری هەڵەبجەیین. ئێمە چووینە ماڵی وەسمان پاشا لای ئەحمەد موختاربەگی کوڕی, بەڕاستی کۆشکێکی ناوازە بوو",(1) هەرلەم شارەدا کۆمەڵێك شوێنی بەناوبانگ هەبووە لەناو شارو دەوروبەری جگە لەبینا کەلە باسی دوودا باسی لێوە دەکەین وەك بوونی قەڵا و شوێنەوارە مێژوویی و ئاینیەکانا کە ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوروو بەری خۆیان و بەشارستانی بوونی شاردا.

مێجەرسۆنیش سەبارەت بەم لایەنە بەم شێوەیە باسی هەڵەبجە دەکات :ئەڵبجە یان وەك کوردەکان دەڵێن (هەڵەبجە) زێدی عوسمان پاشاو تایەر بەگ و مەجید بەگ و عادیلە خانمی جافە و کۆشکی زۆر گەورەیان لێرە

.....................................................................................................................................................

(1)عادل صدیق علی, چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە, سەرچاوەی پێشوو, لا218,210,209.

هەیە, عادیلەخانم قەیسەریەکی زۆرجوانی درووست کردووە, کەسەقفەکەی لەخشت دروست کردووەو بەشێوازی گومەزی بووە, (54) دوکانی چاکی لەخۆگرتووە, مانگی بەدووقڕان داویەتی بەکرێ بەهاوولاّتی و جوولەکەکان, هەموو شتێك لێرە شیاوی ئەوەیە کەدەست بکەوێت, ناوچەکە پڕە لە بەرگدروو و کوتاڵفرۆش , قەساب, بەقاڵ و چێشتخانەو دوکانی خەیاتی و هەموو پێداویستییەکانی تری ژیان, لەگەڵ میوەیەکی زۆرباش, خەڵکی غەریب کەدەچنە هەڵەبجە دەتوانن لەماڵاندا ژوور بەکرێ بگرن, خۆ ئەگەر خەڵکانێ بن لەسەروو خەڵکی ئاساییەوە دەبرێنە میوانخانە , کەعادیلە خانم خۆی خاوەنی هەڵەبجەیەو دەیباتە ماڵی خۆی.) (1)

## پەیدابوونی قوتابخانەو شوێنە گشتی یەکان لەهەڵەبجەدا:

,سەبارەت بەمێژووی دەرکەوتنی قوتابخانەو نەخۆشخانەو شوێنەحوکمیەکانیش لەشاری هەڵەبجەدا لە سەردەمی جافەکاندابوە, دوای ئەوەی عادیلە خانم وەك کاری خۆی هەندێ شوێنی دانا وەك دادگاو گرتووخانە ....هتد ,لەگەڵ ئەمانەشا هەندی لەدامەزراوەی تر سەریان هەڵدا. ئەوەی زۆر گرنگە باسی بکرێت درووست بوونی قوتابخانەیە,بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژووییەکانی دەوڵەتی عوسمانی مێژووی درووست بوونی یەکەمین قووتابخانەی سەرەتایی لەهەڵەبجەدا دەگەڕێنەوە بۆ دوای ساڵی (1892) ز, ئەم قوتابخانەیە ش یەك مامۆستای هەبووە لەگەڵ سی خوێندکار , ئەم قووتابخانەیە بینای نەبووە و خوێندکارەکانی لەخانووی حامید بەگی مەجید بەگی وەسمان پاشا دەیانخوێند, تاهیر بەگی شاعیریش زۆر جار سەردانی ئەم قوتابخانەیەی دەکردو خەلاّتی بەسەردا دابەش دەکردن.

هەر ئەم قوتابخانەیە بەهۆی شۆڕشی شێخ مەحمودەو بۆ ماوەی ساڵێك داخراوەو دواترکراوەتەوە , لەساڵی 1920 ئەم قوتابخانەیە بووەبە سێ پۆل , قوتابییەکانیشی زۆربەیان جوولەکەو هەورامی و گوند نشین بوون و هەندێکیشیان خەڵکی ناوشاری هەڵەبجەخۆی بوون, یەکێك لەو مامۆستانەی لەم قوتابخانەدا وانەی وتووەتەوە گۆرانی شاعیر بووە کەلەساڵی (1925) بەپیشەی مامۆستایی لەقوتابخانەی هەڵەبجە دامەزراوەو ماوەیەك لەم شارەدا خزمەتی کردووە.(2)

.....................................................................................................................................................

(1) مەیجەرسۆن, سلێمانی ناوچەیەك لەکوردستان, سەرچاوەی پێشوو, لا53.

(2)عادل صدیق علی, چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە, سەرچاوەی پێشوو, لا15-38.

سەبارەن بەخوێندنی کچانیش لە قوتابخانەی سەرەتایی هەڵەبجە ,(شەمسەی کچی ئەحمەد موختارجاف)دەڵێت :لەکاتی منداڵیمدا لەهەڵەبجە تەنها قوتابخانەیەکی کوڕانی لێ بوو ,باوکم ئەوەندە حەزی بەخوێندەواری من دەکرد خستمیە ئەو قوتابخانەی کوڕانەوە, هەتا جاری واهەبووخەڵکی لەناوخۆیانا باسیان لەوە دەکرد چۆن دەکرێت کچێك بەتەنها لەناو کوڕاندا بخوێنێت , دەشڵێت من تاپۆلی دووەم لەناو ئەو کوڕانەدا خوێندم.ساڵی (1930) دوای ئەوەی موتەسەریفی سلێمانی سەردانی شاری هەڵەبجە دەکات و شەمسەی کچی ئەحمەد موختارجاف داوایەکی لەبەردەم خەڵکانێکی زۆردا ئاڕاستە دەکات, لەسەر داوای (شەمسەو) دوای دووهەفتە قووتابخانەیەکی کچان لە هەڵەبجە کرایەوە, بەم شێوەیە قوتابخانەی کچانی سەرەتایی شانبەشانی قوتابخانەی کوڕانی سەرەتایی کراوەتەوە.

لەساڵی (1945)یش بۆیەکەم جار ناوەندی هەڵەبجەی کوڕان کرایەوە, لەساڵی (1956)یش قوتابخانەی (هەڵەبجەی تێکەڵاو) کرایەوە لەگەرەکی پاشاو ...هتد, بەم جۆرە لەساڵی 1892 یەکەمین قوتابخانە درووست کراوە و تاساڵی 1958 قۆناغێکی مێژوویی بووە. لەمێژووی خوێندنی ئەم شارەدا(1)

سەبارەت بەمێژووی دروست بوونی نەخۆشخانەش ساڵی 1929 هەڵەبجە بوو بەخاوەنی یەکەم نەخۆشخانە ,(2)بەگوێرەی مەرسومی جمهووری ژمارە 311 رۆژی 1989/6/28 ش خەستەخانەیەکی تیایە کە(5)پزیشك و (100) جێگای هەیە.(3)سەبارەت بەبوونی مزگەوتیش هەرلەسەردەمی جافەکانەوە هەڵەبجە مزگەوتی تێدابووە.

لەئێستاداهەڵەبجە(40)قوتابخانەی تێدایە, کە(27)یان بنەڕەتی یە(10)یان ئامادەیی یە, یەك دواناوەندی و یەك خوێندنی خێراو یەك خوێندنگەی پیشەسازیشی تێدایە, هەروەها (14)نەخۆشخانەی تێدایە, کە سیانیان گشتی یە, لەگەڵ دوو مەڵبەندی تەندرووستی و دووسەنتەرو شەش بنکەی تەندروستی و یەك دادوەری پزیشکی.(4)

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە ئەم شارە لەڕووی خوێندنی کچانەوە تاڕادەیەك پێشکەوتنی بەخۆیەوە

.............................................................................................................

(1)عادل صدیق علی, چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە, سەرچاوەی پێشوو, لا15-38 ,40-42.

(2)بكر حمە صدیق عارف, لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە, سەرچاوەی پێشوو, لا13

(3)جەمال بابان ,ئەوانی تر,,سلێمانی شارەگەشاوەکەم, چاپ و ئۆفیسی سەردەم,2000, لا219.

(4)ئەم زانیاری یەلەبەڕێوەبەرایەتی ئاماری شاری سلێمانی وەرگیراوە, 2017/4/23.

بینیوە ولەم ڕووەشەوە تاڕادەیەك كلتورێكی تایبەتی سەبارەت بەئافرەت هەبووە, كۆمەڵێك هۆكار هەبوون بۆ ئەمە ئەویش كاركردنی ئافرەت لای خێڵەكانی هەڵەبجە تاڕادەیەك ئاسایی بووە بەتایبەت لای هەورامیەكان كە هەمیشە بەشێكی گەورەی پێكهاتەی هەڵەبجە بوون ئەمەش ڕێ خۆشكەربووە بۆ خوێندنی كچان, ئافرەتی هەڵەبجە زۆریان خاوەن بڕوانامەن, هەروەها بوونی كەسایەتیەكی وەكو عادیلە خانم كە كەسێكی دەسەڵاتدار بووەكاریگەری هەبووە لەسەر پێگەی ئافرەت لەم شارەدا.

## قۆناغەكانی فراوان بوونی شار

ئەم شارە گەشەو فراوان بوونی بەخۆیەوەبینیوە هەرلەسەرەتای دروست بوونیەوە, ئەم فراوان بوونەش بەچەند قۆناغێكدا ڕۆشتووە لەوانە, پێش ساڵی (1957) شاری هەڵەبجە وەك شارێكی بچووك دەركەوتووە لەڕووی ڕووبەرەوە, چەندین جار ڕووی لەگەورەبوون و هەندێ جاریش ڕووی لەبچووك بوونەوە كردووە, بەهۆی پێگەی شارەكە لەڕووی بایەخی ستراتیجی یەوە,كەلەسەر سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی عووسمانی و فارسی بووە, لە قۆناغی دووەمدا ساڵی(1957-1967)شاری هەڵەبجە فراوان بوونێكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە, بەهۆی زیادبوونی داخوازی و پێویستی دانیشتووان بۆزەوی شاربەمەبەستی بەكارهێنانی لەبوارە جۆربەجۆرەكانی شارستانی دا, لەساڵی(1967-1977)شاری هەڵەبجە فراوان بوونێكی خێرایی بەخۆیەوە بینیوە, هۆكاری ئەمەش نالەباری ڕەوشی ڕامیاری هەرێمی كوردستان بەگشتی و ناوچەكە بەتایبەتی, بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی كوردی و شاری هەڵەبجەش لانكەی شۆڕش بووە, چونكە ناوچەیەكی سنووریەو لەبارو گونجاوە بۆپاراستن و بەردەوامی دان بەشۆڕش, لەساڵی(1977-1987)هەڵەبجە فراوان بوونێكی خێرای بەخۆیەوە بینیوە,بەهۆی بارودۆخی نالەباری ناوچەكەوسەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازو ڕاگواستنی ناوچەسنووریەكان بۆئۆردوگا زۆرەملێكان لەشاری هەڵەبجە, ساڵی(1987-2002)ش ئەم شارە كەمتر فراوانبوونی بەخۆیەوە بینیوە, بەهۆی بوونی شەڕی ئێران و عێراق, شەڕی كوردو حكومەتی ناوەندی,ڕووداوی كیمیابارانكردن وەك لەپێشەوە باسكرا, بەڵام

ساڵی(2003-2012)بەگرنگترین قۆناغەکانی فراوانبوونی شار دادەنرێت, بەهۆی سەقامگیربوونی ئاسایش و گەشەکردنی باری ئابووری شارەکەو تەواوی هەرێم لەپاش پرۆسەی ئازادکردنی عێڕاق لەلایەن ئەمریکاوە ساڵی (2003).(1)

.................................................................................................................................

(1)هەورامان کمال میرزا عبدالله, فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەییەکانی, سەرچاوەی پێشوو,لا43-66.

واتە ئەم شارە بەشێوەیەکی باش لەگەشەکردندا بووە لەڕووی ڕووبەرەوە, لەڕووی کارگێڕیشەوە قەزا بووە سەر بەپارێزگای سلێمانی, بەڵام دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری لایەنە کوردیەکان لەپەرلەمانی عێڕاق و دوای ئەوەی حکومەتی عێڕاق ڕازی لەسەر دەربڕی, ساڵی 2015 بڕیاری بەپارێزگابوونی دەرچوو, جگە لەفراوان بوون دەرچوونی ئەم بڕیارە هۆکاری مێژوویشی هەبوو, چوونکە ئەم شارە سونبولی ناساندنی نەتەوەیەك بوو بەهۆی ئەو کارەساتە دڵ تەزێنانەی بەسەریدا هاتبوو.

ئەمەش بڕیاری بەپارێزگا بوونەکەیەتی کە لەبەڕێوەبەرایەتی پارێزگای هەڵەبجە وەرگیراوە.



جمهورية العراق
إقليم كوردستان
رئاسة الاقليم
ديوان

كۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی هەرێم
دیوان

ژمارە: د - ١٠٢
بەروار: ٢٠١٥/٢/١٧

بـۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری
بابەت / یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥

یاسای ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان – عێراق

هاوپێچ یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥ تان بۆ دەنێرین بۆ جێبەجێ کردنی .
ئەم یاسایە پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (٢) رۆژی ٢٠١٥/٢/٥ تەشریعی کردووە و بە نوسراوی ژمارە ٦٦٤/٣/٤ لە رۆژی ٢٠١٥/٢/٨ بۆمانی ناردووە و جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٥ لە ٢٠١٥/٢/١٥ دەریکردووە .
لە گەڵ ڕێزدا ...

فـــؤاد حسیـن
سـەرۆکـی دیـــوان

**هاوپێچ**

- دەقی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥ .

**وێنەیەك بـۆ//**

- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان -عێراق ئاماژە بە نوسراوتان ژمارە ٦٦٤/٣/٤ لە ٢٠١٥/٢/٨
- نوسینگەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردســـتـــان .
- نوسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان .

**باسی دووەم:پێکهاتەی شارەکە**

**یەکەم:پێکهاتەی جوگرافی :**

## پێگەی جوگرافی

پێگەی جوگرافی و ژمارەی دانیشتووان دووپێکهاتەی گرنگی شارن, کە ڕۆڵیان هەیە لەسەر کۆبونەوەی خەڵك و جۆری پیشەو شێوەی ژیان, ئەمانەش کاریگەریان لەسەر داب و نەریت و پێکهاتەی کلتوورو جۆرو چۆنێتی

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە, بۆباشتر تێگەیشتن لەبابەتی توێژینەوەکەمان ئاماژە بەپێگەی جوگرافی و ژمارەی دانیشتووانی شاری هەڵەبجە دەکەین

(شاری هەڵەبجە پێگەیەکی گرنگی هەیە لەنەخشەی هەرێمی کوردستاندا و دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانییەوە, لەخۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتەوە زنجیرە شاخەکانی هەورامان و سورێن دەوریان داوە, قەزای پێنجوێنیش دەکەوێتە بەشەکانی باکووری ناوچەکەوە, دەریاچەی دەربەندیخان و ڕووباری سیروان دەکەونە بەشەکانی خۆرئاواو باشووری خۆرئاوایەوە, قەزای (سید صادق) لەباکووری خۆرئاوایەتی, ڕووبەری ئەم شارە کەپێشتر قەزابووە چەند جارێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە, بەهۆی بڕیارەکانی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە, شاری هەڵەبجە لەساڵی (1957) دا (3294) کم2 بووە لەکاتێکدا سەرجەم ڕووبەری پارێزگای سلێمانی (12282) کم2 بووە). (1)

لەسەر ئاستی عێراقیش هەڵەبجە دەکەوێتە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوچە شاخاوییەکانی عێراق لەنێوان هەرێمی ئاووهەوای مام ناوەند(2), سەبارەت بەشوێنی ئەسترۆنۆمی شاری هەڵەبجە دەکەوێتە سەربازنەی پانی (35.9,0$^{5}$_35.13.0$^{5}$)باکورو هێڵی درێژی(45.52.0$^{5}$_46.30.0$^{5}$)ی ڕۆژهەڵات(3)

........................................................................................................................................

(1) هیرۆمحمد علی, جوگرافی دابەشبوونی نشینگە دێهاتیەکان لەقەزای هەڵەبجەی شەهیددا, نامەیماستەر, زانکۆی سلێمانی, کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان, ,بلآونەکراوە, 2010,لا10.

(2)شەماڵ علی عارف, بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لەقەزای هەڵەبجەی شەهید,نامەی ماستەر, زانکۆی سلێمانی, کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان, بلآو نەکراوە,2014, لا54.

(3)هەورامان کمال میرزا عبدالله, فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەییەکانی, سەرچاوەی پێشوو,لا10.

لەڕووی بەرزی و نزمی یەوە شاری هەڵەبجە بەچەند چیا دەورە دراوە, بەشێوەیەکی گشتی لەباکوورەوە بەرەو باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتەوە چیای شنروێ دەوری داوە, کەبەرزییەکەی (2017م) و لەباشووری ڕۆژهەڵاتەوە چیاکانی هەورامان (2548م) و لەباشووری ڕۆژئاواوە چیای بالآمبۆ بەبەرزی(1585م) دەوری داوە کەبەرزییەکەی لەنێوان(600□450م)ە, کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەشتی شارەزوور. شاری هەڵەبجە کەوتوەتە نێوان بەرزی کەمتر لە(600م) بۆبەرزی زیاتر لە(950م) لەئاستی ڕووی دەریاوە,تالە باکوورەوە بەرەو باشوور بڕۆین بەرزدەبێتەوە لەئاستی ڕووی دەریاوە, لەباکورەوە بەرزی(628م) لەخۆرئاواوە

(684م) لەباشوورەوە(938م) لەخۆرهەڵاتەوە(928م) دەوری شاری هەڵەبجەی داوە, واتە تا لەباکوورو خۆرئاواوە بەرەو باشوورو ڕۆژهەڵات برۆین بەرزی لەئاستی ڕووی دەریاوە زیاددەکات(1),بەلآم بەشێوەیەکی گشتی هەڵەبجە دەکەوێتە نێوان بەرزی(2617500م)لەئاستی ڕووی دەریاوە.(2)

ئەم شارە کەپێشتر قەزابووە (76)کم لەپارێزگای سلێمانی یەوە دوورە و چوار شارۆچکەش دەوری داوە , کە بریتین لە(ناحیەی سیروان, قەزای سیدصادق, ناحیەی خورماڵ, ناحیەی بیارە) کەبۆ هەندێ کاروباری ڕۆژانە ڕوودەکەنە هەڵەبجە, جگە لەمانەش هەڵەبجە لەکوردستانی باشووردایەکێکە لەو ناوچەخۆشانەی کوردستانی گەورە کەبەدەشتی جوانی سەوز لەبەهارو هاویندا بەناوبانگە , شاخەکانی جێگای هاوینە هەوارو سەیرانگای ناوچەکانی تربوون .(3)

یەکێك لەو شارۆچکانەی کەدەوری هەڵەبجەیان داوەو پێگەیەکی گرنگی داوە بەم شارە شارۆچکەی خورماڵە, ئەم شارۆچکەیە سەرچاوەی زەڵمی تیایە کەخەڵگ بۆگەشت و گوزار بۆی دەچن, گەرماوی خورماڵیشی لێ یە کەبۆ نەخۆشیەکانی پێست سوودی لێ دەبینرێت و وەك چارەسەر بەکاردەهێنرێت.(4)

ئەم تایبەتمەندیانەی هەڵەبجە لەڕووی پێگەی جوگرافیەوە, کاریگەری ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر شارەکە درووست کردووە چونکە خەڵك لەدەشت وشاخ سوود دەبینن, بۆیەئاوەدانی بەردەوام سیمای ئەم شارە بووە.

..........................................................................................................................................

(1)هەورامان کمال میرزا عبدالله, فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەییەکانی, سەرچاوەی پێشوو 2013,لا15.

(2)شەماڵ علی عارف, بنەما جوگرافیەکانی پلاندانانی گەشتیاری لەقەزای هەڵەبجەی شەهید, سەرچاوەی پێشوو,2014, لا60.

(3) شەوکەتی حاجی مشیر, هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی 1988 , سەرچاوەی پێشوو, لا52.

(4) هادی رەشید بەهمەنی, پەیامی هەورامان, چاپی یەکەم, 2001ز, لا238.

## توبۆگرافیا

شاری هەڵەبجە بەجیاوازی دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی دەناسرێت, کەخۆیان لەشێوەی چیای بەرزو دۆڵ و گردو دەشتی فراوان دەنوێنن, هەڵەبجە دەکەوێتە هەرێمی ناوچەی چیاپێچ ئاڵۆزەکانی کوردستان, کەسروشتی بەرزو نزمی زاڵە بەسەر ناوچەکەدا. بەچەند زنجیرە چیایەك دەورە دراوە لەوانە: زنجیرە چیاکانی ڕۆژهەڵات(زنجیرە چیاکانی سوورێن, زنجیرە چیاکانی هەورامان, چیاکانی مەرمانگان), زنجیرە چیاکانی باشوورو ڕۆژئاوا(چیاکانی

شنروێ, چیای بالأمبۆ, چیای نەوڕەس),چیاکانی ئەم ناوچەیە بەبەرزی و پێچی توندو ئاڵۆزو جیاوازی ئاڕاستەکانی ناسراون کەبەرزییان لەنێوان(2617-1000م) دەبێت لەئاستی ڕووی دەریاوە.(1)

یەکێکی تر لەدیاردە بەرزوو نزمەکان دەشتی شارەزوورە (ئەم دەشتە لەڕۆژهەلأتەوە بەچیای هەورامان و لە باشورەوە بەچیای بالأمبۆ دەورە دراوە, ئەم دەشتە زۆر بەپیتەو چەندین ڕووباری بەنێودا تێپەڕ دەبێت , لەهەموویان گرنگتر ڕووباری تانجەرۆیە).(2)ئەم دەشتە ڕووبەرەکەی (520)کم$^2$یە کەنزیکەی(3373) کم$^2$ی دەکەوێتە شاری هەڵەبجەوە, ناوەندی بەرزییەکەی (8000-5000)م لەئاستی ڕووی دەریاوە.(3)

گردو دۆڵیش دووبەشی تری بەرزوو نزمیەکانن لەم شارەدا, گردەکانی ئەم ناوچەیە زۆرتر شێوەی درێژکۆلەو زبریان هەیە, پێکهاتەیان هەمان پێکهاتەی چیاکانە, بەلأم بەرزییان کەمترە لەچیاکان و بەشێوەی زنجیرەی پێکەوە لکاو دەرناکەون, چەندین گردی لەم جۆرە لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا هەیە وەك(گردەگرە, سێتەپان, قەلأی خورماڵ, لەگەڵ چەندین گردی داپۆشراو بەئاو لەناو ئاوی ڕووباری سیروان و دەریاچەی دەربەندیخان).

دۆڵەکانیش بەشێوەیەکی لاکێشەیی و درێژکۆلەیی لەنێوان زنجیرە چیاکاندا دەردەکەون و لەنێوان تەواوی چیاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا بەدی دەکرێن, لەگرنگترین دۆڵەکان(دۆڵی ڕووباری زەڵم, دۆڵی وشکەناو, دۆڵی بیارە, دۆڵی ئاوێسەر, دۆڵی گریانە).(4)

..........................................................................................................................

(1)شەماڵ علی عارف, بنەما جوگرافیەکانیپلاندانانی گەشتیاری لەقەزای هەڵەبجەی شەهید, سەرچاوەی پێشوو,لا62-65

(2) عەبدوڵلأغەفوور, جوگرافیای کوردستان, چاپی پێنجەم, چاپخانەی خانی دهۆك, 2008, لا35 .

(3)شاد حمید محمد, ڕێگاکانی ئوتۆمبیل لەپارێزگای سلێمانیدا, نامەی ماستەر, زانکۆی سلێمانی, کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان, 2011, بلأو نەکراوە, لا66.

(4)شەماڵ علی عارف, بنەما جوگرافیەکانیپلاندانانی گەشتیاری لەقەزای هەڵەبجەی شەهید, سەرچاوەی پێشوو,لا66-70.

### ئاووهەوا

شاری هەڵەبجە دەکەوێتە باکووری عێراق, لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیەش دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئاووهەوای دەریای ناوەڕاست, بۆیەشاری هەڵەبجەش سیفەتی ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستی هەیە کەلەڕووی گەرمی یەوە زستانی زۆر ساردەو هاوینی فێنك ناسراوە, لەڕووی دابارینەوە لەزستاندا پەرە دەسێنێت, هاوینی وشکە.ئەم هەرێمە تێکڕای باران بارینی سالأنەی لە(500ملم)دانابەزێت و بەهەرێمی باران مسۆگەر ناسراوە.(1)

بوونی مسۆگەری باران هۆکارە بۆ سەوزایی و جوانی ئەو ناوچەیە بۆیە ئەم ناوچەیە لەبەهاردا زۆردڵڕفێنەو خەڵکێکی زۆر بۆگەشتیاری ڕووی تێ دەکەن, هەروەها بوونی باران وای کردووە, کە ئەم ناوچەیە شوێنێکی لەباربێ بۆکشتوکاڵ و خەڵکی لادێکانی بەئاژەڵدارییەوە خەریك بن, ئەمەش کاریگەری کۆمەڵایەتی هەیە لەوەی کەخەڵك بەهۆی ئەم دووپیشەوە لەگەڵ یەکتری کۆدەبنەوەو پەیوەست دەبن بەشێوازی ژیان و کلتووری باو باپیرانیانەوە, پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەرەکیان لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا هەیە, کە بۆگەشتیاری دێنە ئەم شارە.

## سەرچاوەکانی ئاوو:

سەرچاوەی ئاوی هەڵەبجە پێك دێت لەهەموو شێوەکانی سەرچاوەی ئاو وەك باران و بەفرو ئاوی ژێر زەوی و ئاوی سەرزەوی(ڕووبارو دەریاچە), بارانی ئەم ناوچەیە لەگرنگترین شێوازەکانی دابارینە کەلە مانگی تشرینی یەکەمەوە دەست پێ دەکات هەتا کۆتایی مانگی مایس بەردەوام دەبێت, وەدابارینی بەفریشی هەیە لەناوەڕاستی زستاندا, ئاوی سەرزەویش ئاوی ڕووبارو چەم و دەریاچەکان دەگرێتەوە, کەهەندێکیان بەردەوام ئاویان لەبەر دەڕوات و هەندێکیشیان کاتین,هەروەها هەرسێ جۆرەکەی ئاوی ژێرزەوی هەیە(کانی, بیر, کارێز) هەموو ئەمانە سەرچاوەی ئاوی شارەکەن.(2)هەموو ئەم سەرچاوە ئاویانە گرنگیان هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵك, چونکە ئاو سەرچاوەیەکی گرنگە بۆژیانی ڕۆژانەو ئاوەدانیش لەشوێنێکدا درووست دەبێت کەسەرچاوەی ئاوی تێدا بێت, واتە مرۆڤ هەمیشە لەو شوێنانەدا کۆدەبنەوە کەئاوی تێدایەو, شارستانی و ژیان و پێکەوە ژیان سەرهەڵدەداو نزیکی و خزمایەتی زیاتر پەرە دەسێنێت.

...............................................................................................................................

(1)هەورامان کمال میرزا عبدالله, سەرچاوەی پێشوو 2013,ل17.

(2)عطا محمد علاء الدین, قضاء هەڵەبجە(دراسة فی الجغرافیة الأقلیمیة), الطبعةالأولی, مطبعة تیشك-السلیمانیة, 2008, ص91-105.

## ڕێگاو بان:

ڕێگاکانی هاتووچۆ فاکتەری گرنگن بۆپێشکەوتن و دروست بوونی پەیوەندی لەنێوان کەسانی جۆراو جۆردا, لەنێوان شاری هەڵەبجە و دەوروبەریدا چەندین ڕێگاهەیە لەوانە:

یەکەم: ڕێگای هەڵەبجە-سلێمانی: ڕێگەیەکی ڤیرتاوە دووریەکەی (84)کم.

دووەم: ڕێگای هەڵەبجە-سیدصادق: ڕێگایەکی ڤیرتاوە دووریەکەی (34)کم.

سێ یەم: ڕێگای هەڵەبجە-خوورماڵ: ڕێگایەکی ڤیرتاوە دووریەکەی (24)کم.

چوارەم: ڕێگای هەڵەبجە-بیارەتەوێڵە ڕێگایەکی ڤیرتاوە دووریەکەی (30)کم.(1)

ڕێگای هەڵەبجە-خورماڵ-ئەحمەدئاوا, گرنگی تایبەتی هەبووە بۆ هەڵەبجە بەوەی کە خورماڵ جگە لەوەی شوێنێکی ئاوەدانی یەو فرۆشگەی تیایە, تایبەتمەندی گەشتیاری جۆراوجۆری هەیە(2) ڕێگای بیارە-تەوێڵە کەدەگاتەوە ناوچەی هەورامان, ئەمیش دەچێتەوە نەوسود-پاوە,کەکوردستانی ئێرانە, وەك پردی پەیوەندی نێوان ئێران و عێراق بووە, جگەلەمانەش چەند ڕێگایەکی تری هەیە,وەك ڕێگای هەڵەبجە-هورێن-شێخان کەدەگاتەوە خانەقین,(3) هەروەها لەسەرئاستی دەرەوەی شارەکەش چەند ڕێگایەك هەیە لەوانە(هەڵەبجە-شارەزوور,هەڵەبجە-پێنجوێن)(4)واتە هەڵەبجە هاوسنوورە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و, چوارقەزادا کەئەوانیش (دەربەندیخان, شارەزوور, سیدصادق, پێنجوێن),واتە پردی پێکەوەبەستنی ناوچەی شاخاویە بەناوچەی دەشتی شارەزوورەوە(5).بوونی ڕێگەوبان کاریگەری لەسەر شێوازو جۆری پەیوەندی هەیە, لەم شارەشدابوونی ئەم ڕێگایانە کاریگەری لەسەرخەڵکی شارەکە کردووە لەڕووی تێکەڵاوبوون و درووست کردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی شارەکەدا,بەڵام کاری لەسەر کەم کردنەوەی پەیوەندیە خزمایەتیە ناوخۆییەکان نەکردووە.

.........................................................................................................................................

(1)هەورامان کمال میرزا عبدالله, سەرچاوەی پێشوو 2013,لا86.

(2) کەریم زەند,جوگرافی کوردستان, بەبێ ساڵ و شوێنی چاپ,لا239 .

(3) جەلال ئەمین بەگ, جوگرافیای کوردستان,بەبێ شوێنی چاپ, 1998,لا162.

(4)عطا حمەلاو حمەیوسف, پارێزگای هەڵەبجە (لێکۆڵینەوەیەك لە ژمارەی دانیشتووان) , نامەی ماستەری زانکۆی کۆیە, بلاۆ نەکراوە, 2009,لا133.

(5)شەماڵ علی عارف, بنەما جوگرافیەکانیپلاندانانی گەشتیاری لەقەزای هەڵەبجەی شەهید, سەرچاوەی پێشوو,لا54.

## ژمارەی دانیشتوان:

کۆمەڵێك هۆکار کاریگەریان هەیە لەسەر کەم بوون و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان , ئەم هۆکارانەش هەندێ جارکاریگەری سەرەکیان هەیە لەسەر ژمارەی دانیشتوان , لەو هۆکارانەی کە لەم ناوچەیەدا کاریگەریان هەبووە لەسەرژمارەی دانیشتوان , لایەنی جوگرافی یە وەك پێکهاتەی خاکەکەی و ئاووهەواکەی و بوونی چەندین

شوێنی گەشت و گوزار وەك لە پێشەوە باس کرا, هەروەها لایەنی مێژوویی وەك بوونی شوێنەواری مێژوویی , لایەنی سیاسیش کاریگەری هەبووە لەسەر ژمارەی دانیشتوان بەتایبەت لەم ناوچەدا بەهۆی بوونی ڕووداوی سیاسی گەورە وەك ڕووداوی کیمیابارانکردنی ئەم شارەو هەڵگیرسانی چەندەها ڕاپەڕین و شۆڕش , کەهەندێ جار کاریگەری نێگەتیفیان هەبووە.

هەروەها لایەنی ئاینیش کاریگەری گرنگی هەبووە لەسەر ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە, بەتایبەت بوونی تەکیەو مزگەوت و خانەقاکان, خەڵك زۆرجار هەوڵیان داوە نزیکی ئەو مەڵبەندە ئاینیانە بن چونکە ڕۆژانە سەردانی کردوون و پەیوەست بووە پێیانەوە, هەڵەبجەش دەوڵەمەند بووە لەو مەڵبەندە ئاینیانەیا.

(فاکتەری ئاینی ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەسەر کۆبوونەوەو گردبوونەوەی دانیشتوان لەدەوری مەڵبەندە ئاین و جێنزرگەکان کەهەمیشە دانیشتوان هەوڵدەدەن خانووەکانیان لەنزیك مزگەوتەکان یان جێنزرگەکان دروست بکەن, لەو جێنزرگانەش کەلەم شارەدا هەن, (ئەبا عوبەیدەی ئەنصاری لە عەبابەیلێ) ,(سید محمد و پیرعنب لەگوندی نەوڕۆڵی), (شێخ خامۆش لەسازان) (پیرمحمد لەناوشاری هەڵەبجە) (تەکیەی شێخ معروفی نێرگزەجاڕ) و(خانەقای باخەکۆن), هەروەها مەزارگەی (سلطان اسحاق)تایبەت بەکاکەییەکان, کەدەکەوێتە دیوی ئێران و نزیك گوندەکانی(دەرەتفێ ,هاوار, هەوارەکۆن)کەواتە ئاین ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە کۆبوونەوەی دانیشتوان لەهەندێك ناوچەی لێکۆڵینەوەدا, فاکتەری مێژوویش کاریگەری هەبوە لەم ناوچەیەدا , لەوانە بوونی چەندین شوێنەواری مێژوویی گرنگ وەك (قەلای خورماڵ- قەلای گاوران- قەلای‌زەڵم- گردی حسن بەگ-گردیگۆ-گردە بەکراوا-گردی سەفا) بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم ناوچەیە لەدێر زەمانەوە ناوچەیەکی ئاوەدان بووەو دانیشتووانی لەخۆ گرتووە).(1)

........................................................................................................................................

(1)عطا حمەلاو حمەیوسف, پارێزگای هەڵەبجە (لێکۆڵینەوەیەك لە ژمارەی دانیشتووان) , سەرچاوەی پێشوو, لا89-90

هەمو ئەو هۆکارانەی کەباس کران ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە دیاری کردنی ژمارەی دانیشتواندا لەم ناوچەیە , بۆیە گۆڕانی دیارو بەرچاو بەدی دەکرێت لەژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا,وەك لەم خشتەیەدا دیارە

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری هەڵەبجە | ژمارەی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا |
| --- | --- | --- |

| | | |
|---|---|---|
| 1957 | 7406 | 81749 |
| 1965 | 11981 | 76086 |
| 1977 | 19835 | 87630 |
| 1987 | 39890 | 115299 |
| 2002 | 42943 | 84273 |
| 2009 | 55764 | 90177 |

**خشتەی ژمارە (1) زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان**

**بە پێ ی ئاماری ساڵی (1957) ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری شاری هەڵەبجە 7406 کەس بووە کەبەسەر سێ گەڕەکدا دابەش بوون , واتە لەوساڵەدا هەڵەبجە لەو سێ گەڕەکە پێك هاتووە,کەزۆرترین ژمارەی لەگەڕەکی سەرابووە , ئنجا پاشاو دواتر پیر محەمەد, (1)هەروەها بەگوێرەی مەرسومی جمهووری ژمارە 311 رۆژی 1989/6/28 ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزا(40157)کەسن.(2), وەبەپێی سەرژمێری ساڵی 2016 ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری پارێزگا (68583) کەسە کەبەسەر (20) گەڕەکدا دابەش بوون کەئەمە ناوەکانیانە(دەروازەی شار, مۆردین, بالآمبۆ, حسن ئاوا, یادگاری, فەرمانبەران, مەرزەبۆتۆ, گولآن, کانی قولکە, شەهیدان, موردانە, سەرا, بامۆك, کاژاو, مامۆستایان, شنروێ, شارەوانی یەك, شارەوانی دوو, بەختیاری, دابان)(3)**

..........................................................................................................................

(1)ئەم زانیاری یەلەبەڕێوەبەرایەتی ئاماری شاری سلێمانی وەرگیراوە, 2017/4/23.

(2)جەمال بابان , ئەوانی تر, سلێمانی شارەگەشاوەکەم,چاپ و ئۆفیسی سەردەم, 2000, لا219.

(3) ئەم زانیاریەلە لە فەرمانگەی ئاماری پارێزگای هەڵەبجە وەرگیراوە, لە 2016/10/25

**ئەگەر سەرنج بدەین ئەم شارە گەشەی کردووە لەڕووی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی گەڕەکەکانەوە , وەك دەبینن لەساڵی(1957) هەڵەبجە تەنها سێ گەڕەکی تیابووە, بەلآم لەساڵی 2016 بیست گەڕەکی تیایە, بەلآم ئەم گەشەیە لە هەندێ ساڵدا لاوازبووە, وەك لەخشتەکەدا دیارە ئەوەی کەزۆر کاریگەر بووە لەسەرژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە ڕووداوی کیمیابارانکردنی ساڵی 1988 بووە , لەگەڵ ئەوەی ئەم شارە دووساڵ خامۆش کراو ژیانی تیا نەما خەڵکێکی زۆریش بەهۆی ئەو ڕووداوەوە کۆچیان کرد و دواتر نەگەڕانەوە , جگە لەمانەش**

ژمارەیەك بەهۆی ئەو ڕووداوەوە شەهیدبوون, ئەمە ڕووداوێکی مێژوویی و مرۆیی گەورە بوو بەسەر ئەم شارەدا هات کەکاریگەری هەبوو لەسەر ژمارەی دانیشتوان .

جگە لەم ڕووداوە لەپێشتریشدا بەهۆی ئەوەی ئەم شارە کرابووە پێگەیەکی هێزی کوردی ئۆپۆزسیۆن, دەسەڵات بەچەند شێوەیەك هەوڵی ئەوەی دەدا کەئەم شارە لەزۆر ڕووەوە گەشەنەکات باشترین بەڵگەش بۆئەمە ئەو سەرژمێریانە بووە کەلەو ساڵانەدا کراوە,ئەگەر سەرنجێکی سەرژمێری ئەو ساڵاتە بدەین دەبینین(زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی قەزای هەڵەبجە لەنێوان ساڵانی 1977 بۆ 1987 زیادبوونێکی کەمە, وەڕێژەی گەشەی ساڵانەشی کەم بووە بەپێ ی پارێزگای سلێمانی و دەورووبەری, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی, کە ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی سنوورییە و بەهۆی ڕووداوەکانی جەنگی نێوان(عێراق-ئێران) لەم ناوچانەدا دەست بەڕاگواستنی گوندەکانی ئەم ناوچەیە کراوە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە بەقووڵایی (30) کم لەسەر سنووری (عێراق-ئێران) ەوە , نیشتەجێکردنی دانیشتووانەکەیان لەکۆمەڵگا زۆرە ملێکاندا, کەبەشێك لەوکۆمەڵگایانە دەکەونە دەرەوەی سنووری قەزای هەڵەبجە, هەروەها لەماوەی نێوان ساڵانی (2002-1987) ڕێژەی گەشە لەم قەزایەدا ڕوی لەکەمی کردووە, واتە زیادبوونی ڕەهای دانیشتووانی ئەم قەزایە بەشێوەی نێگەتیف دەرچووە .(1)

ئەم کەم بوونە لەژمارەی دانیشتوواندا دەگەڕێتەوە بۆڕووداوی کیمیابارانکردنی ئەم شارە کەکۆچ کردن و مردنی بەکۆمەڵی تیابووە وەك لەپێشەوە باسکرا,بەلاَم لەساڵانی 2002تا 2009 ژمارەی دانیشتووان زیادی کردووە هەرچەندە بەڕێژەیەکی بەرچاو نیە,هەموو ئەمانەی, کە باسکرا لەسەرژمارەی دانیشتووان کاریگەری لەسەر پێکهاتەی شارەکەو کلتوورو پیشەی خەڵکەکەی کردووە.

..........................................................................................................................

(1)عطا حمەلاو حمەیوسف, پارێزگای هەڵەبجە (لێکۆڵینەوەیەك لە ژمارەی دانیشتووان) ,سەرچاوەی پێشوو,لا3.




**نەخشەی ژمارە(1)هەڵەبجە لەنەخشەی هەرێمی کوردستاندا**

---

(1) لەبەڕێوەبەرایەتی ئاماری شاری هەڵەبجە وەرگیراوە.

## دووەم:پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شارەکە:

پێكهاتەی كۆمەڵايەتی یەكێكە لەپێكهاتە گرنگەكانی كۆمەڵگا, چونكە ئەو تايبەتمەنديانەی لەپێكهاتەی كۆمەڵايەتی هەرناوچەيەكدا هەيە كاريگەری لەسەر ڕەفتارو داب و نەريت و شێوەی ژيانی تاكەكان هەيە ,هەڵەبجەش وەك ناوچەی لێكۆڵینەوە لەگەڵ بوونی هەندێ تايبەتمەندی لەبوارە كۆمەڵايەتيەكاندا, تاڕادەيەك پێكهاتەيەكی خێڵەكی هەيە, ئەمەش جياكەرەوەيەكی ناوچەكە نی يە وەك بەشێك لەكۆمەڵگەی كوردی (كۆمەڵگەی كوورد لەكۆنداوتاڕادەيەكی زۆريش لەم ڕۆژانەدا , لەبنەڕەتدا سرووشتێكی عەشيرەتی هەيە , ئەم سيفەتەش نەك هەر كۆچەرەكان بەڵكو دامەزراوەكانيش دەگرێتەوە واتە گوندو شارەكانيش)(1)

هەڵەبجەش وەك ناوچەيەكی كوردی بەدەرنيە لەم سرووشتە و دەتوانين بڵێين( ئەم ناوچەيە مۆركێكی (خيلەكی)ی پێوە ديارەو چەندين (خێڵ) بوونيان هەيە, وەك( كۆكۆيی, شەمێرانەيی, ئێناخی, زەردۆيی) كەزۆربەيان سەر بەهۆزی جافن و لەبەشی خۆرئاوای قەزاكەدا بوونيان هەيە, (هەورامی) يەكانيش كەبەشێكی تری ئەم شارەيان پێك هێناوە, بارودۆخی ژينگەی شاخاوی ئەو ناوچەيەی كەتيايدا ژياون دابڕيون لەناوچەكانی چواردەوريان ئەمەش وای لێ كردوون پارێزگاری لەديالێكت و داب و نەريتی كۆمەڵايەتی تايبەتی خۆيان بكەن, هەروەها خێڵی (نەوڕۆڵی) كەزياتر لەناوچە دەشتاييەكانی قەزاكەدا نيشتەجێن,لەگەڵ بوونی پێكهاتەی تر وەك كاكەييەكان, كەپێكهاتەيەكی ئاينين و بەشێكی ديارن لەشارەكەدا.(2)

ئەوخێلانەی كەلەم شارەدان تايبەتمەندی يەكی دياری ئەوتۆيان نی يە لەڕووی ئاينی و كۆمەڵايەتی يەوە جگە لەكاكەييەكان كە(كۆمەڵێكی ئيتنۆ ئاينين, لە باشووری كوردستاندا بەكاكەييەكان ناسراون, ناوی ڕاستەقينەيان (ئەهلی حەقە)لای هەندێ پسپۆرو لێكۆڵەرەوەشەوە زێتر بەناوی (عەلی ئيلاهی)ناوبراون ,ئەمانە لەچيای شنروێ و گوندەكانی هاوارو هاوارە كۆن و چالان و دەرەتوێ و ژاوەڕۆ دا نيشتەجێن )(3)

.........................................................................................................................

(1)حوسێن محەمەد عەزيز, ڕۆڵی سيستمی بنەماڵە لەبزافی ڕزگاريخوازی نيشتمانی كوردستاندا, لەبڵاوكراوەكانی چاپەمەنی ئەزمەڕ, سلێمانی, 2001, ل38.

(2)عطا حمەلاو حمەيوسف, پارێزگای هەڵەبجە (لێكۆڵینەوەيەك لە ژمارەی دانيشتووان) , سەرچاوەی پێشوو, ل90, 118.

(3) د.عەبدوڵلا غەفور,كوردولۆجی, چاپی يەكەم, چاپخانەی ڕەنج, سلێمانی, 2008,ل183.

کاکەییەکان لەڕووی بیروباوەڕی ئاینیەوە چوارچینن(سەیدەکان, باوە(باب), مام, دەروێش),سەیدەکان خۆیان دەبەنەوە سەر (عەلی کوڕی ئەبی تالب), باوە(بابا)ش لەپلەدا پاش سەیدەو ڕێگا پیشاندەرو ئامۆژگاری کەریانە, مامیش چاودێری باوە دەکا, دەروێشیش خۆی بۆخزمەتکردنی ماڵی سەید یان باوە تەرخان کردووە.(1)

هەورامیەکانیش لەناوچەشاخاوییەکانی هەورامان نیشتەجێبوون, هەتا ساڵی هەشتاکانیش پارێزگاریان لەهێزو توانای خۆیان کردووە, بەجۆرێك لەکاتی شەڕدا سەریان بۆهیچ هیزێکی دەرەکی دانەنەواندووە, سەرچاوەیان دەگەڕێتەوەبۆژمارەیەك لەکەسایەتی بەناوبانگی سوننە, گوێڕایەڵی شێخانی نەقشبەندی بوون, بەتایبەت(شێخ علاءالدین, شیخ حسام الدین),(2)شێوەزاری تایبەت بەخۆیان هەیە,ئەمانە لەمێژەوە هەندێکیان لەشاری هەڵەبجەدا ژیاون و ئێستاش بەشێکن لەپێکهاتەی شارەکە.

(جافەکان خێڵێکی کوردی کۆچەری بوون لەسنووری (کفری)و(شیروان)ە تا(کەلی) خان و دەورووبەری سنە هەبوون , ئەم هۆزە ژمارەیەکی زۆری نەتەوەی کورد پێك دێنن, سەرچاوەی بەگزادەکانیشیان دەچێتەوە سەر ئەحمەد بەگی کوڕی سیف الله بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی جوانڕۆ)(3)ئەمانە ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لەئاوەدانکردنەوە هەڵەبجەدا, هەڵەبجە لەسەردەستی ئەمان ئاوەدان بووەتەوە, ئیستەش زۆربەی ئەو خێڵانەی لەهەڵەبجەدان سەربەهۆزی جافن.

لەدوای جافەکان جوولەکەکان دووەم بنەماڵە بوون لەدروست کردن و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەدا, دوای ئەوەی جوولەکەکان لەزۆر جێگا شوێنیان پێ لێژ دەبێت, دێنە ئەم شارەو لەگەڵ موسوڵمانەکاندا بەسەربەستی دەژین(4)بەڵگەش بۆ ئەمە خانووی جولەکەکان بەتەنیشت خانووی موسوڵمانەکانەوەبوون ,لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا نزیکەی(100)ماڵەجوولەکە دانیشتووی بنەڕەتی شاری هەڵەبجەبوون, گەڕەکەکەشیان کەبەناوی گەڕەکی (جوولەکان)ناسرابوو, ڕێژەیەکی گەورەی پێکهاتەی شارەکەی لەو سەردەمەدا پێك دەهێنا(5)

..............................................................................................................................

(1)محمد ئەمین هەورامانی, کاکەیی, چاپخانەی(الحوادث), بەغدا, 1984, لا31.

(2) فؤاد حمەخورشید, العشائر الكردية,مطبعةالحوادث, بغداد,1979,ص14-16.

(3)حسین جاف,هۆزەکانی کوورد, کۆماری عیراق, وەزارەتی ڕۆشنبیری وڕاگەیاندن, بەبێ ساڵی چاپ, لا28.

(4)هەورامان کمال میرزا عبدالله, فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەییەکانی, سەرچاوەی پێشوو 2013,لا20.

(5)عادل صدیق علی, چەندلاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە, سەرچاوەی پێشوو, لا52-54.

**لەنێوان جوولەکەو خەڵکی شاردا پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ژن و ژنخوازی هەبووەو زۆرکەس کچی جوولەکەی هێناوە(بەڵگەش بۆئەمە یەکێك لەژنەکانی حامید بەگی جاف جوولەکەبووە),ئەم پەیوەندی ژن و ژنخوازیە وای کردووە کەجوولەکەکانی هەڵەبجە بەسەربەستترو ئازادتر بژین بەبەراورد لەگەڵ جوولەکەکانی دیکەی ناوچەکانی تری کوردستان,ئەم جوولەکانە لەنیوەی سەدەی بیستەمدا کووردستانیان بەجێهێشتووەو لەهەڵەبجەدا نەماوون.(1)واتە لەئێستادا پێکهاتەیەك نین لەپێکهاتەی هەڵەبجە.**

**ئەم شارە لەبنەڕەتدا لەسیانزەماڵەی هەڵەبجە پێك هاتووە, دواتریش وردە وردە بەهۆی ڕووداوی سیاسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیەوە خەڵکی لادێکانی دەورووبەری شارەکە کۆچیان بۆ ئەم شارە کردووەو لەوێ نیشتەجێ بوون, ئەمانەش لەخێڵ و پێکهاتەی جیاواز بوون , ناوشاری هەڵەبجەش لەکۆندا لەزۆر گەڕەکی گەورە پێك هاتووە لەوانە ,گەڕەکی پاشا, گەڕەکەکانی پیرموحوممەد, تەکیە,گولان,مۆردین, کانی قولکە,سەرا, قەسابخانە, مامۆستایان, جوولەکان...هتد.(2)**

**(دانیشتووانی ئەم شارە بەشێوەیەکی گشتی بەهەردوو زاراوەی کوردی و هەورامی دەدوێن و لەسەرمەزهەبی سوننەن , بەلاّم لەگەڵ ئەوەی کەسوونین هەمیشە لەزۆربەی ڕووداوەکاندا دژی ڕژێمی سەدام بوون کە حکومەتێکی سووننی بووە)(3), ئەممەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کەخەڵکی ئەم شارە خاوەن هەڵوێست بوون لەڕووداوەکاندا , خەڵکی ئەم شارە بەگشتی لەسەر ئاینی ئیسلامن جگە لە کاکەییەکان کەلەپێشەوە باسمان کرد لەڕووی ئاینیەوە جیاوازن و بەشێکن لەپێکهاتەی ئەم شارە , پیکهاتەی ئەم شارە بە بەشێوەیەکی گشتی پێك هاتەیەکی خێڵەکی تێکەڵی هەیە ,بەلاّم هەندێ فۆرمی ناوچەگەریشی پێوە دیارە , ئەممەش لەهەندێ ناوچەدا دەردەکەوێت کەخەڵکی دێیەك یان خێڵێك گەڕەکێکیان پێك هێناوە, ئەممەش لەکۆندا زۆر وابووە بەلاّم لە ئێستادا تاڕادەیەك گۆڕاوە .**

**ئەو خەڵکانەشی لەگوندەکانەوە هاتوونەتەئەم شارە بەهۆی باروودۆخی سیاسیەوە لەخێڵی جیاوازبوون.**

............................................................................................................................................................

(1)شاکیر فەتاح, گەشتی هەڵەبجەو هەورامان لەساڵی 1933 دا, چاپخانەی کامەران, 1974,لا15.

(2)هەورامان علی توفیق, هەڵەبجە(کارەساتی ساڵی 1988), سەرچاوەی پێشوو, لا6.

(3) د.مایکڵ جەی, تارماییەکانی هەڵەبجە, و:کارزان محمد, سەرچاوەی پێشوو, لا75.

## دابەش بوونی خێڵ و پێکهاتەکان لەناو شاری هەڵەبجەدا:

ئەوخێڵ و پێکهاتانەی ئێستە لەناوشاری هەڵەبجەدان پێشتر لەلادێکانی دەوروبەری هەڵەبجەدابوون بەم جۆرە (خەڵکی دێهاتەکانی "عەنەب,بیاوێڵە,عەبابەیلێ ,بامۆك,جەلیلە" کە ئەکەونە پشتی شاری هەڵەبجەو دانیشتوانە کانیان تێکەڵن لەخێڵەکانی جاف و شێخ و سەید , هەروەها دێهاتەکانی"قوڵی متکان, کۆساوا, ڕێشاو, لەە, سازان, بۆین, دەڵەمەڕ, گردەنازێ ,مۆردین" ئەمانەش سەر بەعێلی گەورەی جافن و لەخێڵەکانی (ئێناخی,کۆکۆیی, زەردۆیی) پێك هاتوون , جگە لەسازان هەندێ ماڵە شێخی تێدایە , دێهاتەکانی "چاوگ, باوەکۆچەك, چنار کۆکۆیی" کەسەر بەعێلی جافن و بەعەشیرەت کۆکۆین, هەروەها دێهاتەکانی "بەشارەتی سەروو, بەشارەتی خواروو"سەر بەعێلی جافن و لە خێڵی نەوڕۆڵی و یارەویسین).(1)

خێڵی نەوڕۆڵی پێکهاتەیەکی زۆربوون لەناو جافدا و لەگوندەکانی "سەراو, پریس, بەرجۆگە, دەڵێن" داژیاون, هەروەها لەدێهاتەکانی دەوروبەری هەڵەبجەش نیشتەجێ بوون وەکو"حەسەن ئاوا(هەسەناوا), بامۆك, بەکراوا, تریفە",(2)ئەم خێڵەلەبنەڕەتدا نزیکەی(600)خێزان بوون, دابەش بوون بەسەر 16 دێدا لای شاری هەڵەبجە(3)

خێڵی شەمێرانەییەکانیش بەشێکی تری پێکهاتەی ئەم شارەن کەسنووری جوگرافیایان لەناوچەی (شەمێران وهەڵەبجە)دایەو هەندێکیشیان لەدیوی ئێرانن,ناوچەی شەمێران دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای هەڵەبجە(4), ئەمانیش لەهۆزی جاف بوون ئەم خێڵە لەخەڵکی گوندەکانی بەشی پیرگ و ئیمامی زامن پێگ دێت, هەروەها خەڵکی گوندەکانی (وڵوەر, دەنگەوەر, کۆکۆی, چەمەڕەش, کانی کەوە, شەمێران, توڵەبی, دڵف)یش دەگرنەوە.(5) هەروەها بەشێکی تری پێکهاتەی ئەم شارە خەڵکی ناوچە هەورامیەکانن کەئەمیش ناوچەی جیاواز دەگرێتەوە , لەوانە گو ندەکانی دەوروبەری ناحیەی خورماڵ کە"دەرەشیشی سەروو, دەرەشیشی خواروو" دەگرێتەوە ,

هەروەها خەڵکی ناحیەی بیارە کەئەمیش شارۆچکەی تەوێڵەو دێهاتەکانی دەوروبەری دەگرێتەوە کەژمارەیان

..................................................................................................................................

(1)شەوکەتی حاجی مشیر هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی1988, سەرچاوەی پێشوو, لا57,54.

(2)كەریم بەگی فەتاح بەگی جاف,تەئریخی جاف, سەرچاوەی پێشوو, ل139.

(3)فؤاد حمةخورشيد, العشائر الكردية, المصدر السابق, ص85.

(4)مەحمود عەزیز حەسەن, کورتەیەك لەمێژووی هۆزی جاف و باسی هەندێك لەتیرەکانی , سەرچاوەی پێشوو, ل26.

(5)ئارام مەجید عەلی, چەردەیەك لەمێژووی عەشیرەتی شەمێران, چاپی یەکەم, چاپخانەی گەنج, 2014, ل36,31.

زۆرەو هەموو خەڵکەکەی هەورامی زمانن..هەروەها خەڵکی دێهاتەکانی"هاوار, هاوارەکۆن, دەرەتفێ" ئەمانە هەموو کاکەیین واتە ئەهلی حەقن و بەزمانی هەورامی و سۆرانی قسەئەکەن(1)

بەشێوەیەکی گشتی ئەم خێڵانە لەهەڵەبجەدا نیشتەجێ بوون:"کۆکۆیی, زەردۆیی, شەمێرانەیی, نەوڕۆڵی, ئیناخی, ئیمامی, تاوگۆزی کەلەناوچەی تاوەگۆزیدا نیشتەجێبوون"(2) , بەڵام جگە لەم خێڵانە کۆمەڵێك پێکهاتەی کۆمەڵایەتی تر لەم شارەدا هەن کەبەشێکی زۆرن لەهەڵەبجەدا کەزۆر جار بەخێڵ ناو دەبرێن, بەڵام لە بنەڕەتدا خێڵ نین , ئەمانەش وەك هەورامیەکان, کەبەهەورامی قسەدەکەن و بەشێکی زۆری هەڵەبجە پێك دێنن لە ئێستادا, هەروەها کاکەییەکان کەپێشتر باسکران, عەبابەیلێیەکان کەبەشێکی گەورەی هەڵەبجە پێك دەهێنن و سەر بە و عەشیرەتانەی سەرەوە نین و بەناوی گووندەکەیانەوە ناسراون, بەڵام لەبنەڕەتدا دەچنەوە سەر عێلی جاف, لەگەڵ ئەوەی ئەم خێڵ و پێکهاتانە بەسەر شارەکەدا دابەش بوون بەتێکەڵی بەڵام تاڕادەیەك ڕیزبەندی تیا بەدی دەکرێت بەجۆرێك کەهەر گەڕەکێك زۆرترین ڕێژەی خێڵێك یان پێکهاتەیەکی تێدایە, (خێڵی ئێناخی و بۆینیەکان* ڕۆژهەڵاتی شاریان گرتووەتەوە , عەبابەیلێیەکان, زۆربەیان کەوتوونەتە باکوری هەڵەبجەوە , کۆکۆیی یەکان دەکەونە ڕۆژئاوای شارەوە, نەوڕۆڵی یەکان دابەش بوون بەسەر باشوورو ڕۆژئاوادا, گەڕەکی شارەوانی یەکیش لە گریانەیی و کاکەییەکان پێك دێن, شارەوانی دووش هەورامی یەکانی تێدایە بە خەرپانەیی و بەڵخەیی و بەشێکی کەمی شەمێرانەییەکانیشی تێدایە)(3) , کانی قوڵکەش بەشێکی هەورامی یەکان و هەندێك لەخەڵکی گوندی عەنەبی تێدایە, ئەمە تەنها هەندێ گەڕەکن , بەڵام گەڕەکەکانی تر بەتێکەڵاوی پێکهاتەکانی تیا دابەش بووە ,عێلی جافیش بەشێکی گەورەی هەڵەبجە پێك دینن , چونکە زۆربەی خێڵەکان سەربەعێلی جافن ,ئەمە کورتەیەك بوو لەبارەی پێکهاتەی کۆمەڵا یەتی شارەکەوە.

..............................................................................................................................................

(1)شەوکەتی حاجی مشیر هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی 1988, سەرچاوەی پێشوو, ل57-59.

(2)مەحمود عەزیز حەسەن, کورتەیەك لەمێژووی هۆزی جاف و باسی هەندێك لەتیرەکانی , سەرچاوەی پێشوو, ل26.

(3)چاوپێکەوتن لەگەڵ کاك غفار احمد محمد , سەرپەرشتیاری ئاماری هەڵەبجەلە فەرمانگەی ئامار, 2016/10/25.

*بۆینیەکان سەربەخێڵی کۆکۆیین, بەڵام هەندێ جیاوازی کەم لەنێوانیاندا هەیە , ئەوەی زۆر جیایان دەکاتەوە ,بۆینیەکان کەمتر دەچنە بەر خوێندن و زیاتر گرنگی بەپیشە دەدەن, بەڵام کۆکۆییەکان بەشێکی زۆریان مامۆستاو خوێندەوارن, بۆین ناوی لادێکەیانە,بۆیە بەو ناوەوە ناسراون, لەهەندێ داب ونەریتا لەئێناخیەکان دەچن. لەبەرئەوە بەتایبەت ئاماژەم پێ نەکردوون.

## لایەنی زانستی:

هەڵەبجە شاری شاعیران و ئەدیبان بووە وچەندین کەسی بەناوبانگی تیا هەڵکەوتووە لەو ناودارانەش (نالی گۆران,ئەحمەد موختارجاف, تاهیربەگ,مەولەوی, عادیلەخانم, وەلی دێوانە, حیلمی, صالح هەژار,ع.ع.شەونم, قانع کەزۆربەی ژیانیان لەم دەڤەرەدابەسەربردووە, محمد امین کاردۆخی,فائق بێکەس, چەندەهای تر.(1)

مزگەوتەکانی هەڵەبجە هەمیشە دەرگایان لەڕووی زانست و زانیاری و کاروباری ئیسلامیەوە والآبووەو زۆر کەسانی شارەزایان لەو بوارەدا پێگەیاندووە, خەڵکەکەشی بەپەرۆشەوە بەرەو پیری ئەمە چوون, بوونی ڕۆڵی ئەم شارە لەبواری ئاین و ئاین پەروەریدا شتێکی تازە نەبووە, بەڵکو هەر لە کۆنەوە ئەم شارە جێگای دیاربووە, لە سەردەمی دەسەڵاتی جافەکاندا کەسانی ئاینی پێگەی تایبەتیان هەبووە, ژمارەیەکی زۆری مزگەوتی هەڵەبجە لەلایەن جافەکانەوە دروست کراوە, (عادیلەخانم) یش وەك ئافرەتێکی دیاری جافەکان حەزی بەئاین پەروەری کردووەو (مزگەوتێکیشی بەناوی مزگەوتی خانمەوە درووست کردووە تێچوون و پێداویستی مزگەوت و مەلاو فەقێکانی لەئەستۆ گرتووە.)(2)

(بیروباوەڕی ئاینی ڕۆڵێکی تایبەت و دیاری لەژیانی کۆمەڵدا هەیە, بگرە زۆرجاردەبێتە ڕێنماییکەری ژیان و سیاسەتی دەوڵەت, بەو پێیەی کەئاین لە توخمە پێك هێنەرەکانی کۆمەڵەو لێ ی ڕادەبینرێ بنەمای ژێرخانی دەوڵەت بتەوتر بکات و ببێ بەتوخمێکی سەرەکی هێزی سیاسی دەوڵەت,لەزۆر کۆمەڵدا ئاین ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی لەیەکگرتوویی و تەبایدا هەیە, سەرەڕای جیاوازی ڕەگەزیی , بەمەش ئاین دەبێتە هێزی گرێدەری کۆمەڵ) ,(3)

(بیروباوەڕی ئاینی کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر ژیانی دانیشتووان لەڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەو داب و نەریتانەی کەلەنەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆنەوەیەکی تر(4)

جگە لەمانەش مزگەوتەکانی هەڵەبجە هەمیشە وەك قوتابخانەیەك بوون بۆفێرکردنی زانستی ئاینی هاووڵاتیان.

.......................................................................................................................................

(1) حسین خەلیفە محمد, چەمکێك لەمێژووی کارەساتەکانی کوردستان و هەڵەبجەش لەم مێژووەدا, سەرچاوەی پێشوو, لا12.

(2)مەلامحەمەدی چرۆسانی, یاداشتەکانی منداڵی و بەشێکی سەردەمی فەقێیەتی مامۆستا,سەرچاوەی پێشوو, لا22.

(3) جەزا توفیق طالب, بایەخی جیۆپۆلۆتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق,چاپی دووەم, سلێمانی,2000,لا124.

(4)عطا حمەلاو حمەیوسف, پارێزگای هەڵەبجە (لێکۆڵینەوەیەك لە ژمارەی دانیشتووان) , سەرچاوەی پێشوو, لا123.

(چەند هۆکارێك هەبوون کە بووەتە هۆی ئەوەی ئەم شارە جێگای دیاری هەبێ لەڕووی ئاینیەوەلەوانە بوونی کەسایەتی و بنەماڵە و تەکیەو نزرگەو...هتد کەڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەئاینی ئیسلامدا, وەك بنەماڵەی موفتی هەڵەبجە ,حەزرەتی شێخ عەبدوڵلاّی خەرپانی, کەکەسایەتی ناوداری زانستی و ئاینی ناوچەکە بووە).(1) لەو تەکیەو نزرگانەش تەکیەو خانەقای شێخ عوسمان سراج الدین ی تەوێڵە, کەجێگەی خواپەرستی و فێر بوونی خوێنەواری دینی و صۆفی بووە ,خانەقای بیارە,مەرقەدی شێخ حسام الدین لە باخەکۆن,مەرقەدی ئەبا عوبەیدەی ئەنصاری لەدێ ی عەبابەیلێ, مەرقەدەکانی دێی هانەسوورە لەناوچەی نەورۆڵی, مەرقەدی میری سوو, مەرقەدی شێخ مارفی نێرگسەجار,,شێخ ئامۆش, کەجێگە نزرگەیەکی بەناوبانگە بۆ نەخۆشی و چارەسەرو نیاز دەسکەوتن,ئەکەوێتە نێوان گوندی بۆین و گوندی ڕێشاو لەپشتی هەڵەبجە,سوڵتانی ئیسحاق کە جێگە نزرگەی کاکەییەکانە لەهاوار)(2), ئەم شوێنە بەناوبانگانە هەندێکیان لەناو شاری هەڵەبجەدا نین و لە دەورو بەری شارەکەدان, بەڵام ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لەبواری ئاینیداو کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتیش هەبووە.

### لایەنی کۆمەڵایەتی:

ئەم شوێنە ئاینیانە وای لەم شارەکردووە کەخەڵکی زۆروجۆراوجۆر سەردانی ئەم شارە بکەن,بەمەش پەیوەندی کۆمەڵایەتی درووست بووە لەنێوان خەڵکی شارەکەو کەسانی بێگانەو دەرەوەی شاردا, لەم پەیوەندیانەشدا ئاشنایی کلتورو هەڵس و کەوت و نەتەوە دروست بووە , هەموو ئەمانەش مۆرکێکی کراوەییان بەخەڵکی هەڵەبجە بەخشیوە کە کاریگەری باشی هەبووە لەسەر پێشکەوتن و ڕۆشنبیری خەڵکی , هەندێ جاریش ئەم پەیوەندیانە وای کردووە کە ئاشنا بن بەکەسانی بێگانە وبەرگەی گۆڕانکاریەکان بگرن,لەوانەش بوونی پەیوەندی هاوسەرگیری دەرەکی بەپرۆسەیەکی ئاسایی سەیرکراوە لەکاتێکدا کەئەم شارە پێکهاتەیەکی خێڵەکی هەیە , لەمێژووی ئەم شارەشدا هاوسەرگیری دەرەکی بوونی هەبووە بۆ نموونە لەکاتێکدا کەجوولەکە کان لە هەڵەبجەدا ژیاون ژن و ژنخوازی لەنێوان جوولەکەو کووردەکاندا هەبووە.

لەڕووی کاری خێرخوازیشەوە دەرگایەکی هەمیشە کراوە بووە بۆ چارەسەرکردن و بەدەمەوە هاتنی خەڵکی

.................................................................................................................................

(1)هەورامان علی توفیق,هەڵەبجە(کارەساتی ساڵی 1988), سەرچاوەی پێشوو, لا123.

(2)شەوکەتی حاجی مشیر هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی 1988, سەرچاوەی پێشوو, لا67-68.

هەژارو کەم دەرامەت و ئەوانەی تووشی کێشە دەبوون و داوای هاوکاری و یارمەتیان دەکرد, ئەمەش داب و نەریتی خەڵکی ئەم شارە بووە بۆ لێقەماوان و لە مێژوودا ئەمەیان سەلماندووە هەرلە سەردەمی کۆنەوە کە جوولەکەو کوردەکانی هەڵەبجە لەگەڵ خەڵکی غەریب و نامۆ بەرێزبوون و هەمیشە رێزی میوانیان گرتووە , کلتووری میوانداری لەم شارەدا گرنگی پێ دراوە, شارێکی میوان پەروەر بوون و هەمیشە جێگەی حەوانەوەو پەنادانی ئەو کەسانە بووە کەلەدژی زوڵم و زۆرداری هەڵهاتوون و وەك خانەخوێ ڕوویان تێ کردووە, لەوێش هەمیشە ڕێزیان لێ گیراوە, بەلاّم ئەوەشمان بیر نەچێت کە تەکنەلۆجیاو گۆڕانکار یەکان و دەرکەوتەکانی جیهانگیری تارادەیەك کاریان لەم داب و نەریتانە کردووە بەتایبەت دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بەلاّم ئەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریەش کلتوری میوانداری تارادەیەکی باش لەم شارەدا ماوە, باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە هەژارترین شارە لەژمارەی میوانخانەدا .

هەروەها سەرەڕای ئەوەی کەهەندێ گۆڕان لەشێوازی ژیانی ئەم شارەدا ڕووی داوە بەلاّم خەڵکی ئەم شارە لەزۆر باردا لەداب و نەریتی کۆنی کوردەواری لایان نەداوەو لەهەوڵی پاراستنیدا بوون, بەڵگەش بۆ ئەمە (نەئە چوونە ژێرڕکێفی ئەو بڕیارانەی کەڕژێمی بەعس دەریەکرد لە هەشتاکاندا لەبارەی پۆشینی جل و بەرگی فەرمی تەنانەت لەناوەندی و دواناوەندی یەکانی ئەوکاتەی هەڵەبجەدا جلی کوردی بۆ قوتابخانە لەبەر ئەکرا کەتاقە قەزایەك بوو ئەم سیستەمەی دەسەلاّتی پەیڕەو نەدەکرد)(1)

## لایەنی ڕۆشنبیری:

هەڵەبجە لەڕووی هونەرییەوە شان بەشانی پارێزگای سلێمانی ڕۆشتووە لەوکاتەی سلێمانی سینەمای تیادابووە , هەڵەبجەش تیایدابووە, هەروەها چەندەها تیپی سروودو گۆرانیهەبوون, لەوانە تیپی سروودی شنروێ( هەڵەبجە جێ دەستی خۆی دەرخستوە, زۆرگەنجی تیا هەڵکەوتووەکەهەوڵیان داوە شارەکەیان لەبوارەکانی ئەدەب و وەرزش و کۆمەلاّیەتی و ئابووری ڕامیاریدا پێشەنگ بێت, هەربۆیە لەسالاّنی حەفتاوە تاناوەڕاستی هەشتاکان هەڵەبجە چەندین چالاکی هونەری پیشکەش بەهونەری کوردی کردووەو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە)(2)

.............................................................................................................................................

(1)هەورامان علی توفیق،هەڵەبجە(کارەساتی ساڵی 1988)، سەرچاوەی پێشوولا9.

(2)هەورامان علی توفیق، هەمان سەرچاوەی پێشوولا6.

لەڕووی ڕۆشنبیریەوە هەڵەبجە تایبەتمەندی خۆی هەبووە، بە شاری شاعیران و هەڵکەوتووانی فیکری و کاروباری ڕۆشنبیری ناسراوە. خەڵکەکەی هەمیشە ووشیاربوون،تەنانەت بەرامبەر هەر زوڵمێك كەلێیان کراوە چۆکیان دانەداوە، ئەمەش وای کردووە ئەم شارە لەڕووی شارستانیەوە هەنگاوی پێشکەوتوو بنێت .

ئەم شارە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەشۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا، خەڵکەکەی چەندخەریکی بژێوی ژیان و کارو کاسپی بوون ئاواش بۆبەدیهێنانی مافی نەتەوەییان دڵسۆزبوون بەڵگەش بۆ ئەمە بەشداری و پێشەنگیان بووە لەشۆڕشەکانی مێژووداو زۆربەی ڕاپەڕینەکان دژی ستەم و زۆرداری، لێرەوە سەری هەڵداوە وەك لە باسەکانی پێشەوە باس کراوە.ئەمەش وای کردووە هەرلەکۆنەوە ئەم شارە ببێتە شوێنی ململانێ و بەربەرەکانی هێزەکانی ناوچەکەو دەوروبەری بەرۆژئاواو ڕۆژهەلاتەوە،ئەنجامی ئەمەش هەردەم کاول کاری و ئاوارەبوونی لێ نەبڕاوە، ئەگەر مێژووی هەریەك لەپارتە سیاسیەکانی کوردستان ببینین، زۆربەیان لەم شارەدا سەری هەڵداوە، هەروەها مەڵبەندی کوردایەتی و شۆڕش بووە(پارتی کۆمۆنیست، یەکێتی نیشتمانی، پارتی دیمووکراتی، لایەنە ئیسلامیەکان)،مەڵبەندیان ئەم شارەبووە.

## ڕۆڵی ژن:

شاری هەڵەبجە یەکێکە لەو شارانەی کەژن لەزۆر کارو شوێن دا ڕۆڵی هەبووە، وەئافرەت لەهەندێ شتدا بڕیاری بەدەست بووە، لەمێژووشدا ڕۆڵی ئافرەت لەم شارەدا تۆمارکراوە، (دیارترینی ئەو ئافرەتانە (عادیلە) خانم بووە، کەژنی وەسمان پاشابووە)(1)ماوەیەك دەسەلاتی هەڵەبجەی لەژێر دەستدا بووەو زۆر کاری گرنگی کردووە، ئەم ئافرەتە لەسەر ئاستی وولاتانی دەرەوەش ناوبانگی هەبووە، لەم بارەوە مێجەرسۆن دەڵێت(هەڵەبجە گوندێکی بچووك بوو. بووە شارێك لەپەنا شاخێکدا، بەفەرمانی خانم دەوروبەری هەڵەبجە بەباخ ڕازاوەتەوە)، ئەم خانمە کاری گرنگی زۆرکردووە، لەوانەدرووست کردنی سێ کۆشکی نایاب کەیەکێکیان کۆشکەکەی خۆی بووە، هەروەها پشتگیری زۆری لەبازرگانێتی کردووە لەناوچەکەدا بەجۆرێك بووەتە جێگەی بایەخی تورکەکان .(2)

.............................................................................................................................................

(1)فؤاد حمةخورشيد, العشائرالكردية, المصدرالسابق, ص77.

(2)ميجرسون(ميرزاغلام حسين شيرازى),رحلةمتنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان, ترجمة:فؤادجميل, الجزء الأول, بغداد, 1970, ص281.

## سێیەم:پێكهاتەی ئابووری

لایەنی ئابووری یەكێكە لەلایەنە گرنگەكانی كۆمەڵگا و زۆر جار پەیوەندی بەكلتوورو شووناسی نەتەوەییەوە هەیە , ئەوكارەی كەدانیشتووانی ناوچەیەك پێی هەڵدەستن هۆكاری خۆی هەیە, ئەگەر بەگشتی باس لەكارو پیشەی ئەم شارەبكەین دەبینین بەشێوەیەكی گشتی خەڵكی ئەم شارە لەسێ كەرتدا كار دەكەن ئەوانیش (كەرتی گشتی كە(42,5٪ ) ی دەستی كاركەرپێك دێنێ , دوای ئەوە كەرتی كشتوكاڵ دێت بە ڕێژەی(29,4٪), ئەم ڕێژەیە بەبەراوردكردن لەگەڵ ناوچەكانی تردا زۆرە , چونكە لەدوای پرۆسەی نەوت بەرامبەر خۆراك لەساڵی (1997) بەدواوەو , بەتایبەتی تریش لەدوای پرۆسەی ڕزگاركردنی عێراق لەساڵی (2003) داو بونی پرۆسەی دامەزراندن بەلێشاو , زۆربەی گوندنشینان ڕوویان كردە شارەكان, ئەوانەشی لەكەرتی تایبەتدا كاردەكەن بەڕێژەی (26,8٪) دەبن كەئەمەش بواری پیشەسازی و بازرگانی دەگرێتەوە, ئەم ڕێژانەش بەپێ ی ئاماری ساڵی (2005) وەرگیراوە )(1)

ئەتوانین بڵێین ئەم سێ كەرتەی باس دەكرێت لەزۆر كۆمەڵگادا دەبینرێن بەلاّم جیاوازی لەڕێژەكاندا وێنای كۆمەڵگەمان لەزۆر ڕووەوە بۆدیاری دەكات, ئەوەی كەجێگای گرنگی و ئاماژە پێكردنە ئەوەیە كەئەم شارە تاڕادەیەك ئەو پیشانەیان تیا ماوەتەوە كەلەكۆندا باو باپیرانیان كردوویانە , لە زۆر شتدا بەتایبەت لە دروست كردنی هەندێ خۆراكی كوردی لەو بەرووبوومەی كەخۆیان بەهۆی كشتوكاڵ كردنەوە بەرهەمی دێنن , هەروەها بوونی پەیوەندی كۆمەلاّیەتی بەهێز لەنێوانیاندا بەتایبەت ئەوانەی لەناوچە كانی دەورووبەری شاردان , وای كردووە كەپەیوەست بن بەو پیشەیەی كەلەناویاندا هەیە و زۆرجاریش ئەو زەویەی كەلەباوباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە وەك بۆماوە ,كۆدەبنەوە تیایداو دەیكەن بەكشتوكاڵ یان باخ .....هتد.

### كشتووكاڵ و بەرووبوومی سرووشتی:

(دانیشتووانی ناوچەكە هەندێكیان خەریكی كشتوكاڵن وەك گەنموجۆچاندن, لەكۆنیشدابەتایبەت سالاّنی هەشتاكان خەریكی تووتن كردن بوون, جگەلەبوونی باخی هەنارو گوێزو ترێ وتوو...هتد).(2)

....................................................................................................................................

(1)عطا حمەلاو حمەیوسف, پارێزگای هەڵەبجە (لێکۆڵینەوەیەك لە ژمارەی دانیشتووان) , سەرچاوەی پێشوو, لا133.

(2)جەمال بابان ,ئەوانی تر, سلێمانی شارە گەشاوەکەم, سەرچاوەی پێشوو, لا219.

خەریك بوونی خەڵکی ئەم شارە بەکشتوکاڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەپیتی دەشتەکانی دەورووبەری, وەك دەشتی شارەزوور کەلەپێشتردا باسکرا,چونکە کشتوکاڵ چەند بنەمایەکی هەیە ئەوانیش(خاك,ئاو,دەستی کار), وەکۆمەڵگەی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەی دەشتی بەپیتی تیایە, دەرامەتی ئاوەکەشی هەموو جۆرەکانی سەرچاوەی ئاو دەگرێتەوە وەك(باران و بەفر,ئاوی ژێرزەوی,ئاوی سەرزەوی)کەڕووەك سوودی لێ وەردەگرێت.(1)

بۆیە خەڵکی ئەم شارە بەشێکی باشیان لەکەرتی کشتوکاڵدا کاردەکەن وەك لەباسەکانی پێشووتردائاماژەمان پێ کردووە, وە بەباخداریشەوە خەریك دەبن بەتایبەت باخی هەنار,ئەم شارە شاری هەنارەو باخی زۆری هەناری تێدایەو  لە بازاڕەکاندا کاتێ دەڵێن هەناری هەڵەبجە واتە خۆشترین و باشترین هەنار,خاوەن باخەکانیش لە وەرزی پێگەشتنی هەناردا,بەشێکی هەنارەکەیان لەبازاڕەکاندا دەفرۆشن, بەشەکەی تریشی کە ئەمێنێتەوەو لە پێویستی خۆیان زیادە یان لەبازاڕەکاندا نافرۆشێن, دەیکەن بەڕووبە هەنار, بەمەبەستی ساغکردنەوە ی ئەمەش چەند وێنەیەکی باخی هەناری هەڵەبجە لەوەرزە جیاوازەکاندا.

 

 

..........................................................................................................................................

(1)هەورامان کمال میرزا عبدالله, فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەییەکانی, سەرچاوەی پێشوو ,2013,ل21.

بەرهەمەکەیان, ئەمەش ڕێگای درووست کردنی خۆی هەیەو پیشەیەکە لەکۆنەوە تائێستە هەیە. جگە لەمەش هەنارەکە هەڵناگیرێت, بەلاَم کەکرا بەڕووبە هەنار هەم خراپ نابێ و هەم بۆزۆر مەبەستی تر بەکاردەهێنرێت , خاك و ئاوهەوای ئەم شارەش زۆر لەبارە بۆ باخی هەنار, (ئەم شارە لەڕووی بازرگانی و سەروەت و سامانی مەڕو ماڵاَتیشەوە بەرهەم هێنەری هەرەگەورەی وولاَت بووەو بەرهەمەکانی ناسراو بوون,بەتایبەت دەشتی شارەزوورو چیاکانی هەورامان, بەشێوەیەك کە دەیتوانی بۆ بژێوی دانیشتووانی پشت بە بەرهەمەکانی خۆی ببەستێ و بەرهەمە زیادەکانی ڕەوانەی بازاڕەکانی تری عێراق بکات).(1)

گرنگی ئابووری شاری هەڵەبجەش بەهۆی پێگەی گرنگی دەشتی شارەزوورەوەبووە , کەدەشتێکی بەپیتە , ئاوی سیروان لەچیاکانی هەورامانی جیادەکاتەوە, ئاوی لاپاڵەکانی هەموو ڕوودەکەنە دەشت و دۆڵی شارەزوور,وەك

ئاوی سلێمان ئاغاو زەڵم, زەویەکەی تێر ئاو دەکەن , کشتوکاڵەکەی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناوبانگی هەیە , پووشی بۆمەڕووماڵات زۆرەو گەنم و جۆو دانەوێڵەکەی لەجیهاندا وێنەی کەمە,(2)

**پیشەسازی:**

جگەلە کشتووکاڵ و باخداری شاری هەڵەبجە چالاکی پیشەسازیشی لەخۆگرتووە, بەپێ ی سەرژمێرییەکی ساڵی (2005), سەنتەری شاری هەڵەبجە (334)کارگەی تیایە کە(976) کرێکار کاری تێدا دەکات, لەکاتێکدا لەسەرئاستی هەموو قەزاکە(465) کارگە هەیە کە(359)کرێکار کاری تێدا دەکات, واتە لەکۆی(465) کارگە(359)یان لەسەنتەری شاردایە کەدەکاتە ڕێژەی لە(٪71)ی کۆی دامەزراوەکانی قەزاکە, وەلەکۆی (1359)کرێکار(976)کرێکاریان لەسەنتەری شارەکەدان کەدەکاتە(٪71)ی کۆی کرێکارانی دامەزراوە پیشەییەکان, ئەمەش دەریدەخات کەزۆرترین کارگەو دامەزراوەکان کەوتونەتە سەنتەری شارەکەوە.(3)هەموو ئەوپیشانەی کەباسکران لە کشتووکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەسازی و کارکردن لەدامو دەزگاکانی حکومەت, کاریگەریان لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەهێزبوونی خزمایەتی هەیە,جۆرەکانی پەیوەندیش زیاددەکات لەبەشەکانی تردا باسی لێوە دەکەین.

........................................................................................................................................

(1)هەورامان علی توفیق, هەڵەبجە(کارەساتی ساڵی 1988), سەرچاوەی پێشوو, لا7.

(2) جەلال ئەمین بەگ, جوگرافیای کوردستان, سەرچاوەی پێشوو, 1998,لا58.

(3)هەورامان کمال میرزا عبدالله, فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو کاریگەرییە ژینگەییەکانی, سەرچاوەی پێشوو 2013,لا99-100.

**کارووپیشەی دەست:**

خەڵکی هەورامانیش کەپێکهاتەیەکی ئەم شارەن لەکۆندا دەیەها جۆرە بەرهەمیان ئەهێنایە ناوناوان, وەك چنینی شاڵ بۆڕانك و چۆغە, دروست کردنی کوڵەباڵ و فەرەنجی و شەپقەی خووری و درووست کردنی کلاش و قەلەمبڕو پنەوتیرۆك و گەلێك وردەکاری تر کەتا ئێستاش هەر گرنگیان پێ دەدرێت.(1)هەروەها جگە لەهەورامیەکان خەڵکی هەڵەبجەش هەندێکیان ئەم پیشانەیان دەکرد وەك کلاش چنین, ئەم بەرهەمانە تائێستاش هەندێکیان گرنگی خۆی هەیە , وەك ڕانك و چۆغە* کەجلێکی جوانی گرانبەهایەو ئێستەش بۆ

بۆنەو ئاهەنگ و زۆركاتی تر لەبەردەكرێت لەگەڵ كلاَشا*, وەبازاڕی تایبەتی هەیەو چەند دووكانێكی تایبەت هەن بۆفرۆشتنی,ئەم بازاڕەش تەنها لەهەڵەبجەدا نی یە بەڵكو لەشاری سلێمانیشدا چەند دوكانێكی تایبەت هەن لەبازاڕی سابونكەران تایبەتن بە فرۆشتنی ئەم بەرهەمانەوە بەلاَم هەندێ لەو بەرهەمانە لەكۆندا زۆر بەكارهاتووەو ئێستا وانی یە, وەك كووڵەباڵ كەلە مووی ئاژەڵ دروست دەكرێت, ئەمە لە ئێستادا زۆر بەكارنایەت تەنها لای هەندێ لەپیاوە بەتەمەنەكان نەبێ .

هەموو ئەم باسانەی لەم بەشەدا ئاماژەمان پێكرد لە لایەنی مێژوویی وپێكهاتەی جووگرافی كاریگەریان لەسەر خزمایەتی و پەیوەندی كۆمەلاَیەتی و شێوازی خێزان كردووە, ئەو پێگە جووگرافیەی كە ئەم شارە هەیبووە لەڕووی بوونی ئاوو خاكی بەپیتەوە وای كردووە كەخەڵكەكەی زیاتر پەیوەست بێ بە شارەكەیەوەو, هەوڵی ئەوە بدات كەنەوەی زیاتر بخاتەوە بۆ پارێزگاریكردن لە موڵك و زەوییەكانی, ئەمەش پەیوەندی خزمایەتی بەبەهێزی هێشتووەتەوە, چونكە زیاتر پێویستیان بەیەكتری هەبووە.

.........................................................................................................................

(1) جەمال بابان ,ئەوانی تر,سلێمانی شارەگەشاوەكەم, سەرچاوەی پێشوو,لا219.

*ڕانك و چۆغە لەبەر گرانی نرخەكەی و تێچوونی كاتی زۆروو لێزانینی خەڵكی كەم لەم پیشە , هەندێ لەبازرگانەكان شێوە ی درووستكراوەكەیان لەوولاَتی چین هێناوەتە بازاڕەكانی كوردستان بەنرخی هەرزانتر, بەلاَم جیاوازی تیا دەبینرێت لەگەڵ بەرهەمە ڕەسەنەكەیاو خەڵك تەنها بۆمناڵ زۆرتر بەكاری دێنن

*كلاَش : ئەمە بەرهەمێكە كە هونەری درووست كردنی خۆی هەیەو وەك پێلاَو بەكاردەهێنرێت, لەگەڵ ڕانك و چۆغە و جلی تریشدا لەپێ دەكرێت, بنكەكەی لەپەڕۆ درووست دەكرێت و سەرەكەشی بەدەزوو دەچنرێت, لەپێ كردنی نەرم و خۆشەو ئێستەش زۆر كەس لەپێ ی دەكات.

# بەشی سێ یەم

# خزمایەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی

## باسی یەکەم:خزمایەتی

## باسی دووەم: پەیوەندی کۆمەڵایەتی

### بەشی سێ یەم: خزمایەتی و پەیوەندی کۆمە! :

خزمایەتی یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی بواری ئەنثرۆپۆلۆژیا, کە جێ ی گرنگی پێدانی زانایانی ئەم بوارەبووە, خزمایەتی دیاردەیەك نییە کەپەیوەست بێت بەقۆناغێك یان جێگایەکی ژیانەوە, بەڵکو لەگەڵ سەرەتای دروست بوونی مرۆڤایەتیەوە سەری هەڵداوەو تائێستەش بەردەوامە , لەگەڵ پەیدابوونی تەکنەلۆژیاو جیابوونەوەی پسپۆڕیەکان و سەرقاڵی کەسەکان, خزمایەتی ڕۆڵی خۆی لەدەست نەداوە, واتە ئەمانە کاریگەریان لەسەر

لاوازبوونی پەیوەندی خزمایەتی کردووە ,بەلأم نەیانتوانیوە ڕەگو ڕیشەی نەهێڵن, هەروەها (ئەنثرۆپۆلۆژیای خزمایەتی و خێزان یەکێکە لەلقە گرنگەکانی ئەنثرۆپۆلۆژیای کۆمەلأیەتی, لێکۆڵینەوەی خزمایەتی لە زانستی ئەنثرۆپۆلۆژیادا وەك لێکۆڵینەوەی مەنتق وایە لای فەیلەسوف)(1) .

(هۆکاری سەرەکی گرنگی دانی زانایانی ئەنثرۆپۆلۆژیا بەبابەتی خزمایەتی ئەگەڕێتەوە بۆئەو ڕۆڵە گرنگەی کەپەیوەندی خزمایەتی دەیبینێت لەژیانی ڕۆژانەماندا, جگە لەمانەش دانسقەیی بابەتی خزمایەتی و پەیوەندی بەنەریتە جۆراوجۆرەکانی هاوسەرگیری و شێوەکانی خێزان لەکۆمەلگە جیاوازەکاندا),(2)ئەم بابەتی خزمایەتی یە لەدەرەوەی خێزاندا گەشەی سەندوو گەورەبوو, بەشێوە گشتی یەکەی خزمایەتی خێزانی تێپەڕاندو زنجیرەی پەیوەندیەکانی درێژ بوویەوە .

کەواتەخزمایەتی پەیوەندی نێوان تاکەکانەو لە هەموو کۆمەلگاکاندا بوونی هەبووە بەبێ جیاوازی, بۆیە دەتوانین بلێین خزمایەتی ڕیشەو ڕەچەلەکێکی جیهانی هەیەو هەموو کۆمەڵە مرۆیی یەکان تیایدا هاوبەشن بە درێژایی مێژوو, لەم بەشەدا ئاماژە بەخزمایەتی و گۆڕانی ئەم خزمایەتی یە دەکەین , هەروەها جۆرو شێوازەکانی خزمایەتی و پەیوەندی یەکۆمەلأیەتیەکان بەشێوەیەکی گشتی و خستنە ڕووی هەموو ئەمانە لەکۆمەلگەی توێژینەوەکەمان کە هەڵبجەیە بەپشت بەستن بەسەرچاوە ئەنثرۆپۆلۆژیەکان و کۆکردنەوەی زانیاری مەیدانی لەکۆمەلگەی توێژینەوەدا.

............................................................................................................

(1) د.فاتن محمد شريف, الأسرة والقرابة(دراسات فى الأنثروبولوجيا الأجتماعية), الطبعةالأولى, دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشر,2006, ص25.

(2)د.احمدابوزيد, البناء الاجتماعى(مدخل لدراسةالمجتمع- الأنساق), الطبعةالثالثة, دارالنهضةالعربيةللكتاب,الأسكندرية, 1979, ص274.

## باسی یەکەم:خزمایەتی

### یەکەم :خزمایەتی بەشێوەیەکی گشتی :

خزمایەتی(kingship) یەکگرتنێکی باوەڕ پێکراوە لەڕووی کۆمەلأیەتی یەوە , کەپشت بەپەیوەندی خوێنی و ڕەچەڵەك و بنەچەی نێوان دایك و باوك و نەوەکانیان وخوشك و برا دەبەستێ, ئەم یەکگرتنەش دانراوە یان بەمانایەکی تر سەپێنراوە , وەکو ئەوەی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵە خزمایەتی یە گەورەکان دەبینرێت وەك هۆزو

تیرەو خێڵ ,ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە لەوانە خزمایەتی باوکی , خزمایەتی دایکی, خزمایەتی کەس و کار لەهەردوو خەتی باوك و دایکەوە, یان هەندێ جار ئەم خزمایەتی یە پۆلێنکراوە یاخوود پێناسەکراوە لەسەر بنەمایەك. (1)

لە قۆناغە کۆنەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا دیاری کردنی خزمایەتی پەیوەندی بەچەند هێماو زاراوەیەکەوە هەبووە کە کۆمەڵگا وێنەی بۆکێشاوە لەوانەش ,ڕازیبوون, پەسەندکردن, دەستوپێوەند(الموالی), لەخۆگرتن(التبنی),بانگەشە(الادعاء ),(2)درووست بوونی ئەم شێوازانە لەخزمایەتی کۆمەڵایەتی بەبێ بوونی پەیوەندی خزمایەتی خوێنی لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا, دەگەڕێتەوە بۆ زۆری سیستمی کۆمەڵایەتی, کە کۆمەڵێك ئەرك وکۆت و بەندی بەسەرتاکدا ئەسەپاند, وەك ئەوەی کەکۆمەڵێك تاك پەیوەست ئەبوون بەتەوتەمێکەوە, تەوتەمیش هەر شتێك بوو کە پیرۆز بوو لایان وەك ئاژەڵێك یان ڕووەکێك .(3)

سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی جیاوازی هەیە لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر بەڵام پەیوەندی خوێن بنەمای سەرەکی خزمایەتی یە لە زۆرینەی کۆمەڵگاکاندا , شاری هەڵەبجەش وەك کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان, کەپەیوەندی خزمایەتی تیادا بەهێزە, پەیوەندی خوێنی ڕۆڵی سەرەکی بینیوە و زۆربەی خێڵەکان خزمایەتیەکەیان لەسەر ئەم بنەمایەیە سەرەڕای بوونی هەندێ بنەمای ترلەگەڵیدا (کەدیارترینیان ئەوەیە لای

..............................................................................................................................

(1)د. شاكر مصطفى سليم, قاموس الأنثروثولوجيا, الطبعة الأولى,كويت, 1981, ص531.

(2) تەلارأحمد مصطفی, دەسەڵاتی بڕیاردان لەخێزانی کوردیدا,نامەی ماستەر, زانکۆی سلێمانی,کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان, 2009 , بلاۆنەکراوە, لا89-90.

(3) د.احمد ابوزيد, البناء الاجتماعی(مدخل لدراسةالمجتمع- الأنساق), المصدرالسابق, ص301.

کاکەییەکان* هەیە کە خزمایەتیەکان جگە لەخوێن لەسەر بنەمایەکی ئاینی یە .(1)

کۆمەڵێك گرووپ هەن کە بەهۆی ئەم خزمایەتییەوە دروست دەبن لەوانە بنەماڵە: کەیەکەم یەکەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی خێزانە, کاتێك وەچەی خێزانێك زۆردەبن و منداڵیان لێ دەکەوێتەوە, چەند خێزانێکی سەربەخۆ دروست دەبن بەناوی خێزانی یەکەمەوە دەناسرێن, هەموو خێزانە دروست بووەکان بەناوی خێزانەسەرەکیەکەوە دەناسرێن و دەڵێن بنەماڵەی فلاَن.(2)

یەکێکی تر لەگرووپە خزمایەتیەکان کەلەبنەماڵە گەورەترە, تیرەیە(الفخذ): کە کۆمەڵێکی خزمایەتین گەورەترن لە خێزان, تاکەکانی پەیوەستن بەیەکەوە بەپەیوەندی یەکی خزمایەتی ڕاستەقینە نەك سەپێنراو, بەچەند شتێك جیادەکرێنەوە لەوانە بوونی سەنتەرێکی ئاینی یان دنیایی , پراکتیکە کردنی فەرمانێکی دیاری کراو, هاوکاری و یارمەتی لەنێوان تاکەکاندا, وەتیرە بەشێکە لەخێڵ (ألعشیرة).(3)

ئەندامێتی تاك لەتیرەدا زۆر جار لەسەر بنەمای پلە و پایە دیاری دەکرێت, لەسەر ئەندامانی تیرەش پێویستە کە گوێڕایەڵی بەتەمەنەکان بکەن وڕێز لەڕاوبۆچوونەکانیان بگرن لەچارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکیەکانیاندا , ئەرکی ئەندامە گەورەکانیش ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی یەکانی تیرەو ئەو سرووتانە یە کەپێ ی هەڵدەستن, بۆمانەوەی ئەو پەیوەندی یە ئاساییانەی کەلەنێوان تیرەو هێزی سەروو سرووشتدا هەیە, لەسەر ئەندامی تیرەش پێویستە بەرامبەر هەموو ئەو ناکۆکیانە بوەستێ کە بەهۆی کەسی بێگانەوە ڕووبەڕووی تیرەکەی دەبنەوە ,.......................................................................................................................

*کاکەیی یەکان: کۆمەڵەیەکی ناسراون بەکوردستانی عێراق و ئێران و ئازەربایجان, پێکهاتەیەکی ئاینین, بەشێکن لەپێکهاتەی شارەکە, هەندێ داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان هەیە , شوێنە سەرەکیەکەیان گوندی هاوارە بۆیە بەهاواری یەکانیش ناودەبرێن, بەڵام ناوی ڕاستەقینەیان ئەهلی هەقە, لەڕووی بیروباوەڕی ئاینیەوە چوار چینن (سەید, باوە, مام, دەروێش), لەبارەی ژن هێنانەوە زیاتر لەخۆیان ژن دێنن, ڕێوڕەسمی مردوو ناشتنیان بەشێوەیەکی تایبەتە بەچاودێری (باوە).(کاکەیی, محمد ئەمین هەورامانی ل31)

(1)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: ماموستا ئاکوشاوەیس مەجید, وەك کەسایەتیەکی کاکەیی, لەیەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و بنەڕەتی لەهەڵەبجەی شەهید, 2016/10/25.

(2)د.عزت فتاح حمە صالح, ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان, نامەی ماستەری زانکۆی سلێمانی, 2005,ل52.

(3)د. شاكر مصطفى سليم, قاموس الأنثروبولوجيا, المصدر السابق, 1981, ص566.

لەوانە تۆڵە سەندنەوە لەکەسێك ئەگەر یەکێك لەئەندامەکانی تیرەی کوشتبێت. (1)

(هەر لەناو خزمایەتیدا خێڵ (العشیرە) هەیەکەئەمیش کۆمەڵێك خەڵکن لەهەردوو ڕەگەز, خێڵ بەشێکە لەهۆز و زۆر جار لەچەند تیرەیەك(الفخذ) پێك دێت ),(2)هەروەها لەخزمایەتیدا هۆز(القبیلة) هەیە ئەمیش یەکەیەکی کۆمەڵایەتی یە کەلە خێزان و بنەماڵە گەروەترە, بەسادەیی و تەسکی لەسنووری پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکاندا جیادەکرێتەوە,(3) ئەم یەکەیە لەکۆمەڵێك تاك پێك دێن کەلەپێگەیەکی جوگرافی دیاری

کراودا دەژین , هەندێ کات هۆز بەش بەش ئەبن بۆشوێنی جیاواز,تاکەکانی هۆز یەك زمانی گفتو گۆو زاراوەیەکی دیاری کراویان هەیە جیا لەزاراوەی هۆزەکانی تر کەبەهەمان زمانی ئەمان قسەدەکەن.(4)

لەگەڵ ئەوەی ڕیزبەندی خزمایەتی بنەمایەکی سەرەکی دروست بوونی خێڵەکانە لەشاری هەڵەبجەیدا بەڵام لەم ڕیزبەندیەدا جیاوازی دەبینرێت, هەندێ خێڵ لەسەر بنەمای پشت دروست بوون , واتە خزمی باوك بنەمای سەرەکی درووست بوونی خێڵ بووە وەك ئەوەی لای نەوڕۆڵی یەکان و شەمێرانەیی یەکان هەیە,(5)بەڵام لای هەندێك لەگەڵ ئەوەی گرنگی دراوە بە خەتی باوك بەڵام خەتی دایکیش فەرامۆش نەکراوە, واتەبنەمای درووست بونی خێڵ پەیوەندی خوێن بووە, ناوچەگەریش زۆر جار کاریگەربووە لەسەر درووست کردنی گرووپێکی وابەستەی پێکەوەبوو وەك ئەوەی لای عەبابەیلێ یەکان هەیە.(6)

هەندێکیشیان لەسەرەتاوە یەکەیەکی سیاسی بوون بەهۆی بوونی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی یەوە دروست بوون بەڵام لەبنەمادا خزم بوون و دواتریش بوونەتە یەکەیەکی خزمایەتی بەهێزوتۆکمە , وەك ئەوەی لای خێڵی

.......................................................................................................................

(1)لوسی میر, مقدمة فی الأنثروبولوجیا الأجتماعیة, ترجمة:. د.شاکرمصطفی سلیم, دارالشؤن الثقافیةالعامة, بغداد, بدون سنة الطبع, ص84.

(2)د. شاکر مصطفی سلیم, قاموس الأنثروثولوجیا, المصدرالسابق, ص70.

(3) د. ابراهیم ناصر, الأنثروبولوجیا الثقافیة(علم الأنسان الثقافی), الطبعة الثانیة, الاردن,1985,ص147.

(4)دینکن میشل, معجم علم الأجتماع ترجمةِ: د.احسان محمد الحسن, دارالحریة للطباعة, بغداد,1980, ص362.

(5)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: ئارام مجید علی لەعەشیرەتی شەمێرانەیی, فەرمانبەر لەزانکۆی هەڵەبجە, هەڵەبجە, 2016/11/12.

(6)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: مستەفا رەشید محمد , کەسایەتی بەتەمەن و ناسراوی عەبابەیلێ ی, هەڵەبجە, 2016/11/13.

کۆکۆییەکان هەیە, (1)هەندێکیشیان بەهۆی بوونی شێوەزاری هاوبەشەوە درووست بوون واتە بنەمای تایبەتی خۆیان هەیە وەك ئەوەی لای هەورامیەکان هەیە,(هەورامی یەکان خێڵەکی نین و هۆزو تیرەش نین, بەڵکو کۆمەڵگایەکن خاوەن داب و نەریت و سیستمێکی تایبەتن کەبەتۆڕێك لەپەیوەندی یەخزمایەتیەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە, سیستمێك لەپەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکانیان هەیەکەپێك دێت لەپەیوەندی یە ئاڵوگۆڕەکان, کەکار لەیەکتری دەکەن و بەیەکەوە بەستراون و تەواوکەری یەکترن و کۆمەڵگا ڕێك دەخەن و یەکەیەکی

خزمایەتی پەیدادەبێت بەناوی(بنەماڵەوە), کەزۆری پەیوەندییەکان و داب و نەریتەکان و تەنانەت هەڵس و کەوتی تاکەکان ناوبانگی بنەماڵە کاریان تێ دەکات.(2)

خێڵ نەبووەتە شێوازێکی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگاکان بەڵکو تایبەتمەندی کۆمەڵگا بەش بەش کراوەکانە , یاسای ئەم کۆمەڵگانە لەسەر ئەوە دەڕوات بەڕێوە کەهەر خێڵێك (العشیرة) بەهاو داب ونەریت وهۆکاری کۆنترۆڵی خۆی هەیە لەبەڕێکردنی کاروباری تاکەکانیدا , هاوبەشی و بەشداری کردنی ژمارەیەك تاکە کەلەیەك ڕەچەڵەکن , جائەم ڕەچەڵەکە ڕاستی بێت یان نا, زۆرجار کۆمەڵێ خێڵ یەك دەگرن لەسەربنەمای هاوپەیمانێتی, یان بەهۆی تەوتەمێکی تایبەتەوە کۆدەبنەوە , لەوکاتەدا بەپەیوەندی یەکی نزیکی تەوتەمی تاکەکانی پێکەوە گرێ دەدرێن جگە لەو پەیوەندی یە خزمایەتیەی کەلەنێوانیاندایە(3)کۆمەڵگەی کوردیش کۆمەڵگەیەکی بەش بەش کراوە بۆیە سرووشتێکی خێڵەکی هەیە, هەڵەبجەش وەك بەشێك لە کۆمەڵگەی کوردی سیستمی خێڵەکی تێداباوە.

لەگەڵ ئەوەی پێکهاتەو خێڵەکانی هەڵەبجە بەشێوەیەکی گشتی لەزۆر شێوازی خزمایەتی و داب و نەریت و ڕێوڕەسمی بۆنەکاندا لەیەك دەچن بەلاَم هەندێ تایبەتمەندی وجیاوازیش دەردەکەوێت کەزۆر جار جیاکاریەك

........................................................................................................................................

(1)چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا فارس علی عارف, لەعەشیرەتی کۆکۆیی, هەڵەبجە, 2016/11/12.

(2)د.عزت فتاح حمه صالح, ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان, سەرچاوەی پێشوو, لا52.

تێبینی: خێڵ ووشەیەکی کووردی یە وبەرامبەر ووشەی (العشیرە) بەکارهاتووە, لەم توێژینەوەدا ووشەی خێڵ بەکارهێنراوە بۆ گرووپە خزمایەتیەکانی هەڵەبجە,لەسەر ئەو بنەمایەی کەخێڵ لەچەند تیرەیەك پێك دێت و لەهۆز بچوکترە, بەلاَم هەندێ لە گرووپەخزمایەتیەکان خێڵ نین, لەبەرئەوە ووشەی پێکهاتەم بۆ بەکارهێناون, وەك(کاکەییەکان,هەورامیەکان,عەبابەیلێیەکان)

(3) عبد علي المالکی ,المدخل الی الأنثروبولوجیا الأجتماعیة , دارنیبور للطباعة والنشر,2014,ص94.

دەبەخشێت بەو پێکهاتەیە , وەك ئەوەی کەلەناو کاکەیی یەکاندا هەیە کەزۆر بەدەگمەن لەدەرەوەی خۆیان هاوسەرگیری دەکەن, لەهەمان کاتدا لای هەورامی یەکان وانی یە(زیاتر لەدەرەوەی خۆیان هاوسەرگیری دەکەن) لەکاتێکدا کەشێوە زارێکی تایبەتیان هەیەو پەیوەندی خزمایەتیان بەهێزە.

هەر لەسەر گرووپە خزمایەتیەکان و بنەمای درووست بوون و هەندێ یاساو ڕێسایان, (زانایانی ئەنثرۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی گرنگی یەکی زۆریان داوە بە شی کردنەوەی نەسەقەکانی خزمایەتی لە کۆمەڵگە دیاری کراوەکاندا ,

هۆکاری ئەم گرنگی پێدانەش گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگ و تایبەتەی کەخزمایەتی هەیبووە لە کۆمەڵگە نەریت خوازەکاندا,چونکە کارکەرێکی کۆمەڵایەتی بووە لەبەدی هێنانی یەکە کۆمەڵایەتیەکاندا) , (1) گومانیشی تێدا نی یە کەخزمایەتی لەگەڵ دروست بوونی ژیاندا ڕۆڵی بینیوە لەکۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگادا و هاوتەریب هاتووە لەگەڵ ژیانی مرۆڤەکاندا , چونکە خەڵك دەبنە خزم ئەگەر بیانگەڕێنیتەوە بۆپێشینە گشتی یەکەیان (خوێنی گشتی), بۆیە لەتوانای تاکدا نی یە خزمەکانی کۆمەڵگەکەی بەتەواوی بناسێ لەو کۆمەڵگانەی کە گۆڕان تیایاندا خێرایە, هەربۆیە ڕاوبۆچوونی زانایان جیاوازە لەسەر خزمایەتی چونکە کۆمەڵگاکان جیاوازن .

لەبارەی ئەمەوە (ڕڤرز)* دەڵێت خزمایەتی (دان پێدانانی کۆمەڵایەتی یە بە وابەستە ژیانیەکانەوە ), بەلام هەندێك لەنوسەرەکان زۆرباوەڕیان بەمەنیەو دەڵێن خزمایەتی پەیوەندی نیە بە زانستی ژیانەوە (بایولۆژی)(2) ئەوەش بەنموونە دێننەوە کەزۆر جار وابەستەبوونێ دروست دەبێت کە لە سرووشتدا نییە ,وەك لەکاتی ڕووداوی هەڵگرتنەوەی منداڵێك لەلایەن خێزانێکەوە دروست دەبێت ,بەڕای (ڕڤرز) خزمایەتی گوزارشتە لەپەیوەندی یە کۆمەڵایەتی یەکان لەناو چەمکە ژیانی یەکاندا(بایلۆجیەکان) , بەلام ئەو کۆمەڵگانەی کەزۆربەی ئەندامەکانیان مامەڵە پێکەوە دەکەن بەو پێ یەی کەنزیکن لەیەکەوە یان خۆیان بەخزم دەزانن لەکاتێکدا هیچ وابەستەبوونێکی بایلۆجی لەنێوانیاندا نی یە , ئەوە بەکۆمەڵگایەکی ناباو دادەنرێت(3)

.......................................................................................................................................

(1) د.عبدالرووف الصبغ , علم الأجتماع العائلي , الطبعة الأولى , دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر, 2003, ص35 .

*ڕڤرز(ولیم هولز ڕڤرز)(Rivers,William Halse River), (1864-1922), ئەنثرۆپۆلۆژی یەکی بەریتانی بووە, بە دامەزرێنەری قووتابخانەی بلاوبوونەوە دادەنرێت, توێژینەوەی لەسەرپەیوەندی خزمایەتی کردووە, لا828,قاموس الأنثروبولوجيا.

(2)لوسی میر, مقدمة فى الأنثروبولوجيا الأجتماعية, ت:د.شاكرمصطفى سليم, المصدر السابق, ص81.

(3)دينكن ميشل, معجم علم الأجتماع ,ت: د.احسان محمد الحسن المصدر السابق, ص186.

هەرئەم زانایە کتێبێکی دانا بەناوی خزمایەتی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەساڵی 1914 (القرابة والتنظيم الأجتماعي) لەم کتێبەدا باسی لەپەیوەندی نێوان ڕەگەزو(النسب) هاوسەرگیری و خزمایەتی کردووە , هەروەها (ڕادکلیف براون)*کتێبێکی هەیە بەناوی (بنیادو فەرمان لەکۆمەڵگەی سەرەتاییدا) (ألبنية والوظيفة فى

المجتمع البدائي) ,لەم کتێبەدا سیستەمە خزمایەتیەکان و ئەو چەمکانەی, کە پەیوەندی بەخزمایەتیەوە هەیە شی کردەوە.(1) بەڕای هەندێکیش دەرکەوتنی نەسەقی خزمایەتی دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی ڕێگە پێنەدانی هاوسەرگیری لەگەڵ خزمە نزیکەکان (زواج المحارم).(2)

سیستمی خزمایەتی پەیوەست بوونێکی وادروست دەکات کەزۆر جارئەندامەکانی گرووپێکی خزمایەتی لەپێناو یەکتری دا زۆر شت دەکەن, لەوانە تۆڵەسەندنەوە کەیەکێکە لەو بابەتە دیارانەی کەبەهۆی خێڵ و تیرەگەری یەوە پەرەی پێدراوەو چەندەها کاریگەری لێکەوتووەتەوە, ئەم تۆڵە سەندنەوە تاڕادەیەك لەناو هەندێ خێڵ و هۆزدا هەبووە لەکۆندا , بەڵام لەناو خێڵەکانی هەڵەبجەدا لە ئێستادا کەم بەدی دەکرێت , زۆربەیان پەنا دەبەنە بەر ئاشتەوایی و ڕێککەوتن , تەنها لای هەندێکی کەمیان نەبێت کە گرنگی پێ دەدەن و لەکاتی کوشتنی کەسێکی خێڵەکەیاندا پەنا دەبەنە بەرتۆڵەسەندنەوە, لەوانەش (عەشیرەتی ئێناخی و نەوڕۆڵی)(3)(نەوڕۆڵیەکان لەکۆندا گرنگیان داوە بەتۆڵەسەندنەوە بەڵام لەئێستادا وەلایان ناوەو گرنگی پێ نادەن ).(4)

گەلی کورد بەچەند تایبەتمەندی یەك لەمێژوودا ناسراوە کە بەڵگەن بۆئەوەی لەکۆندا تایبەتمەندی تۆڵەسەندنەوەی هەبووە( یەکەم نیشانە کەدیارە لەکەسایەتی کوردەکاندا بریتی یە لەخۆشەویستیان بۆ جەنگ ,ژیانی گەلی کورد ئاوایە (جیهان موڵکی ئازاکانە) , ئەمەش بەهۆی کاریگەری هۆکاری ململانێ دژی سروشت و مرۆڤ لەلایەك و ملکەچ بوونی بۆسیستەمی خێڵایەتی لەلایەکی ترەوە ,کورد پارێزگاربووە بەو پەیمانەی

..........................................................................................................................

*رادکلف-براون(Radcliffe-Brown)(1955-1881) زانایەکی ئەنثرۆپۆلۆژی بەریتانی بووە,لەزانکۆی کامبرج دەرچووە,توێژینەوەی لەسەردوورگەی (اندمان)کردووە, مامۆستای ئەنثرۆپۆلۆژیا بووە لەزانکۆی ئۆکسفۆرد, قاموس الأنثروبولوجيا,د.شكر مصطفى,لا802.

(1)لوسى مير, مقدمة فىالأنثروبولوجيا الأجتماعية, ت:د. شاکر مصطفى سليم, المصدر السابق, ص82.

(2) د.عبدالروؤف الصبغ, علم الأجتماع العائلى , المصدرالسابق, ص35 .

(3)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز:حاجی عارف عباس ئەحمەد, کەسایەتی بەتەمەنی عەشیرەتی ئێناخی, هەڵەبجە, 2016/10/25.

(4)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: شێخ نجم الدين محمد على, کەسایەتی بەتەمەنی عەشیرەتی نەوڕۆڵی, هەڵەبجە,2016/11/12.

داویەتیو قوربانی داوە لەپێناو خێڵدا, هەمیشە ئامادەیی بەردەوامی تێدابووە بۆجەنگ, لەلایەن هەندێ لە ئەوروپیەکانەوە ناونراون سوارەکانی ڕۆژهەڵات, وەجەختیان لەسەر تۆڵەی خوێنی بەزایەچوو کردووەتەوە).(1)

کاڵبوونەوەی ئەم دیاردەیەو وەلاخستنی لای هەندێك خێڵ کەدانیشتووی شاری هەڵەبجەن ئەوەدەگەیەنێت کە لەگەڵ نیشتەجێبوونی خەڵك لەشارداو پەیدابوونی گۆڕانکاری یە تەکنەلۆژیەکان , گۆڕانی داب و نەریت بەدوای خۆیدا دێنێ بەڕادەیەك, ئەمەش بەهۆی کاڵبوونەوەی پەیوەندی کۆمەلأیەتی و گەشەسەندنی تاکگەرایی و گۆڕانی کاروبەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن و پەرتەوازەبوونی ئەندامانی خێڵە بۆ چەند شوێنێك, بەتایبەت لە ساڵی (2000) بەدواوە, کەتا ئەوکاتەش شەڕی نێوان خێڵەکان هەبوو, گۆڕانی بیروبۆچوونی ئەم خێلأنە بەئاستی جیاواز ئەوە دەردەخات ئەو گۆڕانکاریە تەکنەلۆژیانەی کە کاریگەریان لەسەر داب و نەریت و بابەتە هەنووکەییەکانی خێڵ هەیە وەك تۆڵەسەندنەوە بەئاستی جیاوازە , ئەوەش بەئاشکرا بەدی دەکرێت کاتێ دەبینین لای هەندێ خێڵ کۆتایی بەم بابەتەهاتووە, لەکاتێکدا لای هەندێکی ترماوە, هۆکارەکەشی جیاوازی کەس و گرووپ و جۆری پەیوەندی یە کۆمەلأیەتیەکانە.

## دووەم: جۆرەکانی پەیوەندی خزمایەتی :

گومانی تێدانی یە, کەتاك پەیوەست دەبێت بەدایك و باوکەوە بەهۆی سرووشتی لەدایك بوونیەوە , واتە لەڕووە بایلۆجیەکەیەوە , دایك وباوکیش بەهۆی ژیانی هاوبەش و پەیوەندی ژن و ژنخوازیەوە بەیەکەوە پەیوەست دەبن و بەشدارن لەخستنەوەی منداڵدا, دایك و باوك و منداڵەکانیش بەهۆی ئەم پەیوەندییە بایلۆجیەوە پەیوەست دەبن پێکەوە , لەئەنجامدا پەیوەندی بەهێز لەنێوان ئەندامانی خێزاندا درووست دەبێت و پەیوەندی خزمایەتیش لێرەوە چەکەرە دەکات, بەلأم ئەم پەیوەندییە بایلۆجیانە بەتەنها سرووشتی خزمایەتی دیاری ناکەن , بەڵکوخزمایەتی دیاردەیەکی کۆمەلأیەتی یەو پەیوەندیدارە بەدیاردە بایۆلۆجیەکانەوەو لەهەموو بارودۆخەکانیشدا بەیەك جۆر ڕەنگ ناداتەوە, واتە پەیوەندیە بایلۆجیەکان هیچ نین جگە لەوەی خاڵی سەرەتان بۆدەرکەوتنی چەمکە کۆمەلأیەتیەکانی خێزان و خزمایەتی کەفرەیی و جیاوازی تایبەتمەندی یانە .(2)

.................................................................................................................................

(1) د. مجيد حميد عارف, الأثنوغرافيا والأقاليم الحضارية, بغداد,بدون مكان الطبع, آزار 1984, ص115.

(2) د.محمد الجوهرى وعلياء شكرى, مقدمة فى دراسة الأنثروبولوجيا, القاهرة,2007 , ص54.

لەهەندێ باریشا پەیوەست بوونی منداڵ بۆ دایك و باوك لەدەرەوەی پەیوەندی بایۆلۆجیدایە وەك هەڵگرتنەوەی منداڵ (التبني), یان هەندێ جار جگە لەمام و خاڵی ڕاستی بەهەندێ هاوڕێی سەرۆك خێزان ئەوترێ مامە ,

ئەمەش بەهۆی زۆر نزیك بوونەوەوە نەك بەهۆی هۆكاری بایلۆجیەوە, یان هەندێ كۆمەڵە هەندێ یاسایان هەیە لەبۆنەكاندا ئەویش ئەوەیە كەسێك, كەلەڕەگەزی نێر بێ ئەهێنرێ و بەهۆی سرووتێكی دیاری كراوەوە لەبەردەم خەڵكا دەكرێتە برا, لەكاتێكدا هیچیان نی یە لەڕووی بایۆلۆجیەوە , واتە ئەم پەیوەندی یە خزمایەتی یە كلتووری كۆمەڵگە دیاری دەكات, زۆر جار ئەم پەیوەندی یە خزمایەتییە  لەیەك چووە لەگەڵ پەیوەندی یە بایۆلۆجیەكەیا وەك پەیوەندی خێزانێكی ئاسایی (1),هەندێ جاریش پەیوەندیە خزمایەتیەكە جیاوازە لەگەڵ پەیوەندیە بایۆلۆجیەكەیاندا, وەك هەڵگرتنەوەی منداڵ لەلایەن خێزانێكەوە كە هیچ پەیوەندیەكی بایۆلۆجی لەنێوان باوك و منداڵی هەڵگرەوەدا نی یە و پەیوەندی یەكەیان پەیوەندی یەكی كۆمەڵایەتی یە ,لەكاتی بوونی منداڵی ناشەرعی (أطفال غیر الشرعین)یش دا هیچ پەیوەندیەكی كۆمەڵایەتی لەنێوان منداڵ و دایك و باوكدا نی یە بەڵكو پەیوەندیەكەیان تەنها پەیوەندیەكی بایلۆجی یە, هەر لەبەر ئەمەشە زانایانی ئە نثرۆپۆلۆژی جیاكاریان كردووە لەنێوان باوكی بایۆلۆجی و كۆمەڵایەتیدا, بۆیە دەتوانین بڵێین نەسەقی خزمایەتی لەكۆمەڵگەیەكەوە بۆیەكێكی تر جیاوازە هەروەك چۆن هەندێ لایەنی كلتور جیاوازە, بەڵام زۆربەی سیستمی خزمایەتی پشت بەستووە بە پەیوەندی بایۆلۆجی, كەمنداڵ و دایك وباوك پێكەوە دەبەستێتەوە.(2)

لەكۆمەڵگەی توێژینەوەدا پەیوەندی خزمایەتی پشت بەستوو بەپەیوەندی بایۆلۆجی تەنها لەنێوان ئەندامانی خێزاندا نی یە بەڵكوسنوور دەبەزێنێ بۆ دەرەوەی خێزان و پەیوەندی لەنێوان خزمەدوورەكانیشا هەیە, ئەم پەیوەندی یە بەجۆرێكە زۆرجار یارمەتی یەكتری دەدەن لەكاتی ناخۆشیدا, لای هەندێ خێڵ سندوقی كۆمەكی هەیە(لای ئێمە سندوقی كۆمەك هەیە هەركەسێك خاوەن خێزان بێت ساڵانە (15)هەزار دیناری عێراقی لێ وەردەگیرێ بەبێ زۆر لێ كردن, ئەم كۆمەكیەش بەكاردەهێنرێت بۆكاری خێرخوازی و ئەندامانی عەشیرەت)(3),

.........................................................................................................................................

(1) د.محمد الجوهری وعلیاء شكری, مقدمة فی دراسة الأنثروبولوجیا, بدون مطبعة, القاهرة,2007 , ص55 .

(2)دینكن میشل, معجم علم الاجتماع,ت: د.احسان محمد الحسن , المصدرالسابق, ص185.

(3)چاوپێكەوتن لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد محەمەد قادر, ئەمینداری سندوقی عەشیرەتی شەمێرانەیی, هەڵەبجە, 20017/4/23.

ئەم نەریتە لای زۆربەی گرووپەكانی تریش هەیە بەشێوەی جیاواز.

پەیوەندی خزمایەتی جۆری زۆرە و لای هەندێك بەپێ ی دوورو نزیکی و لای هەندێکی تر لەسەربنەمای سەری دایك و باوك , هەندێکی تریش لەسەر بنەمای خوێن و هاوسەرگیری ..هتد ,کەواتە پەیوەندی یە خزمایەتیەکان دابەش دەکرێنە سەر چەند جۆرێك لەوانە

1. پەیوەندی ژن و ژنخوازی : ئەم پەیوەندی یە دروست دەبێت لەنێوان ژن ومێردو ماڵە باوانیان , واتە ژن لەگەڵ ماڵی باوکی پیاو وەبەپێچەوانەوە ,لەوانە (شوبرا, ژن برا , دش, خەسو,خەزور...هتد) , هەموو ئەو پەیوەندیانەی تریش, کەبەهۆی ئەم ژن و ژن خوازیەوە دروست دەبێت , ئەم پەیوەندیەش تەنها پەیوەندی نێوان ژن ومێرد ناگرێتەوە بەڵکو هەموو ئەو پەیوەندیانە دەگرێتەوە کەلەگەڵ لایەنەکەی تردا درووست دەبێت, بۆئەم مەبەستەش هەرکۆمەڵگایەك کلتوری تایبەت بەخۆی هەیە بۆڕێکخستنی ئەم پەیوەندی یە و سیستمی جۆراو جۆر هەیە لەکۆمەڵگا جیاوازەکاندا (1)

2. پەیوەندی بایۆلۆجی: ئەوپەیوەندیانەیە کەدروست دەبێت لەنێوان کۆمەڵە کەسانێك کەلەڕووی کۆمەڵایەتیەوە باوەڕپێکراوە ئەمیش بەهۆی ئەو پەیوەندی یە بایۆلۆژیەی لەنێوانیاندا هەیە وەك دایك و باوك و کورو باپیرو خاڵ و مام و ئامۆزاو پورزاو خاڵۆزا, ئەم نزیکی یە بەهۆی خوێن و دەمارەوەیە چ لەڕێگەی دایکەوە یان باوکەوە .(2)

زۆربەی خەڵك, کەپەیوەندییەکی خوێنی یان بەیەکەوە هەیە لەگەڵ کەسێك یان چەند کەسێك بەهەر ڕێگەیەك بێت ئەوە کەس وکاری خۆیی یە و لە جۆری دووەمیانە , وە هەندێکی تریش, کە پەیوەندی ژن و ژنخوازی لەنێوانیاندا هەیە ,خزمایەتی یەکەیان لە سەر بنەمای ژن وژنخوازی یە و لەجۆری یەکەمیانە , ئەم دووجۆرە پەیوەندی یە بەڕێگای جیاواز ڕوودەدەن لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو لەکۆمەڵگایەکەوە بۆکۆمەڵگایەکی تر , بۆ نموونە پەیوەندی ژن و ژنخوازی چۆن ڕوو ئەدا ,کام لەکەسەکانن هاوسەرگیری دەکەن و

..............................................................................................................................

(1) د. محمد الجوهری وعلياء شكري, مقدمة فی دراسة الأنثروبولوجيا, المصدر السابق , ص86 .

(2) د.فاتن محمد شريف, الأسرة والقرابة(دراسات فی الأنثروبولوجيا الأجتماعية), المصدر السابق, ص27.

لەگەڵ کێ دەیکەن , لەهەندێ کۆمەڵگادا پێش هاوسەرگیری خزمن لەهەندێکی ترا وانی یە , وەپەیوەندی لەسەربنەمای خوێن چۆنە ,لەهەندێ کۆمەڵگادا لەدوای ئەوەش منداڵەکان هاوسەرگیری دەکەن پەیوەندییەکە هەر بەبەهێزی دەمێنێتەوە بەلاّم لای هەندێ کۆمەڵگەوخێزان وانی یە .(1)

سەبارەت بەکۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان گرنگی بەهەردوو پەیوەندیەکە دەدرێت, چ پەیوەندی ژن و ژنخوازی , چ پەیوەندی خوێنی, ئەمەش بەپێ ی نەریتی خێڵ و پێکهاتەکان و تێپەڕبوونی کات جیاوازی هەیە, لای هە ندێکیان پەیوەندی خزمایەتی خوێنی لەپێشتربووە بەلاّم پەیوەندی ژن و ژنخوازیش فەرامۆش نەکراوە (وەك ئەوەی لای زەردۆییەکان هەیە)(3), بەلاّم لای ئەوانی تر گرنگی بەهەردووکی وەك یەك دراوە لەکۆندا, بەلاّم لەئیستادا زیاتر گرنگی بەپەیوەندی ژن و ژنخوازی دەدەن وەك لە پەیوەندی خوێنی, پەیوەندی خێزانیش بەهێزە بەجۆرێك دوای ئەوەی منداڵەکانی خێزانەکە هاوسەرگیری دەکەن پەیوەندیان لەگەڵ خێزانەکەیان هەردەمێنێت. (4)

بەدەر لەو پەیوەندیانەی باسکرا, جۆرێك لەپەیوەندی خزمایەتی بەهێز لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا هەیە, کەلەسەر بنەمای شوێن دروست دەبێت , وەك پەیوەندی دراوسێیەتی چەندماڵێك لەگەڕەکێکدا, یان پەیوەندی نێوان چەند ماڵێك لەگوندێکدا, کەپەیوەندی یەکی بەهێزەو زۆر گرنگی پێ دەدرێت.بەجۆرێك زۆرجار لەپرسەو بۆنەکاندا , دراوسێ درگای ماڵەکەی خۆی والاّ دەکات بۆدراوسێکەی, هەرچەندە ئەم پەیوەندیە لەسەر بنەمای شوێن درووست دەبێت و پەیوەندیەك نی یە لەسەر بنەمای خزمایەتی بەلاّم ڕۆڵی زۆرەو زۆر جار جێگەی پەیوەندیە خزمایەتیەکە دەگرێتەوە.

جۆری پەیوەندی خزمایەتی لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە چ لەڕووی بوونی پەیوەندی یەوە چ لەڕووی خەتی دایك و باوکەوە , پێشتر خزمایەتی لەنێوان خزمە دوورەکانیشدا زۆر بەهێزبووە, هەرچەندە لەئێستاشدا هەرهەیە بەلاّم بەو بەهێزیەی جارانی نەماوە, بەلاّم پەیوەندی ژن و مێردو منداڵ هەر بەبەهێزی

.........................................................................................................................

(1)لوسى مير, مقدمة فى الأنثروبولوجيا الأجتماعية, ت. د.شاكر مصطفى سليم, المصدر السابق, ص83.

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز:(صدرى محمد سعيد) وەك کەسێکی بەتەمەن لەعەشیرەتی زەردۆیی, هەڵەبجە, 2016/10/25.

(3)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(يوسف محمد وهاب) , کەسایەتی ناسراوی هەورامیەکان, هەڵەبجە,2016/11/12.

ماوەتەوە , تەنانەت لەدوای هاوسەرگیری مندالەكانیشیان, بەتایبەت كاتێ دایك وباوك لەژیاندا بن, ئەمەش ئەوە دەردەخات كە دایك و باوك ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەبەهێز كردن و مانەوەی پەیوەندی خێزانی, بەتایبەت بوونی ڕۆڵی دایك گرنگی هەبووە ,لەگەڵ ئەوەی كەلەزۆر بڕیاردا مافی تەواوی نەبووە بەلاّم دایك سەنتەری سۆزو ویژدان بووە .

## مێژووی خزمایەتی:

(هەندێ كۆمەڵ خزمایەتیەكەیان پشت بە ڕەگەز دەبەستێ و لەسەر بنەمای ڕەچەڵەك كۆدەبنەوە وەك كۆمەڵگە یەكگرتووەكان (الجماعات المتحدة) یاسای خزمایەتی لەم كۆمەڵگانەدا لەسەر بنەمایەكی ڕوونە ,ئەویش یان لە ڕێگای خەتی كچەوەیە یان لەڕێگای خەتی كوڕەوەیە , ئەم جۆرەش لەخزمایەتی ناودەبرێت بە (خزمایەتی تاك خەتی )ئەگەر خزمایەتی لەڕێگەی كوڕەوەبوو ناودەبرێت بە خزمایەتی لەڕێگەی باوكەوە (Agnatic ) ئەمەش چەمكێكی ڕۆمانی یە , بەلاّم بۆپیاهەڵدانی خزمایەتی لەڕێگەی ئافرەتەوە چەمكێكی دیاری كراویان نی یە وەك چەمكێكی سەربەخۆو تایبەت تەنها ئەوەنەبێ ناوی چەمكی دایكی لێ دەنێن , بەلاّم چەمكێكی تر بۆ ئەم مەبەستە بەكاردەهێنرێت كەلە بنەڕەتا لاتینی یە بریتی یەلە(Utrine ) وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆڕەگەزی خزمایەتی لەڕێ ی دایكەوە .(1)

ئەم خزمایەتیەش لەڕێگەی دایكەوە لەهەندێ قۆناغی مێژوودا هەبووە و هۆكارو دەرەنجامی خۆی هەبووە, زاناكانی ئەنثر ۆپۆلۆژی لەكاتی لێكۆڵینەوەیان لەسەر كۆمەڵگا سەرەتایی یەكان لەڕێگای تێبینی و بەشداریكردن و تێكەڵ بوونیان بەخەڵك ئەمەیان بەدی كرد, ئەوەشیان دەرەنجام كرد, كەلەو كۆمەڵگایانەدا دەسەلاّتی دایك زاڵترە وەك لەدەسەلاّتی باووك, جەختیشیان لەسەر ئەوە كردەوە, كە ڕەچەڵەكی دایكانە كۆنترە لەڕەچەڵەكی باوكانە. (2)

كەواتە یەكەم قۆناغی خزمایەتی سیستمی خزمایەتی دایكانەبووە, كە پشتی بەمافی دایك بەستووە, (باخۆفن) لەكتێبی (مافی دایك) كەلەساڵی (1861) دابلاّوی كردەوە, باسی لەمە كردووەو ئەم بابەتانەی خستووەتەڕوو,

.......................................................................................................................................

(1)لوسی میر, مقدمة فی الأنثروبولوجیا الأجتماعیة, ت.د.شاكرمصطفی سلیم, المصدرالسابق, ص83-84.

(2) تەلار أحمد مصطفی , دەسەلاّتی بڕیاردان لەخێزانی كوردیدا, سەرچاوەی پێشوو , لا109.

(باخۆفن)* وایدانا ژیانی کۆمەلأیەتی بەجووت بوونی بێ لەمپەڕ دەستی پێ کردووە , لەم جۆرە پەیوەندیانەدا باوك نەدەناسرایەوە , چونکە ڕەچەڵەك بەپێ ی مافی دایك تەنها لەڕێگەی دایکەوە دەتوانرا دیاری بکرێت . (1) لەکۆمەڵگای توێژینەوەدا گرنگی بەهەردوو هێڵی دایك و باوك دەدرێت لە پەیوەندی خزمایەتی و ڕەچەڵەکدا , وەخێڵێك نی یە, کەتەنها گرنگی بەخزمایەتی لایەك بدەن و ئەوی تر فەرامۆش بکەن, بەلاّم لەکلتووری هەندێکیاندا زیاتر گرنگی بەکەسی دایك دەدرێت , بەلاّم کەسی باوك فەرامۆش ناکرێت, یان بەپێچەوانەوە. کۆمەڵێك گرووپی خزمایەتی هەن کە ئەندامەکانیان بەپەیوەندی خزمایەتی پێکەوە بەستراون لەوانە:

1. خێزانی ناوکی (الأسرة النووية) : ئەم خێزانە لەژن ومێردو منداڵەکانیان پێك دێن ئەو منداڵأنەی کە هاوسەرگیریان نەکردووە,هەمو تاکێك پەیوەستە بەدوو خێزانی ناوکیەوە , یەکەمیان ئەو خێزانەی کەتیایا پەروەردە بووە (خێزانی ئاڕاستە کراو), دووەمیشیان ئەوەی کەڕۆڵی پەروەردەکەر دەبینێت (خێزانی زۆربوون یان پەرەسەندن) کە دایك و باوکە, (2) لەم خێزانەدا پەیوەندی یەکی بتەو لەنێوان ژن ومێردا هەیە لەگەڵ بوونی بەرژەوەندی و ئامانجی هاوبەش لەنێوان باوك و منداڵەکان .
2. خێزانی فراوان(الأسرة الممتدة), ئەم خێزانە لەدایك و باوك و منداڵەکانیان و هاوسەری منداڵەکانیان پێك دێت , واتە داپیرەو باپیرەش لەم خێزانانەدا هەیە, هەموو ئەمانە بەیەکەوە کاردەکەن و یەك شوێنی نیشتە جێبوونیان هەیە, وەبەشدارن لەژیانی ئابووریدا لەژێر سەرۆکایەتی باوکەگەورەدا یان سەرۆك خێزاندا,(3)شێوەیەکی تریشمان هەیە لەم خێزانە ئەویش یان لەپیاوێك و چەند ژنێك و منداڵەکان پێك دێت , یان لەژنێك و چەند پیاوێك و منداڵەکان پێك دێت.

..............................................................................................................................

*باخوفن(یوهان جاکوب),(1815–1887)زانایەکی سویسری بووە , گرنگی بەگەلان و ئاینی کۆن داوە, وێنای پێشکەوتنی کۆمەڵگای کردووە, هەشت کتێبی بەزمانی ئەڵمانی بەجێ هێشتووە, گرنگترینیان (مافی دایك)ە لا83, قاموس الأنثروبولوجيا.

(1) د.قيس النوري , , مدارس الأنثروبولوجيا ,جامعة بغداد ,1991 , ص159.

(2)د.محمد الجوهری وعلياء شكری, مقدمة فی دراسة الأنثروبولوجيا, المصدر السابق , ص61.

(3) واحدة حمه ويس نصرالله , الهجرة الخارجية وأثرها في بناء الأسرة ووظائفها, رسالة ماجستير, جامعة بغداد, 2005, ص15.

3. خێزانی هاوبەش (الأسرة المشتركة): ئەمیش لەدووخێزانی ناوکی یان زیاتر پێك دێت کە بەهۆی خەتی دایك یان خەتی باوکەوە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە , ئەمیش لەڕێ ی پەیوەندی باوك بەکوڕەوە یان برا بەبراوە یان برا بەخوشکەوە , شوێنی هاوبەش بنەمایەکی سەرەکی یە , هەروەك خاوەنی هەندێ پەیوەست بوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوبەشن , ئەو کوڕانەی لەم خێزانانەدا هاوسەرگیری دەکەن هەر لەناو خێزانەکەدا دەمێننەوە, یان خانوویەکی تازە دەگرن کەنزیك بێت لەباوانیانەوە .(1)

4. خێڵ (العشيرة):خێڵ سنووری ئەندامێتی خێزان تێ ئەپەڕێنێ , خێڵ دابەش دەکرێتە سەر دووبەش , خێڵی باوکایەتی کەتاك وابەست دەبێت بەکەس و کاری باوکیەوە , خێڵی دایکایەتی کەتیایا خزمایەتی تاك بۆخێڵ هەمان خزمایەتی دایکیەتی بۆخێڵەکەی , هەموو تاکێك بەخێڵەکەیەوە دەبەسرێتەوە یان بەهۆی لەدایك بوونیەوە یان بەهۆی هەڵگرتنەوە(التبنی), خێڵ جیاوازی هەیە لەگەڵ خێزانی ناووکی و خێزانی فراوان لەوەدا کە ئەم یەکەیەکی نیشتەجێبوونی نییە بۆ بۆ بەسەربردنی ژیانی ئەندامانی , یەکێك لەجیاکەرەوەکانی سیستمی خێلایەتی هاوسەرگیری دووره , هەموو خێزانێکی ناووکی و هاوبەش لەچەند تاکێك پێك دێن کەمەیلیان هەیە بۆ خێڵی جۆراوجۆر , ئەمەش لەو کۆمەڵگانەی کە خێڵی تیایە.(2)

زۆرێك لەتوێژەران ئەوەیان دەرخستووە, کەخێزان بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتی سیستمی خزمایەتیە و پاش ئەویش خێڵ دێت لە ڕووی گەورەیی و قەبارەوە, کەچەند خێزانێك لەخۆدەگرێت , دوای ئەمەش هۆز دێت کە ئەمیش لەچەند خێڵێك پێك دێت,(3) لەسەر ئەم ڕایەش وشەی (خێڵ)م بەکارهێناوە بۆ گرووپە خزمایەتیەکان لەکۆمەڵگای توێژینەوەدا.

لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا , ئەم گرووپە خزمایەتیانە هەن و بەئاشکرادەردەکەون , بەلأم ئەوەی, کەزۆر باوە بوونی خێزانی ناوکی یە , بەجۆرێك بەدەگمەن خێزانێکی فراوان یان هاوبەش دەبینرێت, ئەمەش مێژوویەکی

.................................................................................................................................................

(1) د.محمد الجوهری وعلياء شكری, مقدمة فی دراسة الأنثروبولوجيا , المصدرالسابق, ص63-64.

(2)المصدر نفسه, ص63-64.

(3)مليحة عونى القصيروصبيح عبدالمنعم احمد, سۆسیۆلۆژیای خێزان,و: د.صابربکربۆکانی, چاپی یەکەم, چاپخانەی داناز,2002,لا31.

کورتی هەیە , چونکە پێشتر خێزانی فراوانیش هەبووە, بەڵام بەهۆی هەموو ئەو گۆڕانکاری یە مێژوویە و سیاسیانەی, کەبەسەر ئەم شارەدا هات بەتایبەتی و, ئەو گۆڕانکاریە تەکنەلۆژیانەش کە بەسەر جیهاندا هات بەگشتی ,بوونی ژیانی هاوبەشی نەهێشت , هەموو خێزانێك بۆسەربەستی خۆی دەژی دوور لەوەی کەسێك سەرپەرشتی بکات, بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم گۆڕانانەدا کاریگەری خێڵ هەرماوە و تاك لەهەندێ ئیش و کاردا پەیوەست دەبێت بەخێڵەوە و پەیوەندی خزمایەتی بەهۆی خێڵەوە بەردەوامی هەیە.

## سێ یەم: گۆڕانی خزمایەتی لە کۆمەڵگە دا:

پەیوەست بوونی خزمایەتی و شێوازی خزمایەتی و هاوکاری کردنی تاکەکانی خزمایەتی لەو بۆنانەی کەباوەڕپێکراوو باوە لەپەیوەندی یە خزمایەتیەکانا ,هەروەها هەست کردنی مرۆڤ بەپێگەی تایبەتی خۆی لەڕووی چۆنیەتی پەیوەندی خزمەکانی پێیەوە, بابەتێکی زۆر کۆنەو مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کەزانای ئەنثرۆبۆلۆژی ئەمەریکی (مۆرگان)* نەسەقی خزمایەتی پۆلێنکراو(نسق القرابة التصنيفى) ی دۆزیەوە کەوەسفی نزیکەکانی کرد بەچەمکە خزمایەتیەکان, چەمکە خزمایەتیەکانی وەرگێڕا بۆ (دایك) (باوك) (خووشك) (برا) .....هتد.

ئەو پرسیارەی مۆرگان زۆرمەبەستێتی وەڵامەکەی دەسکەوێت, بۆچی پلەبەندی خزمایەتی بەشێوەی گرووپ لای گەلانی سەرەتایی بەرێژەیەك جیاوازە لەو گرووپە دیارانەی کەلەکۆمەڵگە پیشەسازی یەکاندا هەیە, ئەنثرۆپۆلۆجستەکان لەکاتی مۆرگانەوە هەتا ڕایردوویەکی نزیك سووربوون و ئەیانپرسی , ئەوەی مۆرگان مەبەستێتی لەم چەمکانە چی یە, پاڵپشتیش بۆئەمە کتێبە ئەنثرۆپۆلۆجستە زۆر تازەکان کاتێ کەباس لە خزمایەتی دەکەن, هەمیشە بابەتی ئەو چەمکانە دەوروژێنن و گفتو گۆ لەسەر ئەوپرسیارە دەکەن, ئەوەی لەم بیرۆکەیەی مۆرگان دەردەکەوێت ئەوەیە جیاوازی لەچەمکی خزمایەتیدا هەبووە لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر, وەکۆمەڵگە نەریت خوازەکان بە گشتی پێکەوە پەیوەست بوون بە پەیوەندی خزمایەتی و

..........................................................................................................

*لویس هنری مۆرگان(Lewis H Morgen)؛ (1857-1818),زانایەکی ئەمەریکی بواری ئەنثرۆپۆلۆجیایە, گرنگترین کارە زانستی یەکانی لەبواری خزمایەتیدایە, بەتایبەت چەمکە خزمایەتیەکان.کتێبێکی هەیە بەناوی (کۆمەڵگەی کۆن),موسوعة علم الاجتماع,لا535.

لەزۆربەی بارەکاندا دیاری کردنی ئەندامێتی لەسەربنەمای خوێشایەتی و خزمایەتی یە(النسب), بەلاّم خزمایەتی ئەو ڕۆڵەی نامێنێ لەکۆمەڵگە پیشەسازی و شارستانی و مۆدێرنەکاناو دیاری کردنی پێگەو ئەندامێتی لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوەری ترە.(1) لەکۆمەڵگای توێژینەوەدا جگەلەوەی پەیوەست بوونی خزمایەتی لەسەربنەمای خێڵ وخزمایەتی یە, لە هەمان کاتدا پەیوەندی دەرەکیش هەیە, وەك پەیوەندی لەنێوان ئەندامانی خێڵ و پێکهاتەکان لەگەڵ یەکتری بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی تێکەڵی کارو پیشەو شوێنی کار..هتد واتە گۆڕان لەجۆری پەیوەندیدا درووست بووە لەلای سەرجەم پێکهاتەو خێڵەکان بەڕادەی جیاواز.

(سیستمی خزمایەتی ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی تاکدا بینیوە, ئەمەش بەڕوونی دەبینرێت لەکۆمەڵگا نەریت خوازەکاندا کەپلەی پێکەوە گونجان لەپلەیەکی بەرزدایە, واتە وابەستە بوونی خزمایەتی لەپلەیەکی بالاّدایە , لە هەندێ کۆمەڵگادا خزمایەتی لەئاستێکدایە, کەڕۆڵی هەیە لەپرۆسەی کۆنترۆڵکردنی کۆمەلاّیەتی تاکدا, ئەمەش لەکاتێکدایە, کەئەوخزمە نزیکانەی کەبەتەمەنن هەڵدەستن بە فشارخستنەسەرو وشیاری دان و ڕەخنە گرتن لەوانەی کەتەمەنیان کەمە, تەنانەت هەندێ جار بۆیان هەیە هەستن بەکوشتنی تاك, ئەمەش لای هەندێك لەخێڵەکانی عێراقدا هەبووە لەکۆندا, بەجۆرێك کەسێکی نزیك لەڕووی خزمایەتی یەوە وەك کوڕی مام یاخود کوڕی خاڵ کچی مامی کووشتووە لەهەندێ باری دیاریکراودا کەدژی داب و نەریتی کۆمەڵگاکەیان بووە).(2)

لەکۆمەڵگای توێژینەوەدا خزمایەتی ڕۆڵی بینیوە لە هاوکاری و یارمەتی و کۆنترۆڵی کۆمەلاّیەتیدا بەتایبەت لەکاتی درووست بوونی کێشەیەك یان بەسەرهاتێکدا لە ڕێگەی گەورەکانەوە , چونکە گەورە ڕۆڵی هەیە لای هەندێك لە گرووپە خزمایەتیەکان , بەلاّم لەپێشتردا گەورە ڕۆڵی زۆر تر هەبووەو لای هەندێکیش لەئێستادا ڕۆڵی بەکەمی ماوە(3), ئەمەش جیاوازی هەیە لەخێڵێك بۆیەکێکی تر یان پێکهاتەیەك بۆئەوی تر, لای هەندێکیان بەجۆرێکە لەکاتی بۆنەو ئاهەنگە بچووکەکانیشا گەورەکان دیاری دەدەنە خاوەن بۆنەکان, ئەمەش لای زۆرێك لەخێڵەکان هەیە وەك, ئێناخیەکان, کۆکۆییەکان(4) شەمێرانەییەکان..هتد, لێرەدا ئاماژە بەم نەریتە

.................................................................................................................

(1)بە دەستکاریەوە(لوسی میر, مقدمة فی الأنثروبولوجیا الأجتماعیة, ت.دشاکر مصطفی سلیم, المصدر السابق, ص82-83 )

(2)عبد علي المالکی, المدخل الی الأنثروبولوجیا الأجتماعیة , المصدر السابق, ص92.

(3)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(یوسف محمد وهاب) , کەسایەتی ناسراوی هەورامیەکان,هەڵەبجە,2016/11/12.

(4)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: ئەحمەد واحید کاکەمەد, لەعەشیرەتی کۆکۆیی,هەڵەبجە, 2016/11/12.

دەدەین لای شەمێرانەییەکان,کە لەلایەن کەسایەتیەکی بەدەسەلاَتی خێڵەکەوە, دیارییەکی تایبەت دانراوە بۆ هەموو کوڕوو کچێکی خێڵەکە لەکاتی هاوسەرگیریدا, ئەم دیاریەش لەلایەن بەرپرسی سندوقی کۆمەکەوە ڕێك دەخرێت بەبێ جیاوازی, هەروەها لەو سندوقی کۆمەکەی کەهەیانە, هەندێ کەل و پەلی تایبەت بەپرسەی لێ کڕاوە, ئارامگە هەڵدەکەنرێت بۆ مردوو بەبێ بەرامبەر , هەروەها زۆرشتی تری تایبەت بەمردووشتن و..هتد, ئەم خزمەتە بۆ هەموو ئەندامێکی خێڵە کەیە, هەندێ جار بۆکەسی دەرەوەی خێڵیشی دەکەن وەکو کارێکی خێرخوازی(1)لەسەر ئاستی شارەکەش بەشێوەیەکی گشتی گرنگی دراوە بەڕێوڕەسمی پرسە بەدرووست کردنی هۆڵی پرسە بۆژنان و پیاوان, چ بۆ خەڵکی گشتی و لەسەر ئاستی شارەکە, چ بۆ ئەندامانی خێڵ و لەسەر ئاستی خێڵ, لەوانە هۆڵی بابان کەبۆخەڵکی گشتی یە, چەند هۆڵێکی تری خێرخوازیش کەخێڵەکان کەل وپەلی خزمەت کردنی بۆدابین دەکەن,جگەلەمانەش دراوسێ لەم کاتانەدا زۆر هاوکاری دراوسێکەیەتی.

ئەوەی گرنگە بووترێت, هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەرکۆمەڵگەی توێژینەوەدا هاتوون چ لەڕووی گۆڕان لەپێکهاتەی شارەکەدا بەهۆی ڕووداوەسیاسیەکانەوە, چ لەڕووی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنانەی کەبەسەر جیهانداهاتوون,هەموو ئەمانە گۆڕانی لەشێوازی پەیوەندی و جۆری پەیوەندیدا درووست کردووە, بەلاَم کاریگەری نەبووە لەسەر ڕۆڵی گرنگی خزمایەتی, بەتایبەت لەکاتی بوونی ناخۆشی و پێویستی خەڵکدا, وەك ئەوەی دەبینرێت کەلەکاتی پرسە و ماتەمینی و بۆنەکانداخەڵکی ئەم شارە زۆر بەدەم یەکەوەن و یمایەکی تایبەتی بەدەمەوەبوونیان پێوە دیارە.

کەواتە ئەگەر خزمایەتی یەکێك بێت لەو نەسەقانەی کەلەسەر بنەمای پەیوەندی دامەزرابێت و بۆڕێکخستن بووبێت لەژیانی کۆمەڵگەداو لەناو هەموو کۆمەڵگەیەکیش دا بوونی هەبووبێ, ئەواکۆمەڵگەی توێژینەوەش بەدەرنییە لەوەی کەخزمایەتی ڕۆڵی لەسەر ڕێکخستنی زۆر لایەنی ژیانی هەبووەو, هەروەها ڕۆڵی لەسەرژیانی تاك و کۆ هەبووە, جۆری ئەم پەیوەندی یەو ڕۆڵە کەشی جیاوازی هەبووە لەخێڵ وپێکهاتەیەکەوە بۆیەکێکی

ترو لەقۆناغێکەوە تاقۆناغێکی تر, بۆیە چەمکی خزمایەتی وەکو چەمکێك کەلەکۆمەلگەی توێژینەوەدا بەکاردەهێنرێت ناتوانرێت وەك ڕەگەزێکی نەگۆڕاو دابنرێت لەکۆمەلگەی توێژینەوەدا.

.......................................................................................................................................

(1)چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد محەمەد قادر, ئەمینداری سندوقی عەشیرەتی شەمێرانەیی, هەڵەبجە, 20017/4/23.

## چوارەم:بونیادی نەسەقی خزمایەتی:

بونیادی کۆمەڵایەتی لەو پەیوەندییانە پێکدێت, کەئەندامانی کۆمەلگا پێکەوە گرێ دەدات , یەکەم کەس کە مانای ئەم چەمکەی لێکدایەوە بەوەی, کەکۆمەلگەو بوونەوەری زیندووی بەراورد کرد (ڕادکلیف براون) بوو کەلەبارەی بنیادی کۆمەڵایەتیەوە ووتی ,گرووپی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکانن, کەتاکەکانی کۆمەلگا پێکەوە گرێ دەدەن لەماوەیەکی زەمەنی دیاری کراودا, تاکەکانی کۆمەلگاش کۆدەبنەوە بەگوێرەی ئەو شێوانەی کەبونیادی کۆمەڵایەتی دیاری کردووە بۆ بەدیهێنانی مەرامە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەك , دیاری کردنی ئەو گرێدراوە کۆمەڵایەتیانەش, کە لەڕەوشتی تاکدا ڕەنگ دەداتەوە هەندێکیان لەبەردەم هەندێکی ترداو لەبەردەم کۆمەلگاشا لەلایەکی ترەوە(1) ,یان بنیادی کۆمەڵایەتی ڕێکخستنێکی ڕێکخراوە بۆبەش وپێکهاتەکان , هەریەك لەم بەشانەش فەرمانی خۆی هەیە , وەك فەرمانی خاڵ لە نەسەقی خزمایەتیدا لای کۆمەلگە ئەفریقیەکان. (2)

کاری گرنگی قوتابخانەی بونیادی ئەرکی (المدرسة البنائية الوظيفية) بەپلەی یەکەم گرنگی دان بووە بەبونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەلگا جیاوازەکان , بەتایبەتیش کۆمەلگە بچوکەکان , ئەحمەد ئەبوزەید دەڵێت چەمکی بونیادی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەچەمکە بنەڕەتی و تایبەتەکانی توێژینەوەی ئەنثرۆپۆلۆژیا, ئەم گرنگی دانەش لەئەنجامی هەندێ ئاراستە دەرکەوت,لەوانە زۆرێك لەزانایانی کۆمەڵناسی و ئەنثرۆپۆلۆژیا لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هەستان بەتوێژینەوەی مەیدانی ئەو کۆمەلگانەی, کەقەبارەیان بچوکەو ژمارەی دانیشتووانیان کەمە وەك فاکتەرێك بۆتێگەیشتن لەکۆمەلگای مرۆیی بەشێوەیەکی گشتی , ئەم زانایانە لەکاتی لێکۆڵینەوەکانیاندا تێبینی ئەوەیان کرد, کە لەم کۆمەلگە بچووکانەدا کارلێك لەنێوان سیستمە جیاوازەکانی کۆمەلگادا هەیە , لەسەر ئەو بنەمایەی, کەژیانی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەلگایەك بریتی یە لەگرێدراوێکی یەکگرتوو لێك ئاڵاو لەپەیوەندی ناوەکی,بەم شێوەیە چەمکی بنیادی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ڕوون خۆی سەپاند لەزۆرێك لە

**توێژینەوەی  تازەدا دوای ئەوەی کەبیرۆکەیەکی ئاڵۆزو لێڵ بوو, هەروەها ئەو توێژینەوانەی کەزانا ئەمریکیەکان کردیان لە سەر کۆمەڵگە سەرەتاییەکان بەگشتی و کۆمەڵگەی ئەفەریقیش بەتایبەتی , کاریگەری گەورەی هەبوو**

........................................................................................................................................

(1) عبد علي المالكی, المدخل الی الأنثروبولوجيا الأجتماعية , المصدرالسابق, ص87 .

(2) د.قباری محمد اسماعيل, الأنثروبولوجيا العامة(صورمن قضايا علم الانسان), كليةالاداب-جامعةالاسكندرية, ص242-243.

**لەسەر گەشەکردنی بیرۆکەی بونیادی کۆمەڵایەتی .(1)**

**بونیادی کۆمەڵایەتی گشتی هەرکۆمەڵگایەك لەکۆمەڵێك نەسەق پێك دێت کە بەشدارن لەپێکهێنانیدا , ئەتوانین باس لەهەریەك لەم نەسەقانە بکەین , ئەگەر نەسەقی خزمایەتی یان ئابووری یان سیاسی بێت لەم بونیادە گشتی یەدا , هەموو ڕەوشت و ڕەفتارە کۆمەڵایەتیەکانیش دەچنە سنووری ئەم نەسەقانەوە لەشێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا, وەك سیستمی هاوسەرگیری , خێزان , بازاڕ , سەرۆکایەتی ....هتد, وەهەرکاتێکیش بمانەوێت باس لەئەرکی ئەم سیستەمانە بکەین , ئاماژە بەو ڕۆڵانە دەدەین کەئەم نەسەقانە لەسنووری بونیادا دەیبینن و پارێزگاری لێ دەکەن .(2)**

**کۆمەڵێك زانا هەستاون بەلێکۆڵینەوەی نەسەقی خزمایەتی لەچوارچێوەی تیۆری بونیادی فەرمانیدا , لەگرنگترین ئەو زانانەش یەکەمیان (رادکلیف براون) لە قوتابخانەی بەریتانی, کەپشتی بەست بەمیتۆدی شی کردنەوەو بەراوردکاری لە توێژینەوەی سیستمی خزمایەتیدا, دوەمیشیان (لیڤی ستراوس) بوو, کە دامەزرێنەری بونیادی فەرەنسی بوو, ئەگەر بەکورتی ئاماژە بەباسەکانی هەریەك لەم زانایانە بکەین:**

**یەکەم: خزمایەتی لای رادکلیف براون(تیۆریەکی بونیادی فەرمانیە):**

**ئەو لێکۆڵینەوە بەناوبانگەی کەبراون لەساڵی 1935 پ.ی هەستا لەسەر ریزبەندی ڕەچەڵەکی دایکانەو باوکانە لەکتێبێکدا بەناوی :(بونیادو فرما ن لەکۆمەڵگەی سەرەتاییدا),  باسی لەوەکردووە, کەخێزانی سەرەتایی بەیەکەیەکی بونیادی دادەنرێت لە نەسەقی خزمایەتیدا, هەروەها سێ جۆر لەخێزانی جیاکردووەتەوە ئەوانیش , خێزانی فراوان لەخەتی دایکەوە , خێزانی فراوان لەخەتی باوکەوە , خێزانی تێکەڵاو .(3)**

تۆڕی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکان درووست دەبێت لەو ڕێ یەوە کەتاك پەیوەستە بەدووخێزانەوە , لە خێزانی یەکەمدا کەخێزانی ئاڕاستەکەرە(أسرةالتوجیە)تاك ڕۆڵی خوشك و برا دەبینێ, لەدووەمیشیاندا کەخێزانی وەبەرهێنە (أسرةالانجاب) ڕۆڵی هاوسەر یان باوك دەبینێ, ئەمیش هەموو ئەو پەیوەندی یە خزمایەتیانەی

.......................................................................................................................................

(1) د.یحي مرسی عید بدر, أصول علم الإنسان(الأنثروبولوجیا), المصدرالسابق, ص281.

(2) د.علی محمد المکاوی , الأنثروبولوجیا وقضایاالانسان ألمعاصر, الطبعةالعربیة الأولی, القاهرة, 2007, ص43.

(3) د.فاتن محمد شریف, الأسرة والقرابة(دراسات فی الأنثروبولوجیا الأجتماعیة), المصدرالسابق, ص35-36.

کەلەنێوان دایك و باوك و ئەو پەیوەندیە ژن و ژنخوازیانەی, کە لەنێوان هاوسەرو خزمەکانیاندا هەیە دەگرێتەوە, هەروەها (براون) یەکەم قۆناغی لە توێژینەوەی نەسەقی خزمایەتیدا دیاری کردووە لەڕێگەی ناساندنی چەمکەکانی خزمایەتیەوە , بەجۆرێك کاتێ هەر گفتوگۆیەکی زانستی لەبارەی خزمایەتیەوە بکەین پێویستە چەمکە تێکەڵاوەکان بەوردی بەکاربێنین , وەك خوشکی دایك , خوشکی باوك لەجیاتی چەمکە نادیارەکانی وەك خاڵ و مام و ژنی خاڵ و ژنی مام ...هتد .

(براون)جەخت دەکاتە سەرئەوەی, کەپێویستە دوورکەوینەوە لەوەی, کەخزمایەتی خوێن وەك هاومانای خزمایەتی بەکاربێنین, چونکەخزمایەتی دەمارئاماژەیە بۆ پەیوەندی فیزیقی, بەلاَم خزمایەتی پەیوەند یەکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوە, هەروەها براون گرنگی داوە بەپێگەی(خاڵ) وادەبینێ, کەچەمکی خاڵ دوو نەسەقی دژ یەکی هەیە لەئاڕاستەکاندا, لەنەسەقی یەکەمدا خاڵ نموونەی دەسەلاَتی خێزانەو هەندێ مافی بەسەرمنداڵی خوشکەوە هەیە, بەلاَم لە نەسەقی دووهەم دا منداڵی خوشك هەندێ دەسکەوتی هەیەو هەست بەخۆشەویستی و سۆزئەکات بەرامبەر بەخاڵ ٘و بارنیە بەسەریەوە, ئەمەش لەو کۆمەڵگانەی,کەدەسەلاَتی خێزان باوکسالارییە (1).

براون بە یەکەم توێژەر دادەنرێت, کە تیشکی خستووەتە سەر ماناو چەمکە ئەنثرۆپۆلۆجیە زانستیەکان , جگە لەمەش براون باسی لە چەمکی فەرمان کردووە بەو مانایەی کەلای (دۆرکهایم)* هەبووە , باسی لەئەرکی تەواوی سیستەمەکان کردووە , ئەمەش لەو توێژینەوانەی کەلەسەر دوورگەی (ئەندمان) کردی.(2)

دووەم : خزمایەتی لای شتراوس (لیفی ستروس):

شتراوس* بەپاڵپشتی بونیادەکان دادەنرێت و میتۆدی بونیادی بەکارهێناوە بۆتێگەیشتن لە گریمانە

.......................................................................................................................................

(1)بەدەستکاریەوە(د.فاتن محمد شريف, الأسرة والقرابة(دراسات فی الأنثروبولوجيا الأجتماعية), المصدر السابق, ص36-38.

*أميل دۆركيم,(1858-1917): فەیلەسوف و زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی, یەکێکە لەبیریارەکان لەبواری پەروەردەو ئەنثرۆثۆلۆجيای شارستانیا, باسی چەمکی فرمانی کردووە, لا284-285,قاموس الأنثروبولوجيا, د.شاكر مصطفى سليم.

(2) د.يحي مرسى عيد بدر, أصول علم الإنسان(الأنثروبولوجيا), ألمصدر السابق, لا298.

*لیڤی شتراوس, کلاود, 1958, زانایەکی فەرەنسی یە کاری زۆری لەبواری ئەنثرۆپۆلۆژیاو بونیادا پێشکەش کردووە, هەستاوە بەتوێژینەوەی ژیری و بیری سەرەتایی, جەختی کردووە لەسەر چەمکی مرۆڤ , معجم علم الأجتماع,د.معن خليل العمر, دار الشروق للنشر والتوزيع,2006,ص282.

ئەزموونگەریەکانی لەسەر ڕێکخستنە خزمایەتیەکان و تەوتەم , شتراوس دووکتێبی دانا یەکەمیان بەناوی بونیادی یەکەمی خزمایەتی (البنية الأولية للقرابة) مەبەستی سەرەکی لەم کتێبە ئەوەیە کەئەو شتانەی تایبەتن بە یاسای هاوسەرگیری و چەمکەکانی خزمایەتی و شتە ڕێ پێدراوەکان و قەدەغە کراوەکان , شێوازی جیاوازن بۆیەك ڕاستی وەناتوانین لەیەکیان جیاکەینەوە , ئەو ڕاستی یەش ئەو نەسەقەیە کە توێژەر توێژینەوەی دەکات, , باس لەوەش دەکات, کە بونیادی یەکەمی خێزان بەشێوەیەکی گشتی دەرەکەوێ کاتێ گرنگی دەدرێت بەجۆری هاوسەرگیری خزمایەتی, وەك ئەو هاوسەرگیرییەی کەلەنێوان ئامۆزاو خاڵۆزادا ڕوودەدات, ئەو هاوسەرگیریەش کەلەدەرەوەی خزمایەتی دەکرێت, هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری هەیە,وەئەمە دادەنێت بەبونیادی ئاڵۆزی خزمایەتی(البنية المعقدة للقرابة), شتراوس گرنگی داوە بەجۆری یەکەمیان و ئەو هاوسەرگیریە بەباش دەزانێ (1) دووەم کتێبیشی بەناوی ئەنثرۆپۆلۆژیای بونیادەوەیە (الأنثروبولوجية البنائية), ستراوس تیۆریەکی گشتی هەیە لەسەر خزمایەتی و توێژینەوەی دیاردە ئەنثرۆپۆلۆژیەکان, وەکو یەکێك لەسیستمەکانی خزمایەتی و تەوتەمی وەسف کردووە,هەروەها گرنگی بەپەیوەندی نێوان یەکە جیاوازەکانی سیستمی خزمایەتی داوە . (2)

شتراوس ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبووە لەو توێژینەوە تایبەتیانەی, کەلەسەر خزمایەتی نووسیویەتی و ئەو هەوڵانەی, کەبۆپارێزگاریکردن لە بونیادیەکان کردوویەتی, چاوەڕوان دەکرێت, کەکتێبی بونیادی یەکەمی خێزان دواکتێب بێت لەبارەی بونیادی ئاڵۆزەوە, لەبڵاوبوونەوەی ئەمەوە ئەتوانرێت مەودای تیۆریەکەی

شتراوس ڕوون بێتەوە لەبارەی خزمایەتیەوە , هەروەها گرنگی ئەم تیۆریە لەبیرو بۆچوونی مرۆڤایەتیدا , بەلاَم بیرو بۆچوونەکانی لەبارەی خزمایەتیەوە تاڕادەیەك سەرنج ڕاکێشن لەگەلّ ئەوەی کەتەواو نین و بێ لایەن بووە تاڕادەیەك

شتراوس باوەڕی بەگرنگی شی کردنەوەکانی براون هەبووە لەسەر سیستمی خالّ, کە باس لەپەیوەندی خالّ و منالّی خوشك دەکات , بەلاَم شتراوس وانابینێ, کە پەیوەندی خالّ کورتکرابێتەوە لەدوو چەمکی خزمایەتیدا

.................................................................................................................................................

(1) د.احمد ابوزيد, البناء الاجتماعى(مدخل لدراسةالمجتمع- الأنساق), المصدر السابق, لا305-306.

(2)د.فاتن محمد شريف, الأسرة والقرابة(دراسات فى الأنثروبولوجيا الأجتماعية), المصدر السابق, ص39.

وەك ئەوەی (براون) باسی کردووە, بەلَکو نەسەقێکە چوار چەمك دەگرێتەوە ئەوانیش (برا,خوشك, مێردی خوشك,منالّی خوشك) ئەم سەرنج دانەی شتراوس زۆر بلاَوو هەمەلایەن بوو , چوار پەیوەندی لەخۆدەگرت کەپەیوەندی یەکەیان پەیوەندی یەکی ئۆرگانی بوو لەو پەیوەندیانەش , پەیوەندی برابەخوشکەوە , پەیوەندی پیاو بەژنەکەیەوە, پەیوەندی باوك بەمندالّەکانیەوە , پەیوەندی خال بە خوشکەزاوە, ئەم پەیوەندیانە وێنەیەکن لەیەکەیەکی خزمایەتی .(1)

هاوشێوەییەك هەیە لە ڕاوبۆچوونەکانی ئەم دوو زانایە لەگەلّ ئەو سیستمی خزمایەتیەی کەلەکۆمەلّگەی توێژینەوەدا هەیە, لەوەی ئەو خێلاَنەی, کەگرنگیان بەهاوسەرگیری خزمایەتی داوە پەیوەندی خێزانی و خزمایەتیەکەیان بەبەهێزی ماوەتەوە, بەجۆرێك لەدەوری یەك کۆبوونەتەوەو پەیوەندی بەهێزیان پێکەوەماوە, وەك ئەوەی لای بەشێکی زەردۆییەکان هەیە, کەگەڕەکێکی شارەکەیان تایبەت کردووە بەخۆیانەوە, هەروەها پەیوەندی و خزمایەتیەکەیان زۆر بەهێزە ئەمەش ئەوەیە, کەستراوس باسی دەکات, سەبارەت بە ڕۆلّی خالّ لەکۆمەلّگەی توێژینەوەدا گرنگی پێ دەدرێت و پێگەیەکی تایبەتی هەیە وەك ئەوەی براون و ستراوس باسیان لێوە کردووە, پەیوەندی بەهێز هەیە لەنێوان(خالّ,خوشکەزا,خوشك,مێردی خوشك), ئەمەش لای زۆرێك لە خێلّ و پێکهاتەکان وایە و خالّ پێگەیەکی دیاری هەیەو پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەلّ خووشکەزادا .لەسەر ئەو بنەمایەی کە(براون) باسی کردووە.

## باسی دووەم: پەیوەندی کۆمەلاَیەتی:

**یەکەم: پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی :**

**پەیوەندی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەپێکهاتە گرنگەکانی خزمایەتی و ڕۆڵێکی دیاری هەیە لەبەردەوام بوونی پەیوەندی خزمایەتیدا, پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەکو هەر بابەتێکی تری بواری ئەنثرۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی هەرلەسەرەتای دروست بوونی مرۆڤایەتیەوە بوونی هەبووە , لەوکاتەی دوومرۆڤ لەشوێنێکدا پێکەوە ژیابن پەیوەندی کۆمەڵایەتیش هەبووە, ئەم پەیوەندییە تائەمڕۆش بەردەوامەو شێوەو فۆرمی جیاوازتری وەرگرتووە ,بۆیە دەتوانین بڵێین(پەیوەندی کۆمەڵایەتی پەیوەست بوونێکی ئاڵوگۆڕکراوە کە لەنێوان کەسەکان و**

..............................................................................................................................

(1)د.فاتن محمد شريف, الأسرة والقرابة(دراسات فى الأنثروبولوجيا الأجتماعية), المصدر السابق, ص39-40.

**کۆمەڵەکانی کۆمەڵگا دروست دەبێت لەئەنجامی پەیوەندی و کارلێك کردنی هەندێك لەگەڵ هەندێکی تر, وەك پەیوەندی خزمایەتی, یان ئەو پەیوەندیەی دروست دەبێت لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵە خێرخوازیەکان و, ئەندامانی دەزگا کۆمەڵایەتیەکان, وەئەم پەیوەندیەش هۆکاری زۆرە لەوانە, کۆمەڵایەتی, سیاسی, ئابووری, پەروەردەیی, خێزانی).(1)**

**یان پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو کردەوەو کارلێکانەن کەدروست دەبێت لەئەنجامی کارلێك کردن و کاردانەوەی تاکەکان ,لەهەردوو ژینگەی سرووشتی و کۆمەڵایەتیا , ئەو چوارچێوەیەیە, کەسنوور بۆ هەڵس و کەوتی تاکەکان و دیاردەو ڕەوشت و چالاکی یە جۆر بەجۆرەکانیان دائەنێت , یان ئەو پەیوندییە دروست دەبێت لەنێوان دووبوونەوەری مرۆیی یان زیاتر کاتێك بەهۆی بەرژەوەندیەکەوە جۆرێك لەڕێککەوتن لەنێوان هەر دووکیاندا دروست دەبێت,ئەمەش یان لەئەنجامی لێك نزیك بوونەوەی ئەم بەرژەوەندیانەیە , یان سنوورێکە بۆئەو ململانێیانەی کەدرووست دەبێت لەئەنجامی جیاوازی لەبەرژەوەندی یەکاندا, واتە هەندێ جار بەرژەوەندیەکان جۆری پەیوەندیەکە دیاری دەکەن.(2)**

**پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان هەر پەیوەندیەکن, کە لەنێوان دووتاك یان دووگرووپ یان زیاتردا هەیە, یان پەیوەندی نێوان تاك و گرووپە , ئەو پەیوەندی یەش وەستاوە لەسەر بوون و نەبوونی هاریکاری , بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ, کتوپڕ یان بەپێچەوانەوە, یان لە بەیەکگەیشتن و کارلێك کردنی نێوان تاك و گرووپەکانەوە پەیوەندی ئاڵوگۆڕ پێك دێت, کە بریتی یە لەپەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکان.(3)**

پەیوەندی کرۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی بووە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا و نیشانەی پێشکەوتنی گەلان بووە , وەهەمووشارستانیەتی مرۆڤایەتی پارێزگاریان لەبوونی خۆیان و بەردەوام بوونیان کردووە لەڕێگەی پەیوەندی یەوە , واتە پەیوەندی نیشانەیەکی گرنگ بووە بۆمامەڵە کردنی گەلان پێکەوە , ئەمەش هۆکاری پێشکەوتن و بەردەوام بوون بووە, بەجۆرێك ئەو جیهانگیریەی, کەئەمرۆ هەیە هەرلەسەرەتای ژیانەوە هەبووە لەڕێگەی

..........................................................................................................................................

(1)د.احسان محمدالحسن,موسوعة علم الاجتماع, المصدر السابق, ص406.

(2) د.عدنان أبومصلح, , معجم علم الأجتماع , دارأسامة للنشروالتوزيع, الأردن, 2006, ص346.

(3)تابان خالد أحمد, , پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان خوێندکارانی زانکۆ, نامەی ماستەری زانکۆی سلێمانی , 2010,بلآونەکراوە, لا7.

پەیوەندی مرۆڤەکانەوە, واتە چەمکی جیهانگیری درێژکراوەی چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتیە(1)

پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان تاکەکان لەسەربنەمای کارلێك کردنی مەبەستدار درووست دەبێت , واتە بەهۆی ڕووداوی کارلێك کردن و تێکەڵاوبوون و لەسەر بنەمای پەیوەندی یە جیاوازەکان مرۆڤەکان بەیەك دەگەن , ئەم کارلێك و تێکەڵاویەش دەگۆڕیت بەپێ ی ئەو چەمکانەی کەکۆمەڵگاکان بنیاتیان ناوە , هەربۆیە ئەم کارلێك و تێکەڵاوبوونە شێوازی جۆراوجۆری هەیە لە کۆمەڵگاکاندا , چونکە ڕەوشتی مرۆڤ پەیوەستە بەو چەمکانەی لە ناو مرۆڤایەتی و کۆمەڵگاکلندا هەیە ,ئەوەی لای کۆمەڵگەیەك پەسەندە لای کۆمەڵگایەکی تر وانی یە وەبەپێچەوانەوە, ئەوەی پەسەندە بۆکاتێکی دیاری کراو وانی یە لەکاتێکی تردا وەلەهەمان کۆمەڵگادا, لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی یەکی بنەڕەتی یە لەتایبەتمەندی یەکانی کۆمەڵگا ,مادام مرۆڤ کۆدەبێتەوە لەگەڵ کەسێکی تر , کارلێك کردن و پەیوەندی دیاری کراو ڕوودەدات . (2)

هەرئەمەشە وادەکات کەزۆر جار ئەوپەیوەندیەی دروست دەبێت لەناو کۆمەڵێکدا لەسەر بنەمای خوێن نەبێت بەڵکو لەسەر بنەمای پەیوەندی کۆمەڵایەتی بێت , یان ئەو پەیوەندی یە خزمایەتیەی پێکەوەیان دەبەستێت پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیە لەبنەڕەتدا, ئەم نموونەش بەئاشکرا دەردەکەوێت لای هەندێك لەپێکهاتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان, لای هەورامیەکان خزمایەتی تایبەتمەندی خۆی هەیە (خزمایەتی لای هەورامیەکان خزمایەتی کۆمەڵایەتی یە چونکە هەورامیەکان لە(هۆزو تیرەو ڕەچەڵەك) پێك نە هاتووە, بەڵکو خزمایەتیەکەیان لەسەر بنەمای تاك و خێزان و بنەماڵە و لادێ وشارۆچکە دامەزراوە, پەیوەندی خوێن و پشت

ڕۆڵێکی ئەوتۆی نی یە کەشایەنی باس کردن بێت , پەیوەندی یەخزمایەتیەکان لەکۆمەڵگای هەورامانداا لەسەر ئاستی(هاوجێی,هاوزمانی, هاوبەرژەوەندی)دامەزراوە. (3)

ئەوەی, کەزۆر نزیکە لەپەیوەندی کۆمەڵایەتیەوەو تەواوکەری ئەم پرۆسەیەیە کارلێك کردنی کۆمەڵایەتی یە , بەجۆرێك ناتوانین لەمانای تەواوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تێ بگەین بەبێ تیشك خستنە سەر ئەم چەمکە ,

..........................................................................................................................................

(1)د.مجيد حميد عارف, أنثروبولوجياالأتصال, بغداد, بدون مكان الطبع, 1990, ص11.

(2) ابراهيم الخطيب ونبيل عبدالهادى ,مدخل الى علم الأجتماع , الأهليةللنشروالتوزيع, عمان-الأردن, بدون سنةالطبع, ص70.

(3)د.عزت فتاح حمه صالح, ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان,سەرچاوەی پێشوو,لا51.

کارلێککردنی کۆمەڵایەتیش پەیوەندی نێوان تاکەکان و گرووپەکانە لەگەڵ یەکتر, بەهۆی ئەم پەیوەندی یەوە گۆڕان لەڕەفتاری هەردوولادا ڕوودەدات, یان کردارێکە تاکەکان لەڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی هاوبەشی هەستەکان, کاردەکەنە سەر یەکتر, تاکەکان لەو کرداری کارلێك کردنەدا,لەسەر بنەمای  پێداویستی و ئارەزوو ئامانج و زانیاریەکانی یەکترەوە پێکەوە بەستراونەتەوە بەشێوەیەکی ژیرو پاڵپێوەنەرانەوە, هەروەك( سوروکن)★ دەڵێت : کارلێك کردنی کۆمەڵایەتی هەر ڕووداوێکە, کەلایەنێك کاریگەری یەکی بەرچاو دەکاتە سەر کرداره دیارەکانی لایەنەکەی تر.(1)

کارلێك کردنی کۆمەڵایەتیش ڕوونادات بەبێ کۆبوونەوەی تاکەکان , بەهۆی ئەمەشەوە پرۆسەی بەخشین و وەرگرتن , پرۆسەی کاریگەری و کاریگەر تێکراو , گۆڕان و چاکسازی لە ڕەوشتی تاکدا ڕوودەدات بەبەردەوامی و لەهەموو شوێنێکدا مرۆڤەکان بەلاشەو بیر کۆدەبنەوە , لەم کۆبوونەوەش پرۆسەی کارلێك و بەریەك کەوتن و بەدواشیدا چاکسازی و گۆڕان لەهەڵوێست و ڕەوشتدا ڕوودەدات , بۆیە کارلێککردنی کۆمەڵایەتی وەك قۆناغێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی, پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوامە, تاك جەمسەرەکانیەتی و ئەداتە سەرەکیەکانیشی ماناو چەمکەکانە, (2)ئەم پرۆسەی چاکسازی و بەخشینەش بەهۆی پەیوەندی بەهێزی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەندامانی خێڵ و کۆمەڵگەی توێژینەوەدا دەبینرێت وەك لەپێشتردا باس کراوە.

مرۆڤ بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یەوە چەند شتێکی پێ گەیشتوەو سوودمەند بووە لێ ی, بۆیە کاتێ بمانەوێ بەتەواوی لە چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تێ بگەین پێویستە باسی چەمکی گەیاندن (الأتصال)

بكەین, کەپرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیاری نێوان مرۆڤەکانە, زۆر جار ئەم گەیاندنە گەیاندنێکی ڕاستەو خۆیە, لەنێوان چەند کەسێکدا ڕوو دەدات و زۆرجاریش ناڕاستەوخۆیە, هەندێ جار فەرمی یە لەئاستە فەرمی یەکاندا بەڕێگەیەکی فەرمی, یان نافەرمی یە لەئەنجامی کارلێك کردن و تێکەڵاوبوون بە ڕێگایەکی نافەرمی.(3)

..............................................................................................................................................

*بتریم سوروکن(Pitrim Sorokn)(1889-1959) , لەفنلندا لەدایك بووە لەدایك و باوکێکی رووسی, دکتۆرای لەکۆمەڵناسیدا هێناوە,لەگرنگترین کتێبەکانی(أثرالجوع في السلوك الانساني والحياة الاجتماعية والتنظيم الاجتماعى) , لا116, موسوعةعلم الاجتماع.

(1) تابان خالد أحمد, پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان خوێندکارانی زانکۆ, سەرچاوەی پێشوو, لا6.

(2) ابراهيم الخطيب ونبيل عبدالهادى, مدخل الى علم الأجتماع , المصدر السابق, ص70.

(3) د.اسماعيل عبدالفتاح عبدالكافى, الموسوعة الأقتصادية والاجتماعية, مركز الأسكندرية للكتاب,2005, ص8.

ئەگەر لەسەر بنەمای ئەم زانیاریانە باس لەکۆمەڵگای توێژینەوە بکەین دەردەکەوێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی هۆکارو دەرەنجامی کۆمەڵێ بابەتن, وەك گەیاندن, کارلێك کردن, ئەو پەیوەندیە ی لەکۆمەڵگای توێژینەوەدا هەیە تەنها پەیوەندی خزمایەتی نی یە لەسەر بنەمای خوێن, بەڵکو کۆمەڵێك پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان هەیە کەلەسەربنەمای کۆمەڵێك شتی جۆراو جۆر دروست دەبن, وەك ئەو پەیوەندیەی لەسەر بنەمای کاروپیشە دروست بووە لەدەزگا فەرمی و نافەرمی و شوێنە گشتی یەکاندا, ئەمەش بەهۆی کارلێك کردنی ڕۆژانەی تاکەکان پێکەوە, هەروەها هەندێ جار لەسەربنەمای بەرژەوەندی و بیری هاوبەش کۆمەڵێك پەیوەندی دروست دەبێت کەزۆر لەپەیوەندیە خزمایەتیەکە بەهێزترە, وەك ئەو پەیوەندیەی لەنێوان ئەندامانی گرووپە سیاسیەکاندا هەیە (درووست بوونی پارت و سیاسەت زۆر شتی لەم شارەدا گۆڕی, لەوانە نەمانی خزمایەتی و بەگوێ نەکردنی گەورەی خێڵ وپێکهاتەکان وەك ڕادەی جاران, بەڵام لەئیستاداپارتە سیاسیەکان ئەو ڕۆڵەیان نەماوە. )(2)

هەروەها بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەربنەمای شوێن, وەك ئەوپەیوەندیە بەهێزەی کەلەنێوان دراوسێدا هەیە لای هەندێك گەڕە ك و خێڵ و پێکهاتە, وەك لەپێشەوە باسمان کرد, یەکێکە لەوپەیوەندیە کۆمەڵایەتیە گرنگانەی, کەلەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا دەبینرێت, هەروەها بوونی پەیوەندی دەرەکی لەسەربنەمای بەرژەوەندی و کۆمەڵێ شتی تر, چ لەسەر ئاستی تاك یان کۆمەڵگە یەکێکی ترە لەپەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکان لەکۆمەڵگای توێژینەوەدا.

مەبەست لەپەیوەندی دەرەکیش بوونی  پەیوەندییە لەنێوان دووخێڵی جیاواز, یان دوونەتەوەی جیاواز, بۆنموونە چوونە دەرەوەی  ژمارەیەك لەئەندامانی خێزانی ئەم شارە بۆ دەرەوەی وولا ت و ژن هێنان و درووست کردنی پەیوەندییان لەگەڵ نەتەوەو کولتووری جیاوازدا وەك ئەوانەی دوای چەند ساڵێك لەهەندەران دەگەڕێنەوەو پەیوەندی ژن و ژنخوازیان لەگەڵ خەڵکی ئەوێدا درووست کردووە, هەروەها کۆچ کردنی خەڵکی ئەم شارە چەندجارێك بۆ شارەکانی ئێران و تێکەڵاوبوون بە کولتووری ئەو ناوچانە, لەئێستاشدا بوونی ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی عەرەب کەلەشارەکەدا نیشتەجێن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کولتوریان لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا هەیە,ئەم پەیوەندی و خزمایەتیە دەرەکیەش مێژووی هەیە لەم شارەدا, وەك ئەو دۆستایەتیەی کە لە

........................................................................................................................

...........

(2)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: مستەفا رەشید محمد , کەسایەتی بەتەمەن و ناسراوی عبابەیلێ ی, هەڵەبجە, 2016/11/13.

نێوان جافەکان و هەورامیەکاندا هەبووە(لەگەڵ ئەوەی جافەکانی هەڵەبجە دراوسێ ی هەورامیەکان بوون, لەڕووی تێکەڵی خێزانیشەوە لەگەڵ هەورامیەکان خزم بوون)(1)واتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان ئەم دووانە, کەدوو خێڵ و پێکهاتەی جیاوازبوون, بووەتە هۆی درووست بوونی پەیوەندی خێزانی و خزمایەتی.

هەموو ئەم پەیوەندیانەش, کەباسکرا کاریگەری هەبووە لەسەر گەیاندنی کۆمەڵێك نەریت و بیرو بۆچوون لەنێوان ئەندامانی یەك خێڵ یان یەك گرووپی سیاسی, کەدەتوانرێت جیاوازیان بکرێت.

## دووەم:پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای خزمایەتی :

ئەوپەیوەندی کۆمەڵایەتی یەی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست دەبێت و بەردەوامی هەیە  لەهەموو کات و شوینێکدا, جۆرو شێوازو بنەمای دروست بوونیان جیاوازە, لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا زۆربەی پەیوەندی یەکان لەسەربنەمای خزمایەتی دروست بووەو تامردن لەگەڵ مرۆڤەکاندا ماوەتەوە, بەڵام لەکۆمەڵگە پێشکەوتووە کاندا زۆر جار ئەم پەیوەندی یە بەهۆی کارەوە یان بەهۆی ئەندام بوون لەدەزگایەکدا یان ڕێکخراوێکدا بووە , بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی ئەم پەیوەندیانەدا پەیوەندیەخزمایەتیەکان کۆتاییان پێ نەهاتووە, هەربۆیە ئەم پەیوەندی یە خزمایەتیانە بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکانن .(2)

یەکێك لەپەیوەندیە خزمایەتیەکان پەیوەندی نێوان تاکەکانی خێزانە, ئەو پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەی لە خێزانەکاندا هەبووە زۆر جار بووەتە هۆی گەیاندنی زۆر شت لەباوکەوە بۆ نەوەکان, بەهێزی پەیوەندی منداڵ و

دایك زۆر جار وای کردووه مرۆڤ بەو جۆره بیربکاتەوه کەدایکی دەیکاتەوه , هەروەها باوك پەیوەندی ڕاستەو خۆی بەژیانی منداڵەوه هەبووه, بەڵگەش بۆ ئەمە باوکەکان لە(میصر)دا سووربوون لەسەر پەروەردەو فێرکردنی منداڵەکانیان بە ڕەوشتێکی بەرزو پەیڕەو کردنی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیە تەندرووستەکان, پەڕتووکی زۆر لەم بارەوه هەیه, کە باس لەنموونەی ئامۆژگاری باوکان بۆمناڵەکانیان دەکات, بەتایبەت لە شێوازو چۆنێتی قسەکردن لەگەڵ خەڵك و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیان, واتە پەیوەندی خێزانی هۆکاری گەیاندنی زانیاری بووه و چەندەها ئامۆژگاری هەبون, کەدەماو دەم گێڕاویانەتەوه کەباس لەڕێزی گەورەو

.....................................................................................................................................

(1) هادی رەشید بەهمەن, پەیامی هەورامان, چاپی یەکەم, بەبێ شوێنی چاپ, 2001ز, لا159.

(2) د.فاتن محمد شريف, الأسرة والقرابة(دراسات فى الأنثروبولوجيا الأجتماعية), المصدر السابق, ص45.

چۆنیەتی قسەکردن و میوانداری کراوه, هەندێك نیشانەو داب و نەریت هەبووه, کەجۆرێك بوون لەپەیوەندی , لەوانە کاتێ سەردانی ماڵێکت کردو خواردنیان بۆ دانایت سەیری بەردەمی خۆت بکەو خواردنەکەی خۆت بخۆ , نەك سەیری ئەو خواردنانە بکەیت کەبۆ ئەوانی تر دانراوه , هەروەها سەیرکردنی ئافرەت لەلایەن ڕەگەزی نێرەوه سات و وەختی خۆی هەبووه. (1)

زۆر جاریش  پەیوەندییەکە لە پەیوەندی باوك و منداڵ چووەتە دەرو گوێزراوەتەوه بۆ کەس و کاری دایك و باوك, تاکی خێزان یان پەیوەست بووه بەکەس و کاری دایکەوه یان پەیوەست بووه بەکەس و کاری باوکەوه , هەر بەهۆی ئەم پەیوەست بوونانەوه بنەماڵە پێك هاتووه, کە بە پەیوەندی یە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانەوه بەستراونەتەوه , بەلا م بەهۆی ئەو گۆڕانانەی بەسەرخێزاندا هات لەڕووی فراوان بوونەوه لەسیستەمی ڕەچەڵەك و تەوەرەی خزمایەتیدا ,گۆڕان بەسەر ئەو پەیوەندی و سیسستە م و ڕێسایانەشدا هات کەکۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتبوون .(2)

لەکۆمەڵگای توێژینەوەدا پەیوەندی خزمایەتی کاریگەری هەبووه لەگوێزانەوەی داب و نەریت لەباوکەوه بۆ منداڵ, یان لەباپیرەوه بۆنەوەکان لەلای زۆربەی پێکهاتەو خێڵەکان تاڕادەیەك, ئەمەش بە ئاسانی بەدی دەکرێت لەکاتی هەڵس و کەوت و مامەڵە لەگەڵیاندا, بەجۆرێك کەسێك سەر بەتیرەیەك بێت تاڕادەیەك وێنای ئەوتیرەیە دەکات لەهەندێ داب و نەریتدا, بەڵام بیرو بۆچوون بەو پلەیە نەگوێزراوەتەوه, ئەمەش بەهۆی وشیاری تاك و

کاریگەری خوێندن و دەزگا ڕاگەیاندنەکانەوەیە, بەڵام گوێزانەوەی داب و نەریت بەڕادەیەك بەهۆی کۆت و بەندی کۆمەڵگایە لەلایەك و پابەندبوونی تاك بەداب و نەریتەوە بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی یە گشتی و تایبەتیەکانی لەلایەکی ترەوە.

هەموو ئەمانەش لەکۆندا زیاتر گوێزراونەتەوە وەك لەئێستادا, چونکە پێکهاتەی گوندێکی بچووك جیاوازترە لە شارێکی گەورە, کەتیایدا شێوەو پەیوەندی نێوان خزم و ئەندامانی خێزان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە( ئەو خێزانەی کەلەشاردا هەیە لەڕووی پەیوەندی نێوان تاکەکانیەوە جیاوازە لەوەی کەلە لە گوندەکاندا هەیە, لە

.................................................................................................................................

(1) د.فاضل عبدالواحدو د.عامرسليمان, عاداة وتقاليد الشعوب ,كلية الاداب-جامعةبغداد, 1979, ص229.

(2) تەلار أحمد مصطفی, سەرچاوەی پێشوو , لا91.

کۆمەڵگە سەرەتاییەکان یان گوند نشینەکان لەدوای هاوسەرگیریش تاك هەرپەیوەندی بەهێزی هەیە بە باوانە وەو یەکەیەکی گەورە پێك دێنن, بەڵام لەشاردا خێزان بچوکترین یەکەی کۆمەڵایەتی یە و قۆناغێکی بنەڕەتی یە بۆتێگەشتن لەشار, لەشاردا نەك پەیوەندی یە خێزانی یەکان بەڵکو ڕۆڵی ئەندامانی خێزانیش گۆڕانی بە سەردا هاتووەو ئەمەش دووبارە کاریگەری لەسەرپەیوەندی یەکان هەیە, توێژەران خۆیان خەریك کردووە بە چۆنێتی دابەش بوونی ئەو ڕۆڵانەی کە لەنێوان ژن ومێردی خێزانی شاردا هەیە لەسەربنەمای هاوکاری و سەربەخۆیی کەسێتی, دیاریشە کەئەو دابەش بوونی کارەی کەلەژیانی لادێ یا هەبووە لەنێوان ژن وپیاودا لەسەر بنەمای ڕەگەز بووە, واتە ڕۆڵی هەریەکێکیان جیاواز بووە بەڵام تەواوکەری یەکتربوون لەچوارچێوەی نەریتی لادێ یا, لەکاتێکدا لەشاردا بارودۆخی جیاواز درووست بووە کەبواری تازەی لەبەردەم ژنا درووست کردووەو بەهێزی کردووە لەڕووی سەربەخۆیی یەوە , کەئەمەش گۆڕانی لەجۆری پەیوەندیدا دروست کردوە , لەڕووی فراوان بوونی پەیوەندی لەلایەك و لاوازبوونی لەلایەکی ترەوە). (1)

هەرچەندە کۆمەڵگای توێژینەوە لەگەڵ ئەوەی شارێکی گەورەیە بەڵام دوای ئەوەی منداڵ هاوسەرگیری دەکات پەیوەندی بەخێزانەکەیەوە هەردەمێنێ, واتە پەیوەندی بنەماڵە بەهێزە تیایدا, وەك لەپێشەوە باس کراوە.

پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکان یەکەی بنەڕەتین لە ئەنثرۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتیدا, مرۆڤ پەیوەندی دروست دەکات لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ بەدی هێنانی ئامانجە تایبەت و گشتی یەکانی , ئەم پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیانەش

بەڕێکەوت ڕوو نادات بەڵکو یاساو شێوازی دیاریکراوی خۆی هەیە و بەشدارە لەدروستکردنی سیستەمێکدا, ئەو پەیوەندیانەی, کەسەربەهەمان جۆری پەیوەندین جۆرەکانی تریش دابین دەکات, بۆنموونە ئەو پەیوەندی یە ڕێکخراوەی باوك لەگەڵ منالەکانی لەکاتی یاری کردندا پەیوەستە بەوپەیوەندی یەی لەگەڵیاندا هەیەتی لەکاتی بەجێ هێنانی ئەرکی ماڵەوەیاندا, ئەمەش پشت دەبەستێت بەو پەیوەندی یە هاوسەرگیریەی کەلەگەڵ دایکیان هەیەتی, ئەم پەیوەندیانەش پشت بەستووە بەپەیوەندی یە ئابووریەکان لەکاتی دەرچوون لەماڵدا بۆ کار کردن وپەیوەندی یە یاساییەکان کاتێ کۆمەڵێك ئامۆژگاری بۆمنداڵەکانی بەجێ دێڵێت لە کاتی جیابوونەوەدا ,(2)

.............................................................................................................................

(1) د.قيس النوری, الأنثروبولوجيا الحضرية بين ألتقليد والعولمة, الطبعة الأولى, مؤسسةحمادة للدراسة الجامعية, الأردن, 2001, ص94.

(2) د.يحي مرسى عيد بدر, أصول علم الإنسان(الأنثروبولوجيا), المصدرالسابق , ص282.

ڕەگەزە سەرەکیەکانی سیستمێك کەپشت بەستووە بەپەیوەندی یە کۆمەلا یەتیەکان کرۆکی بنیادی کۆمەڵایەتی پێك دێنن .(1)

پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێکهاتەیەکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی یەو تەواوکەری زۆرپرۆسەی کۆمەڵایەتی یە , ڕۆڵی خۆشی هەیە لەبونیادی کۆمەڵایەتیدا چ لەڕووی پەیوەندی پێکهاتەکان, چ لەڕووی ڕۆڵی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەم بونیادەدا, هەروەك (براون) کاتێ باس لەبونیادی کۆمەڵایەتی دەکات, هۆزەکانی ئەفریقیا و ئوستڕالیا وەك نموونە دێنێتەوە, دەڵێت( پرۆسەی تەواوبوون یان بەدی هاتنی بەردەوامی بنیادی کۆمەڵایەتی دێتە دی لەڕێگەی پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە, کەپێکدێت لە چالاکیەکان و کارلێککردن و تێکەڵاوبوونی تاکەکان لەڕێگەی کۆمەڵەی ڕێکخراوەوە کەکۆیان دەکاتەوە).(2) ئەم کارلێککردن و تێکەڵاوبوونەش قۆناغێکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانن , هەروەها بەشەکانی بونیادیش بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتیەوە فەرمانەکانیان بەجێ دەهێنن(فەرمانی هەرسیستمێکی کۆمەڵایەتیش ئەو ڕۆڵەیە کەلەبونیادی کۆمەڵایەتیدا دەیبینێ, ئەمەش لەتاکەکانی خەڵك پێکدێن کەهەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریاندا پەیوەندیان هەیە, هەریەك لەوپەیوەندیانە توندو تۆڵ و بەهێزن لەڕێگەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکانەوە)0(3)

کەواتە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بنەمایەکی گرنگ و سەرەکی بنیادی کۆمەڵایەتیە , بۆیە لەبابەتی خزمایەتی و بنیادی خزمایەتیشدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی بابەتێکی گرنگ و تەواوکەریەتی,چونکە لەزۆر باردا پەیوەندیە

**کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای خزمایەتی دیاری کراون و سنووریان بۆدانراوە, زۆرجار ئەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەن کەبەهێزی و لاوازی کۆمەڵگەیەك یان پێکهاتەیەك یان خێڵێك دیاری دەکەن, بەتایبەت ئەو پەیوەندیانەی لەکات و بۆنە تایبەتەکاندا هەن وەك لەپێشتردا باسی لێوە کراوە, هەروەها پەیوەندی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی گرنگە بۆمانەوەی کلتووری ڕەسەنی نەتەوەیەك, چونکە هەموو داب و نەریتەکانی بنەماڵەیەك یان خێڵێك ...هتد, لەڕێگەی پەیوەندی بەهێزی تاکەکانەوە دەگوێزرێتەوە.**

.........................................................................................................................................

(1) د.يحي مرسى عيد بدر, المصدر السابق , ص282.
(2) د.عبدالحميد لطفى, الأنثروبولوجيا الاجتماعية, الطبعة الثانية, دار المعارف بمصر, 1971, ص159.
(3)اد.عاطف وصفى, الأنثروبولوجياالاجتماعية, المصدر السابق, ص47.

## سێیەم:جۆرەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی :

**لە پێشتردا باسمان لەجۆرەکانی پەیوەندی خزمایەتی کرد بۆیە لێرەدا تەنها باسی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکەین کەزۆر جار ئاوێتەن لەگەڵ پەیوەندی یە خزمایەتیەکەداو تەواوکەری یەکترین , بەلا م ئەوەی گرنگە باسی لێوە بکرێت ئەوە یە, کەجگە لەپەیوەندی ژن و ژنخوازی و پەیوەندی خوێنی, هەندێك جار لەدەرەوەی ئەمەش پەیوەندی کۆمەلا یەتی دروست دەبێت و تاڕادەیەکیش بەردەوامی دەبێت وەك ئەوەی لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا دەبینرێت, پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێك هاتەیەکی گرنگی خزمایەتی یەو بەردەوامی دەدات بە خزمایەتی و ڕۆڵی هەیە لەبەرفراوانبوونی ئەم نەسەقەدا . پەیوەندی کۆمەلا یەتی تاکەکانی خێزان لەگەڵ یەکدا پەیوەندی یەکە لەسەربنەمای خوێن , پەیوەندی نێوان ژن و مێرد لەگەڵ یەکتری و پەیوەندی هەر یەکێکیان لەگەڵ کە س و کاری ئەوی تریاندا پەیوەندی یەکە لەسەربنەمای ژن و ژنخوازی, پەیوەندی نێوان دوودراوسێ پەیوەندیەکە لەسەربنەمای شوێن, ئەگەر سەرنج بدەین لەناو شاری هەڵە بجەدا پەیوەندی دراوسێ پەیوەندی یەکی بەهێزو گرنگ بووە لای خەڵکی ئەو شارەو تەنانەت تائێستەش ماوەتەوەو , لەزۆر بۆنەی خۆش و ناخۆش دا دراوسێ زۆر بەدەم دراوسێکەیەوە هاتووە, ئەم پەیوەندی یە بەجۆرێك بووە زۆرجار دوای ئەوەی لە یەکتریش دوورکەوتوونەتەوە بەردەوامیان بەم پەیوەندی یە داوە و وەك خزمێك هاتوو چۆی ئەو دراوسێیەیان کردووە کەلێیان دوور کەوتووەتەوە , هەروەها پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەربنەمای پیشە بەشێکی تری**

پەیوەندی یەکان بووە و بەتایبەت دوای دابەش بوونی کارو دروست بوونی دام و دەزگا حکومی و ناحکومیەکان , زۆرجار پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەربنەمای سیاسەتیش دروست بووە , ئەو کەسانەی کەلەیەك گرووپی سیاسیدا بوون پەیوەندی یەکی بەهێزیان پێکەوە هەبووە , هەموو ئەم پەیوەندیانەی باس کران لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا هەن.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە لەگەڵ دروست بوونی ئەم پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیانە لەسەرچەند بنەمایەك , پەیوەندی کۆمەلا یەتی لەسەربنەمای خزمایەتی گرنگی خۆی لەدەست نەداوەو لەهەموو کاتێکدا بەتێپەڕبوونی مێژوو پارێزگاری لەبوونی خۆی کردووە , ئەگەر زیاتر ڕوونی بکەینەوە , زۆر جار پەیوەندی لەسەر بنەمای سیاسەت زۆر بەهێزبووە لەنێوان چەند کەسێکدا لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا بەلام بەتێپەڕبوونی کات کەم بووەتەوەو بەرەونەمان چووە, لەکاتێکدا پەیوەندی خزمایەتی بەردەوام بووە بە بەردەوامی ژیان , هەر چەندە گۆڕانی بەسەردا هاتووە, بەلام بەبەهێزی ماوەتەوە.

ئەم پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیانەش, کەلەنێوان تاکەکاندا درووست دەبێت , (لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێ لەسەر ڕێو ڕەسم و پرۆگرامی خۆی دەڕوات و سەر بۆ کۆمەڵێك ڕێکخەر دائەنەوێنێت, کە ڕەوشتی تاکەکان دیاری دەکات , ئەگەر ئەم یاساو ڕێسایانەش نەبن کۆمەڵگە بەرەو داڕمان دەڕوات , بەلام ئەوەی کەکۆمەڵگە لەمە دەپارێزێت نەسەقی بەهای باوە لە کۆمەڵگەدا, ئەوەی کەدیاری دەکات چ کارێك پێویستە لەهەموو کاتێکدا بکرێت و چیش ئەبێ لێ ی دوور کەویتەوە؟ لەوانە پێکەنین و سەما بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری شتێکی ئاسایی یە و کارێکی شازە لە بارودۆخی مردنی کەسێکدا),(1) بەئاشکرا لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا ئەمە بەدی دەکرێت , کە پۆشینی هەندێ ڕەنگی دیاری پۆشاك بۆ پرسە نەریتێکی جوان نی یە, بەلام هەمان ڕەنگ بۆئاهەنگی هاوسەرگیری پێویستە.

پەیوەندی کۆمەڵایەتی شێوازو جۆری جیاوازی هەیە, بەپێی جۆری کۆمەڵگاو دوورو نزیکی تاکەکان و بنەمای پەیوەندیەکان دەگۆڕێت, بەلام بەشێوەیەکی گشتی چەند جۆرێك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان هەیە, وەك( پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرەکی و لاوەکی, پەیوەندی کۆمەڵایەتی فەرمی و نافەرمی ..... هتد , پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرەکی: ئەوپەیوەندی و کارلێك و تێکەلاویەیە کە لەنێوان ژمارەیەکی کەمی تاکدا درووست دەبێت , یان لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵە سەرەتاییەکاندا دروست دەبێت , وەك پەیوەندی کۆمەڵێ هاوڕێ, پەیوەندی

خێزان, ئەم پەیوەندیە لەزۆربەی جاردا پەیوەندیەکی بەهێزە, وەشێوەو فۆرمێکی نارەسمی هەیە. پەیوەندی کۆمەڵایەتی لاوەکیش ئەوپەیوەندی و کارلێکانەن کەلەنێوان ژمارەیەکی زۆردا دروست دەبێت, کە مەیلیان هەیە بۆگرووپ و دامەزراوە گەورەکانی وەك قووتابخانەو پارتی سیاسی و کارگەو کۆمپانیاو کۆمەڵە سەربازیەکان, ئەو پەیوەندیەی لێرەدا دروست دەبێت پەیوەندیەکە لەسەربنەمای سوودو بەرژەوەندی, وەسنووردار کراوە بەیاسا, وەپەیوەندیەکی فەرمی و ئاڵۆزە).(2)

..............................................................................................................................................

(1) د.يحي مرسى عيد بدر, أصول علم الإنسان(الأنثروبولوجيا), ألمصدر السابق, ص284.
(2)د.احسان محمدالحسن, موسوعة علم الاجتماع, الطبعة الاولى , الدارالعربية للموسوعات, 1999, ص406-407.

لەکۆمەڵگای توێژینەوەدا هەمووئەم جۆرە پەیوەندیانەی کەباسکرا بەدی دەکرێت , بەڵام ئەو جۆرەیان کە مەبەستمانە پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرەکی یە , کەشێوازێکی نافەرمی هەیە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە خزمایەتیەکان لەخۆدەگرێت , واتە پەیوەندی خزمایەتی جۆرێکە لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی , بەڵام پەیوەندی کۆمەڵایەتی تەنها بەهۆی خزمایەتیەوە دروست نابێت, وەك ئەو پەیوەندیەی لەنێوان قوتابی و مامۆستادا هەیە, پەیوەندی خزماتیەش شێوازو ڕێوڕەسمی خۆی هەیە.

(ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەی کەلەنێوان دووکەس یان زیاتردا دروست دەبێت لە بونیادی خزمایەتی هەر کۆمەڵگایەکدا پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی دوو لایەنەیە , وەك پەیوەندی نێوان باوك و کوڕ یان دایك و کوڕ, یان خوشك و برا, (براون) باس لەم بابەتە دەکاو دەڵێت لەیەکێك لەهۆزەکانی ئوسترالیا, هەموو بونیادی کۆمەڵایەتی تۆڕێك بوو لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کەلەسەر بنەمای خزمایەتی دروست بووبوون, وە(براون) جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە ئەو بارە تایبەتانەی تاك کەپەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕەنگە داتەوە تیایدا, بابەتی توێژینەوەی زانستی بونیادی کۆمەڵایەتی نین بەڵکو پێویستە زۆربەی بوارە گشتیەکان گرنگی پێ بدەن, وەشێوازێکی کۆمەڵایەتیە, دواتریش دەڵێت ئەگەر بمانەوێ پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان باوك و کوڕ دیاری بکەین لە هەر هۆزێکدا , ناتوانین ئەم پەیوەندیە کورت کەینەوە لەسەر باوکێکی دیاری کراو بەتەنها, بەڵکو دەبێت تێبینی ژمارەیەك باوك بکەین , وەتۆماری پە یوەندیەکە بکەین لەگەڵ نەوەکانی ودواتر شێوازەکە

کورت کەینەوە لەو پەیوەندیانەی کەلەلای زۆریان دووبارە ئەبێتەوە, وەلەم شێوازانە بنیادی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت).(1)

وەپەیوەندیە خزمایەتیەکان شێوازی جۆراو جۆریان هەیە هەروەك چۆن پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکان هەیانە لەوانەش(پەیوەندیەخزمایەتیەکان لەسەر بنەمای کارلێك کردنی ڕاستەوخۆ دروست دەبێت, واتە تاکەکان ڕوو بەڕوو قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن, وەپەیوەندی خزمایەتی ئامانجە نەك هۆکار, خزم سەیری خزمەکەی دەکات وەك سەروەتێکی گەورە , پەیوەست دەبێت بەئەرکەکانیەوە پێش هەموو ئەرکێکی تر),(2)

..............................................................................................................................................

(1)اد.عاطف وصفی, الأنثروبولوجياالاجتماعية,المصدر السابق, 1981, ص49.

(2)د.قيس النوری, المدخل الی علم الانسان, جامعة الموصل, بدون مكان الطبع, 1982, ص201.

# بەشی چوارەم

# هاوسەرگیری و خێزان

## باسی یەکەم : هاوسەرگیری

## باسی دووەم:خێزان

## بەشی چوارەم: هاوسەرگیری و خێزان :

خێزان و هاوسەرگیری دووپێکهاتەی سەرەکی خزمایەتین و پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکان تەواو دەکەن, بۆیە ناتوانین لەبابەتی خزمایەتی تێ بگەین بەبێ باس کردنی بابەتی پرۆسەی هاوسەرگیری و یەکەی خێزان, هەروەها خێزان و هاوسەرگیری دووبابەتی گرنگی بواری ئەنثرۆپۆلۆژیای کۆمەلأیەتین, لەبەر ئەمەشە زۆربەی ئەو زانایانەی کەلەبواری ئەنثرۆپۆلۆژیا کاریان کردووە گرنگیان داوە بە پەیوەندی خێزانی لەوانە (رڤرز) و(ڕادکلیف براون) و(لیڤی ستراوس),

خێزان یەکەیەکی بنەڕەتی کۆمەلگایە بۆیە ناتوانین لەکاتی توێژینەوەی خزمایەتی لەهەرکۆمەلگایا خۆمان لەیەکەی خێزان دوور بگرین, جگە لەمانەش خێزان ڕێڕەوێکە خزمایەتی لێیەوە تەشەنە دەکات, بۆیە پێویستە گرنگی بەین بەکۆمەلە خزمایەتیەکان, ئەمەشە وای کردووە کە خزمایەتی پێگەیەکی گەورەی هەبێت لە زانستی ئەنثرۆپۆلۆژیادا, (خزمایەتیش پەیوەندی نێوان تاکە لەگەل یەکتری لەناو خێزان و دەرەوەی خێزان کە زۆر جار ئەم پەیوەندی یە دەبێتە هۆی دروست بوونی پەیوەندی هاوسەرگیری , بۆیە کاتێ باس لە خزمایەتی دەکەین پێویستە باس لەم سێ لایەنە بکەین, کە خزمایەتی تەواو دەکەن ,ئەوانیش (خێزان,هاوسەرگیری, بەیوەندی کۆمەلأیەتی) .

گرنگی دانێکی تربەخێزان لەگەڵ گەشتنی ئاراستەی بونیادی فرمانگەرایی بوو, ئەم ئاراستە وا دەڕوانێتە کۆمەڵگا کە کۆمەڵگا لە کێ بەرکێ ی لەگەڵ کۆمەڵگاکانی ترو سرووشت بەردەوام دەبێت ئەگەر ئەندامەکانی بتوانن لە ڕێگەی چالاکیە جۆراوجۆرەکانیەوە هەستن بە ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بەڕێگە یەکی ڕێکخراو)(1)

هاوسەرگیریش جگە لەوەی, کە سەرچاوەی دروست بوونی خێزانە بەهەموو جۆرەکانیەوە, پێکەوەبەستنی دووکۆمەڵەی جیاوازە بەهۆی پەیوەست بوونی ژن و ژنخوازیەوە, خێزانیش بەدەر نیە لەم پەیوەندیەو تەواوکەریەتی(2)

.................................................................................................................................

(1)د.فاتن محمد شريف, الأسرة والقرابة(دراسات فی الأنثروبولوجيا الأجتماعية), المصدلرالسابق, ص25.

(2) د.يحي مرسى عيد بدر, أصول علم الإنسان(الأنثروبولوجيا), ألمصدر السابق, ص289.

## باسی یەکەم : هاوسەرگیری

### یەکەم:چەمکی هاوسەرگیری و کورتەیەك دەربارەی :

هاوسەرگیری یەکێکە لەبنەماکانی خزمایەتی , جگە لەوەی پرۆسەیەکە بۆزیادبوونی تاك لەڕووی بایلۆجیەوە , لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ناوەندێکە بۆدروست بوونی پەیوەندیە خزمایەتیەکان و نزیك خستنەوەی گرووپە خزمایەتیەکان لەیەکەوە, بۆیە گرنگە لەم چەمکە تێ بگەین لەبابەتی خزمایەتیدا, (هاوسەرگیری(الزواج)(Marriage): یەکگرتنێکە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە دانی پێدا نراوە لەنێوان ژن و پیاودا, خێزان دروست دەبێت دوای ئەوەی کەمنداڵ لەنێوانیاندا درووست دەبێت , وەپەیوەندی لەنێوانیاندا دروست دەبێت لەسەر بنەمای داب و نەریت و یاسا, هاوسەرگیری سیستمێکی کۆمەڵایەتی یە شێوازی جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەبینێ لەشارستانیە جیاوازەکاندا, لەوانەش هاوسەرگیری تاکی, فرەژنی, فرەپیاوی, ناوخۆیی یان دەرەکی یان هاوسەرگیری بەگۆڕینەوە (ژن بە ژن) ...هتد, ئاهەنگ گێڕان و هەندێ سرووتی تایبەت هەیە بۆدروست بوونی ئەم هاوسەرگیریە, ئەم پەیوەندیە هەندێ جار کۆتایی دێت بەجیابوونەوە ئەگەر پیاو یان ژنەکە بیەوێت).(1)

ئەو پەیوەندیە هاوسەرگیریەی کەلەنێوان ژن و مێرددا هەیە لەکۆمەلگای مرۆییدا, تایبەتمەندی بەردەوامی هەیە, هاوسەرگیری نێوان مرۆڤەکان جگە لە بوونی پەیوەندی سێکسی, ئامانج و مەبەستی کۆمەلایەتی و رۆحی و ڕەوشتی هەیە, هەروەها جیاوازی لەخستنەوەی منالدا هەیە , لای مرۆڤ خستنەوەی مندالّ یەکێکە لەپالنەرە سەرەکیەکان بۆدروست بوونی پەیوەندی هاوسەرگیری, واتە پەیوەندی نێوان هاوسەر لەکۆمەلگای مرۆیدا تەنها پەیوەندیەکی سێکسی نی یە بەلکو پەیوەندیەکە کە لەسەر بنەمای یاساو ڕەوشت و ئاین بەڕێوە دەچێت و بەردەوام دەبێت,(2) هەروەها پەیوەندیەکی بەردەوامە و لەدوای گەورەبوونی مندالەکانیش کۆتایی بە و پەیوەندیە نایەت, وەهەمیشە هەولەدەن پەروەردەو ژیان وخۆشەویستی بۆمندالەکانیان دەستەبەربکەن و مندالەکانیش هەولەدەن پاداشتی دایك وباوکیان بدەنەوە, هەرلەبەر ئەمەشە بەردەوامبوونی خێزانی مرۆڤایەتی

.......................................................................................................................................

(1)د. شاكرمصطفى سليم, قاموس الأنثروبولوجيا, المصدرالسابق, ص601.

(2)بەدەستکاریەوە(د.قيس النورى, المدخل الى علم الأنسان, بدون مكان الطبع, 1982, ص225.)

تا ئەمڕۆ دیاردەیەکی دیاروئاشکرایە,(1)کەواتە ئامانجی هاوسەرگیری تەنها تێرکردنی سێکس نی یە, بەلکو یەکێك لەداواکارییەسەرەکیەکانی هاوسەرگیری چاودێری مندالە لەلایەن دایك وباوکەوە , ئەوانەش کەبەم چاودێری یە هەلناستن ئەوانەن کەلەژیاندا نەماون , لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستی یەی کەخێزان سەرچاوەی سەرەکی هاوسەرگیری یە, ئەمەش ڕای زۆرێك لەئەنثرۆپۆلۆجستەکانە,بۆیە ئەتوانین بلێین تێکەلاوبوون ئەرکێکی بایۆلۆجی یە , لەکاتێکدا هاوسەرگیری ئەرکێکی کۆمەلایەتی یە و پشت بەدووبنەما دەبەستێت ئەوانیش بریتین لە :

1. یاسای ئاسمانی (الشريعة): پێوەرێکی دیاری کراوە, لێکدانەوەی تیاناکرێ , مەرجەکانی دیاری کراوە چ لەیاسایەکی ئاسمانی وەرگیرابێت , یاخود لەیاسایەکی دانراو, هاوسەرگیری لەهەموو دیاردە کۆمەلایەتیەکانی تر زیاتر پشت بەئاین دەبەستێت لەکۆنترۆلّ کردن ویاساکانیدا .

2. بەردەوام بوونی پەیوەندی هاوسەرگیری :بەردەوام بوون گرنگترین کۆلەکەی پەیوەندی هاوسەرگیری یە دوای ڕێگەپێدانی یاسایی , دەست پێ کردنی ئەم پەیوەندییەی هاوسەرگیری بەئاشکراکردن و بلاوبوونەوەی ئەم هاوسەرگیری یەیە بەشێوەیەکی فەرمی بێت یان نافەرمی.(2)

كەواتە هاوسەرگیری یەكگرتنێكی سێكسی یە لەنێوان ژن وپیاودا , ئەم یەكگرتنە لەلایەن كۆمەڵگاوە دانی پێدا نراوە بەهۆی ئەنجام دانی ئاهەنگێكی تایبەتەوە ,ئەم هاوسەرگیری یە جگە لەوەی كۆمەڵێك ماف و ئەركی هەیە بۆئەو دووهاوبەشەی پێكەوە دەژین , كۆمەڵێك ئەرك و مافی بەرامبەر بەو تاكانەش هەیە كەلەو هاوسەرگیرییە پەیدا دەبن , پرۆسەی هاوسەرگیریش لەڕووە مرۆڤایەتیەكەیەوە پرۆسەیەكی سرووشتی یە بۆ بەهێزكردنی جۆری مرۆڤ لەكۆمەڵگاداو پێگەیەكی گرنگیشی هەیە لە ژیانی تاكدا.(3)

سیستمی هاوسەرگیری لەڕووی بایلۆجیەوە خستنەوەی منداڵە , لەڕووی كۆمەڵایەتیشەوە پەروەردەكردنی منداڵە,ئەم پەروەردەیەش كاتێكی زۆری دەوێت و كارێكی گرنگە ,زۆرجار دایك وباوك هەڵدەستن بەڕاهێنانی

.......................................................................................................................................

(1) د.عدنان أبومصلح, معجم علم الأجتماع , المصدر السابق, ص41-42.

(2) د.عبدالرووف الصبغ, علم الأجتماع العائلی, المصدر السابق, ص14-16 .

(3)عبد علي المالكی, المدخل الی الأنثروبولوجیا الأجتماعیة , المصدر السابق, ص102-103 .

منداڵ لەڕووی كۆمەڵا یەتیەوە لەگەڵ پیشكەشكردنی چاودێری پێویست بۆیان, كۆمەڵێك ئاراستەش هەیە لەزۆربەی كۆمەڵگا پێشكەوتووەكاندا, باس لەوە دەكەن كە هاوسەرگیری وەكو دەزگایەك ئامانجەكەی جێ بەجێ كردن و جێگیربوونی گرێ بەستە یاسایی و ڕەووشتی و كۆمەڵایەتی و ئابووری یەكانە , لەنێوان ئەو گرووپە خزمایەتیانەی كەبەشداری پەیوەندی یە هاوسەرگیری یەكان دەكەن .(1)

لەكۆمەڵگەی توێژینەوەدا گرێ بەستی ئابووری گرنگی پێ دەدرێت, دابین كردنی پێویستە ئابووریەكانی خێزان لەلایەن پیاوەوە, وەك ئەركێكی ئاینی و كۆمەڵایەتی سەیردەكرێت و ڕەچاوكردنی هەندێ یاساو ڕەووشتی كۆمەڵایەتی لەهەڵسوكەوتی خۆیان و منداڵەكانیاندا ئەركێكی كۆمەڵایەتی یە, وەهەوڵەدەن بۆگواستنەوەی هەمووئەمانە بۆمنداڵەكانیان لەڕێ ی پەروەردەوە كەمەبەستی سەرەكیانە و دایك پەیوەست بوونێكی تەواوی هەیە تیایدا و باوكیش بەشدارە.

لەكۆمەڵگای توێژینەوەدا لەكاتی هاوسەرگیری كوڕو كچێكدا دەبێت خێزانی هەردووكیان ڕازی بن بەو هاوسەرگیریە دواتر بڕیاری لەسەر دەدرێت, هەروەها پەیوەندی خزمایەتی لەنێوان ئەو دووخێزانەدا دروست دەبێت, خستنەوەی منداڵیش یەكێكە لەمەبەستە سەرەكیەكانی هاوسەرگیری لە كۆمەڵگای توێژینەوەدا, لەكۆمەڵگای كوردیشدا (ژن و مێردی كورد لەكۆندا حەزیان لەمناڵی زۆر كردووە),(2) بەلاَم لەئێستادا بەو ڕادەیە

گرنگی بەمندالی زۆر نادرێت بەهۆی زیادبوونی پێداویستی مادی و مەعنەوی کەلە توانای خێزاندا نی یە, بەلأم بوونی مندالّ بۆ خێزان گرنگەو, لای سەرجەم خێلّ و پێکهاتەکانی کۆمەلگەی توێژینەوە, مندالّ بوون مەبەستی سەرەکی هاوسەرگیری یەو نەبوونی کێشەیەکی گەورەیە بۆژن ومێرد.

ئەگەر هاوسەرگیری ئەو ڕەفتارەبێت کەپەیوەندی یە کۆمەلا یەتی یەکان و وابەستەبوون دابمەزرێنێت , ئەوا دەبێت ئەم ڕەفتارە دروست و شیاوبێت لەڕووی ناوچەیی یەوە , ئەم درووست و شیاویەش بەپێ ی کۆمەلگەکان جیاوازی دروست دەکات, هەربۆیە هاوسەرگیری شێوازی جیاوازی هەیە(3)

............................................................................................................................................

(1)دینکن میشل, معجم علمالأجتماع,ت:(د.احسان محمد الحسن, المصدر السابق, ص196-197.

(2)شاکیر فەتاح, ئافرەتی کورد, چاپخانەی مەعاریف, بەغدا, 1958, لا18.

(3) عبد علی المالکی, المدخل الی الأنثروبولوجیا الأجتماعیة , المصدر السابق, ص12.

بەلأم یەکێك لەو دەستەواژانەی, کە پەیوەندی بەیاسای هاوسەرگیری یەوە هەیەو هەموو کۆمەلگاکان هاوڕان لەسەری وکلتورەکان کۆدەنگن تیایدا , قەدەغە کردنی هاوسەرگیری یە لەگەلّ خزمە نزیکەکاندا(زواج المحارم), (ئەمیش هاوسەرگیریە لەنێوان کەسەنزیکەکاندا وەك هاوسەرگیری باوك لەگەلّ کچەکەی, یان خووشك لەگەلّ براکەی, ئەم هاوسەرگیریە ڕێگە پێ نەدراوە, وەبەتاوانێکی کۆمەلأیەتی و گوناهێکی ئاینی ناسراوە.(1)

بەلأم تەنها مەسەلەیەك کەجێگای گفتوگۆیە لای توێژەران ئەو هاوسەرگیری یەی نێوان خوشك و برایە کەلەمیسری کۆنا هەبووە , تا ئێستا توێژەران هاوڕانین لەبارەیەوە, ئەمەش نەریتێك بووە لەسەردەمی میسری کۆنا لەخێزانی پاشاکاندا بلأوبووە, لەپێناو بەدی هێنانی بیری پارێزگاری بەپاککردنەوەی خوێن لەخێزانە بالأ دەستەکاندا, هەندێ لەتوێژەرانی تریش وای دەبینن کەووشەی خووشك وبرایان بەمانای خۆشەویستی بە کارهێناوە لە گۆرانی یەمیسری یەکاندا, بەشێوەیەکی مەبەستدار (مجازی) , مەبەست لەمە دەربڕینی ڕاستگۆیی و قوولّی ئەو پەیوەندی یە بووە لەنێوان دووخۆشەویستدا, کەواپێناسە کراوە کەوەك برابوون لەخۆشەویستی یەکی قوولّ و هەستێکی ڕاستگۆیانە, بەلأم ڕای جیاواز هەیە لەسەر ئەم مەسەلە و تائێستا هاوڕانین ,(2) لە کۆمەلگەی توێژینەوەشدا وەك هەموو کۆمەلگاکانی جیهان, هاوسەرگیری لەگەلّ کەسەنزیکەکاندا قەدەغەکراوە.

(زانایان ئاماژە بەو جیاوازی یە دەکەن کەلەهاوسەرگیری مرۆڤایەتیدا هەیە, دەڵێن ئاژەڵ باس لەهاوەڵ دەکات بەلاّم مرۆڤ باس لەهاوسەر دەکات , وەشتێکی بەڵگە نەویستە کەمرۆڤ بەبێ کۆمەڵ ناژی , وەکۆمەڵگە مرۆیی یەکانیش خاوەنی داب و نەریتو کەلەپورو شارستانیەتی خۆیانن , لەهەموو شارستانیەکانیشا هاوسەرگیری بەشێکی گرنگی ئەو شارستانیەیە , بەلاّم درێژەدان بەباتەکە جیاوازەو دەگۆڕێ لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆیەکێکی تر , بەلاّم باس کردن و هەڵبژاردنی هاوسەر یەکێکە لەبڕیارە قورسەکانی ژیانی مرۆڤ لەم ڕۆژگارەدا) .(3)

لەهەموو ئەم بارانەدا چ هاوسەرگیری تاك بێت یان کۆمەڵ, نرخێك هەبووە لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا, ئەم نرخەش لەلایەن ئەو کەسەوە دابین کراوە کە پێشنیاری هاوسەرگیریەکەی کردووە بۆ خێزانی, ئەوکەسەی کە

..............................................................................................................................................

(1) د. شاكر مصطفى سليم, قاموس الأنثروبولوجيا, المصدر السابق, ص484.

(2) د.فاضل عبدالواحد,د.عامرسليمان, عاداة وتقاليد الشعوب , المصدر السابق, ص228.

(3) عبد علي المالكي, المدخل الى الأنثروبولوجيا الأجتماعية , المصدر السابق, ص103 .

پێشنیاری کردووە هاوسەرگیریەکەی لەگەڵدا بکات, ئەم نرخە پێشکەوتووەو گۆڕانی بەسەردا هاتووە, لەئێستادا چەمکێکی بۆ دانراوە بەناوی مارەیی(المهر), ئەم مارەیی یە تەنها هێمایەك نەبووە وەك کڕین و فرۆشتن, بەڵکو بەهایەکی کۆمەلاّیەتی و ئابووری بووە بۆئەو خێزانانەی, کە مەیلی تێکەلاّوبوونیان هەبووە لەگەڵ هەندێ خێزانی تردا لەڕێگەی هاوسەرگیری و پەیوەندی ژن و ژنخوازیەوە, وەپاڵپشت کردنی پەیوەندی کۆمەلاّیەتی و ئابووری لەنێوان دوو خێزاندا نەك لەنێوان تاکدا,(1)ئەم مارەیی یە لەهەندێ کۆمەڵگەدا کوڕ یان خێزانی کوڕ دەیکات وەك لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا.

لەکۆمەڵگەی توێژینەوەشدا مارەیی یەکێکە لەڕێوڕەسمەکانی هاوسەرگیری و بەبێ ئەوە هاوسەرگیری ناکرێت, بەلاّم ئەوەی جێ ی ئاماژە پێکردنە ئەوەیە لەم شارەدا مارەیی کەم دادەنرێت بۆئەوەی کارئاسانی بێت بۆکوڕ و نەبێتە بارگرانیەك بەسەریەوە , لەمەشدا ئاین ڕۆڵی هەبووە چونکە ئاین ڕێگە ئاسان دەکا بۆ هاوسەرگیری, هەروەها هەندێ لەزانا ئاینییەکانی ئەم شارەش باس لەوە دەکەن کەباشترین هاوسەرگیری ئەوەیە کە مارەییەکەی کەمتربێت(ئەگەر (100) گرێبەستی هاوسەرگیری ببەسترێت لەناویاندا تەنها یەك یان دووانیان

گرێبەستەکەیان لەسەر مارەیی زۆرە, ئەوانی تر لە(19) مسقالٚ زێڕی قەرزو (20) و بەردەست دەرناچێ , وە خەڵك گوێمان لێ دەگرێت لەهەندێ کاتدا کەبڵێین کەمتر بکەن و کارئاسانی بکەن)(2)

## دووەم:جۆرەکانی سیستمی هاوسەرگیری :

کۆمەڵگەی مرۆیی جۆری جیاوازی لەسیستمی هاوسەرگیری لەخۆگرتووە, لەوانە هاوسەرگیری تاك, فرەژنی, فرە پیاوی, بەلأم شارستانی یەك نی یە کەسەربەستی تەواوی بەتاك دابێت لەهەڵبژاردنی هاوسەردا, چ بۆژن یان بۆ پیاو, جۆرەها کۆت وبەندی کۆمەلأیەتی دانراوە کەوای لەتاك کردووە وەك پێویستیەك ژنێکی دیاری کراو هەڵ بژێرێت, هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەك و خزمایەتی و چینایەتی و پێشینەی کۆمەلأ یەتی (3)

.....................................................................................................................................

...........

(1) د. ابراهيم ناصر, الأنثروبولوجيا الثقافية(علم الأنسان الثقافى), الطبعة الثانية, الاردن, 1985, ص132.

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا تایەر ئەحمەد قادر, نوێژ خوێن و ووتاربێژی مزگەوتی عومەری کوڕی خەتتاب, هەڵەبجە. 2017/3/14.

(3)دينكن ميشل, معجم علم الأجتماع, ت:د.احسان محمد الحسن) المصدرالسابق, ص196.

جۆرەها سیستەمی هاوسەرگیری هەبوە لە کۆندا , کەهەندێکیان وەك خۆیان ماونەتەوەو هەندێکی تریشیان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە, لەوانە جۆرەکانی هاوسەرگیری لەڕووی دوورو نزیکی یەوە:

1. هاوسەرگیری خزمایەتی: هەندێ جار پێشی دەڵێن هاوسەرگیری ناوخۆیی(نزيك) , ئەمەش ئەنجام دانی پرۆسەی هاوسەرگیری یە لەنێوان کوڕو کچێکدا کە لەکۆمەڵێکی نزیکی یەك بن لەڕووی خزمایەتیەوە , یان لەناو یەك بنەماڵە یان تیرەدا بن.

2. هاوسەرگیری دوور : ئەم هاوسەرگیریەش بریتی یە لەوەی کەئەو دووکەسەی هاوسەرگیری دەکەن هەریەکەو لە گرووپێکی خزمایەتی بن , واتە ئەو کوڕوکچە خزم نەبن .

لەسەر بنەمای ژمارەی هاوسەرەکانیش چەند جۆرێك لەسیستمی هاوسەرگیری هەیە لەوانە :

1. هاوسەرگیری کۆمەڵی: هاوسەرگیری چەند ژنێك لەگەڵ چەند پیاوێك و دروست کردنی یەکەیەکی خێزانی , کە ناوی لێ نراوە هاوسەرگیری بەکۆمەڵ, لەهەندێ لەکۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا هەبووە.

2. هاوسەرگیری کچێك لەگەڵ کوڕێك( هاوسەرگیری تاکی) , ئەمەش لەدوای قۆناغە جۆربەجۆرەکانی هاوسەرگیری پەیدابووەو لەکۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا هەیەو لەهەموویان زیاترە (1)

3. هاوسەرگیری ژنێك لەگەڵ زیاتر لەپیاوێکدا, ناسراوە بەسیستمی فرەپیاوی : لەم سیستمەدا ڕێ ئەدرێت بەژن کەهاوسەرگیری بکات لەگەڵ پیاوێك زیاتر لەیەك کاتدا , بەڵام ڕێ نادرێ بەپیاو هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێ زیاتر بکات لەکاتێکدا ئەگەر بارووددۆخەکەش پێویست بێت, هەندێ جاریش ژمارەی پیاوەکان دیاری دەکرێت, وەزۆربەی جاریش پیاوەکان پێویستە لەهەمان هۆز بن, لەم بارەدا ڕەچەڵەکی منداڵ بۆ دایك دەگەڕێتەوە,(2)ئەم سیستمەش لەهەندێ کۆمەڵگای کەمدا پەیرەودەکرێت , لەوانە کۆمەڵگای مارکیز کەدەکەوێتە یەکێك لەدوورگەکانی هاوای لەدەریای هادی ,وەلای هەندێك لەهۆزەکانی هیند وەك هۆزی تودا, وەزۆرجار لەم سیستمەدا ژن هاوسەرگیری لەگەڵ دووبرا یان سێ برا دەکات

........................................................................................................................................

(1) د.قیس النوری, ماالأنثروبولوجیا, الموسوعة الصغیرة, 1986 , ص64-65.
(2) د. ابراهیم ناصر, الأنثروبولوجیا الثقافیة(علم الأنسان الثقافی), المصدر السابق, ص133.

لەهەمان کاتدا, ئەمەش تایبەتە بەکۆمەڵەی تبت.(1)

4. هاوسەرگیری پیاوێك لەگەڵ چەند ژنێك و پارێزگاری لێ کردنیان , ئەم جۆرەش ناودەبرێت بەسیستمی فرەژنی , ئەم سیستمی فرەژنی یە زیاتر بلاّوە , لەکۆمەڵگا سەرەتایی و گوند نشینەکاندا هەیە (2).لەم سیتمی فرەژنی یەدا زۆر جار پیاو سێ تاچوار ژنی هەیە لەیەك کاتدا , سیستمی فرەژنی زیاتر بلاّوە لەسیستمی فرەپیاوی, ئەم سیستمە لەکۆمەڵگا ئیسلامیەکان و هەندێ لەهۆزە هندی و ئەفەریقیەکانیش هەیە, هەروەها لەماوەیەکی دیاری کراوی مێژووی مرۆڤایەتی دا پەیڕەو دەکرا لەکۆمەڵێك شوێنی دیاری کراو.(3)

سەبارەت بەهەردوو جۆرەکەی سیستمی هاوسەرگیری(دوورو خزم) یان (دەرەکی و ناوەکی), هەردووکیان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەدا پەیڕەو دەکرێن بەڕێژەی جیاواز, لای هەندێکیان تەنها هاوسەرگیری خزمایەتی(نزیك) هەیە و زۆر بەدەگمەن هاوسەرگیری دوور پەیڕەو دەکرێت, وەك کاکەییەکان و بەشێکی زەردۆییەکان (ئیمە

نزیکەی (30-40) ماڵین هەموومان خزمین, لەو (30-40)ماڵ تەنها یەك دووانێکمان هەیە کەهاوسەرگیریان لەگەڵ بێگانە کردووە) (4)لای هەندێکیشیان هەردووکی هەیە, بەلاَ م زۆرترگرنگی بەهاوسەرگیری خزمایەتی دەدرێت, وەك ئەوەی لای شەمێرانەییەکان هەیە(5) هەندێکیشیان زیاتر گرنگی بەهاوسەرگیری دوور دەدەن (هەورامی یەکانی دانیشتووی هەڵەبجە لەڕووی داب و نەریتی هاوسەرگیریەوە پەیڕەوی هەردوو جۆری هاوسەرگیری دەرەکی و ناوەکی دەکەن, بەلاّم دەرەکیان لا پەسەندترە)(6), بەلاّم بەگشتی هەردوو جۆرەکە پەیڕەو دەکرێت. سەبارەت بەبوونی جۆرەکانی سیستمی هاوسەرگیریش لەڕووی ژمارەی هاوسەرەوە لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا,

……………………………………………………………………………………………………

(1)د.قيس النوری, المدخل الى علم الانسان, المصدر السابق, ص234.

(2) د.القيس النوری, ماالأنثروبولوجيا, المصدر السابق , ص66.

(3) دينكن ميشل, معجم علم الأجتماع, ت: د.احسان محمد الحسن, المصدر السابق, ص231.

(4) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز:(صدری محمد سعید) وەك کەسێکی بەتەمەن لەعەشیرەتی زەردۆیی, هەڵەبجە, 2016/10/25.

(5)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: ئارام مجید علی لەعەشیرەتی شەمێرانەیی, فەرمانبەر لەزانکۆی هەڵەبجە, هەڵەبجە, 2016/11/12.

(6)د.عزت فتاح حمه صالح, ژیانی کۆمەلاّیەتی هەورامان, سەرچاوەی پێشوو, لا42.

هەندێکیان قەدەغەکراوە وەك (فرەپیاوی, هاوسەرگیری کۆمەڵی) هەندێکیشیان ڕێگە پێدراوە وەك(فرەژنی, هاوسەرگیری تاکی) بەلاّم بە گشتی هاوسەرگیری تاکی پەیڕەو دەکرێت و زۆربەدەگمەنیش فرەژنی دەبینرێت, ئەمیش زۆربەی کات لەبەرنەبوونی منداڵ بووە یان هۆکاری تر.

واتە سیستەمی تاك هاوسەری لەهەموو سیستەمەکان زیاترباوە لەکۆمەڵگە ی توێژینەوەدا, (مۆرگان)یش ئاماژەی بەمەکردووەو دەڵێت, (ئەو سیستمی تاك هاوسەریەی کە لەکۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا هەیە چەند قۆناغێکی بڕیوە تاگەشتووەتە ئەم قۆناغە , کۆمەڵگای مرۆیی وەك ئەوەی مۆرگان دەڵێت , لەسەرەتادا دەستەیەکی کۆمەلاّیەتی ساکاربووە کەلەناویدا بەرەلاّیی سێکسی هەبووە , دواتر ئەم سیستەمە گۆڕاوە بۆسیستمی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ , دواتر پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوەو سیستمی ڕەچەڵەکی دایکایەتی دەرکەوتووە , دوای ئەمیش ڕەچەڵەکی باوکایەتی , ئنجا سیستمی تاك هاوسەری (یەك ژن و یەك پیاو) هاتەکایەوە , ئەم تیۆرەی

**مۆرگان کەوتە ژێر ڕەخنەوە , چونکە زانایان دەیانووت ,لای مۆرگان بەڵگەیەك نی یە بۆسەلماندنی ئەم قۆناغانەی خێزان).(1)**

**لەدوای سیستمی تاك هاوسەری, ئەوەی زۆرتر ڕێ پێدراوە لەزۆرێك لەکۆمەلگاکاندا سیتمی فرەژنی یە, هۆکەشی بۆکەمی ژمارەی پیاو دەگەڕێننەوە, بەهۆی کوژرانی زۆرتری پیاو لەچاوژندا, چ لەشەڕەکانا یان لەکاتی کاردا چونکە کارەکانی پیاو قورسترە لەکارەکانی ژن و ڕێ خۆشکەرە بۆمردن,(2)پەیڕەو کردنی ئەم سیستەمەش لەکۆمەلگەی توێژینەوەدا یەکێك لەهۆکارەکانی ڕێگە پێدانی ئاینی ئیسلامە بەم جۆرە هاوسەرگیریە.**

**چەندشێوازێکی تری هاوسەرگیریمان هەیە بەپێ ی شوێنی نیشتەجێبوون لەوانە, دانیشتنی سەربەخۆ, ئەودوو کەسەی هاوسەرگیریان کردووە بەتەنها لەماڵێکدا دادەنیشن, دانیشتنی تێکەلاو, ئەو دووانەی هاوسەرگیریان کردووە لەگەڵ ماڵی باوکی کچ یان باوکی کوڕ نیشتەجێ دەبن,(3) ئەم دیاردەیە لەکۆمەلگای کووردیشا هەبووە, (ژن و مێردی کورد کاتێك مناڵەکانیان گەورەبوون, حەزیان نەکردووە لێیان جیابنەوە,کاتێ ژنیان بۆکوڕیان**

.........................................................................................................................

(1) , د.علی محمود اسلام ألفار,معجم علم الأجتماع, الطبعة الثانية, دار المعارف, القاهرة-مصر, 2001, ص191.

(2) د.عدنان أبومصلح, معجم علم الأجتماع , المصدر السابق, ص103.

(3) د. ابراهيم ناصر, الأنثروبولوجيا الثقافية(علم الأنسان الثقافي), المصدر السابق, ص134-135.

**هێناوەهەر لەگەڵ خۆیان دایان ناوەو حەزیان کردووە لەگەڵیان بمێننەوە, ئەمەش بۆئەوەبووە خێزان کۆك و بەهێزو یەك بێت ,خۆش ڕابوێرن و دەرامەتیش پێکەوە بکەن, (1) لەگەڵ ئەوەی لەکۆمەلگەی کووردیا کوڕ دوای ئەوەی هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ ماڵی باوکی نیشتەجێبووە لە کۆندا, بەلاَم لەکۆمەلگەی توێژینەوەدا ئەو دووکەسەی هاوسەرگیری دەکەن بەسەربەخۆ دادەنیشن .(2)**

**توێژینەوەو لێکۆلێنەوەئەنثرۆپۆلۆژیەکان دووسیستمی تری هاوسەرگیریان دەرخستووە, یەکەمیان بریتی یە لەوەی ئەرکە لەسەر پیاو کەهاوسەرگیری بکات لەگەڵ خوشکی ژنەکەی لەدوای مردنی ژنەکەی , کەناونراوە بە(هاوسەرگیری دووخوشك) , دووەمیشیان ئەرکە لەسەرژنی بێوەژن کەهاوسەرگیری بکات لەگەڵ برای پیاوە مردووەکەی , ئەمجۆرەشیان ناونراوە بە (هاوسەرگیری بەبرای پیاو) .(3)**

سەبارەت بەم دووجۆرەی هاوسەرگیری,(هاوسەرگیری بەبرای پیاو, هاوسەرگیری دووخووشك),تاڕادەیەك لە کۆمەلگەی توێژینەوەدا پەیڕەو دەکرێت بە ڕێژەی جیاواز, لای کاکەییەکان (ژن بەلایەوە گرنگ نی یە شووبکاتەوە, بەڵکو بەلایمنداڵەکانیەوە دادەنیشێ)(4)لای هەورامیەکانیش(هەرکاتێك پیاو ژنەکەی مرد ئەتوانێت بەپێ ی داب ونەریتی هەورامان ژن خوشکەکەی مارەبکاتەوە ئەگەرماڵی خەزووری کچیان هەبێت, وەهەر کاتێکیش ژن مێردەکەی مرد ئەگەر منالی هەبێت یان نا, ماڵی خەزووری کوڕیان هەبێت لەم حاڵەتەدا برای مێردەکەی ژنەکە مارە دەکاتەوە , یان زۆرجار کوڕیشیان نەبێت, ئەگەر کوڕێکیان هەبێت ژنی هەبێت, براژنەکەش مارەدەکاتەوە)(5) لەکۆمەلگای توێژینەوەشدا بەگشتی هاوسەرگیری دووخوشك بەکەمی ڕوودەدات, بەلاَم شووکردنەوەی ژن بەبرای پیاوەکەی دوای مردنی پیاوەکەی باوبووە ئەمەش لەبەرخاتری منداڵەکانی, بەلاَم لەئێستادا بەکەمی ماوە, ئەمەش کاتێك ژن هاوسەرگیری کردبێتەوە, بەلاَم لەزۆربەی کاتداو لای زۆربەی پێکهاتەو گرووپەکان ژن دوای مردنی مێردەکەی هاوسەرگیری ناکاتەوە بەلکو منداڵەکانی بەخێو دەکات, بەلاَم

..............................................................................................................................

(1)شاکیر فەتاح, ,ئافرەتی کورد, سەرچاوەی پێشوو, لا18.

(2)چاوپێکەوتن لەگەلَ بەڕێز: ئارام مجید علی لەعەشیرەتی شەمێرانەیی, فەرمانبەر لەزانکۆی هەڵەبجە, هەڵەبجە, 2016/11/12.

(3) د.القیس النوری, مالأنثروبولوجیا, المصدر السابق, ص67.

(4)چاوپێکەوتن لەگەلَ بەڕێز: ماموستا ئاکوشاوەیس مەجید, وەك کەسایەتیەکی کاکەیی, هەڵەبجە, 2016/10/25.

(5)د.عزت فتاح حمە صالح, ژیانی کۆمەلآیەتی هەورامان, سەرچاوەی پێشوو,لا42.

پیاو لەدوای مردنی ژنەکەی ژن ئەهێنێتەوە,(لەناو کۆمەلگەی کوردیدا, پیاو کەژنی مرد ژنێکی تر ئەهێنێتەوە, بەلاَم زۆربەی ژن کاتێ مێردەکەی مرد هاوسەر گیری ناکاتەوە, بەداوێن پاکی خۆیەوە ڕەنج و کۆشش ئەکاو منداڵەکان بە باشی بەخێودەکات) , (1) بەپێ ی ڕێگەی ژن هێنانیش چەند سیستمێکی هاوسەرگیری هەبووە لەکۆمەلگای کوردیدا وەك (ژن بەژن)(2) (بەلاَم لەکۆمەلگەی توێژینەوەدا ئەمە بوونی نی یەو لەکۆنیشدا بەدەگمەن بووە)(3)

## سێ یەم: هاوسەرگیری لەکۆمەلگا و کلتوورە جیاوازەکاندا:

هاوسەرگیری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یە وهەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی پەیڕەوی دەکات ,واتە گوومان لەبوونی ئەم دیاردەیە نی یە لەهەموو کۆمەڵگە کۆن و تازەکان, پێشکەوتوو و دواکەوتووەکان, هەژارو دەوڵەمەندەکان, بەڵام جیاوازی سەرەکی لەو ڕێوڕەسمانەدا بەدی دەکرێن, کەپەیوەستن بەم دیاردەیەوە وەك , ڕێگەی هاوسەرگیری, ژمارەی هاوسەر ,ڕێوڕەسم و سرووتی ئەنجامدانی هاوسەرگیری , ساڵی یاسایی هەردووڕەگەز بۆهاوسەرگیری, خۆگونجاندنیان .......هتد.

لەڕاستیا هاوسەرگیری پێشەکییەکی بنەڕەتی یە بۆدرووستبوونی خێزان و پەیوەندی یەکی کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە تائاستێکی گەورە, لەگەڵ بوونی ئەم پەیوەندییەی لەنێوانیاندا هەیە جیاوازی لەنێوان ئەم دووسیستمەدا بەدی دەکرێت, هاوسەرگیری کۆمەڵێك داب و نەریتە, کەپەیوەندی نێوان دووتاکی پێگەیشتوو دیاری دەکات بۆ ئەوەی بچنە ژیانی خێزانیەوە .(4)

ئەم داب و نەریتەش جیاوازە لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆیەکێکی تر , چونکە هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی کۆمەڵێك یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە کەپەیوەندی یەسێکسیەکانی تیا جێ دەکاتەوە , کۆمەڵگەی باوك سالاری جیادەکرێتەوە بەوەی, کەژنان پارێزگاری لەکچێنی خۆیان دەکەن تاکاتی هاوسەرگیری , لە کۆمەڵگە

.........................................................................................................................................

(1)شاکیر فەتاح,ئافرەتی کورد, سەرچاوەی پێشوو, لا19.

(2) محەمەد روشدی دزەیی, ژیانی دێهاتی, چاپخانەی سمیرامیس-بغداد, بەبێ ساڵی چاپ.لا31.

(3) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا تایەر ئەحمەد قادر, نوێژ خوێن و ووتاربێژی مزگەوتی عومەری کوڕی خەتتاب, هەڵەبجە, 2017/3/14.

(4) د.علی محمد المكاوی , , الأنثروبولوجيا وقضاياالانسان ألمعاصر, المصدر السابق, ص65.

ئەفریقیەکانیشدا پەیوەندی سێکسی پێش هاوسەرگیری شتێکی باوەڕ پێکراوە لایان بەومەرجەی پەیوەندی یەکی وانەبێت کەببێتە هۆی دروست بوونی سك, هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەخەڵکی ئەم گەلانە هەستێکی بەهێزو ئامانجداریان هەیە دژی دروست بوونی سك بەبێ بەدەستهێنانی هاوسەرگیری , پەیوەندی سێکسی لەم کۆمەڵگایانەدا پەیوەندی بەبڕیاری کۆمەڵایەتیەوە هەیە ئەمەش وەك نەریتێك ڕوودەدات لەکاتی سازدانی ئاهەنگی ڕێز لێنانی ئەو پاڵێوراوانەی, کەدەگەنە قۆناغی باڵق بوون (کامڵ بوون), زۆربەی کۆمەڵگاکان هەڵدەستن بەسازدانی ئەم جۆرە ئاهەنگانە , بەڵام لەکۆمەڵگەی باوك سالاریدا ڕەگەز تەنها بۆکوڕانەو لە

کۆمەڵگەی دایك سالاریشدا بەپێچەوانەوە , هەروەها ئەم جۆرە ئاهەنگانەش ئامادەکاریەکن بۆ ئاهەنگی هاوسەر گیری و دەتوانن بەردەوامی پێ بەن , ئەم ئاهەنگانە بڕیاری تێپەڕبوونی تاك دەدەن لەقۆناغی منداڵیەوە بۆ قۆناغی پێگەیشتن .(1)

لە زۆربەی کۆمەڵگا سادەکاندا پەیوەندی سێکسی پێش هاوسەرگیری ڕێگە پێ نەدراوە و سزای هەیە ئەگەر ئاشکرابوو, زانایانیش کاتێ باس لەڕێکخستنی کۆمەلأیەتی دەکەن, جیاوازی دەکەن لەنێوان پەیوەندی سێکسی کراوەو هاوسەرگیریدا بەوەی کەدەڵێن, پەیوەندی کراوە لەئەنجامی ئارەزووی سێکسیەوەیە بەلأم هاوسەرگیری پەیوەندی دەورەدراو بەیاساو ڕێسا دەگرێتەوە.(2)

لەکۆمەلگەی توێژینەوەشدا بەم شێوەیەیە واتە پەیوەندی سێکسی پێش هاوسەرگیری شتێکی ڕێگە پێ نەدراوە و لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگادا نەگوونجاوە, هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەکۆمەلگەی توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی پەیڕەوی شەریعەتی ئیسلامین کەتیایدا ڕێ بەپەیوەندی سێکسی نادرێ پێش مارەکردن وو هاوسەرگیری و قەدەغەکراوە, لەیاساشدا هەربەم شێوەیەی لەدوای پەیمانی هاوسەرگیری ڕێ بەپەیوەندی سێکسی دەدرێت.

لە کۆمەلگە میسری یەکاندا, سیستمی هاوسەرگیری جیاوازبووە لەسرووت و ڕێوڕەسمەکانیدا لەشوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر, لای گوندنشینەکان سیستمی هاوسەرگیری ملکەچ بووە بۆ دا بو نەریتە کۆمەلأیەتی یە دیاری

..........................................................................................................................

(1)لوسی میر, مقدمة فی الأنثروبولوجيا الأجتماعية, ت: د.شاكرمصطفی سليم, المصدر السابق, ص97.

(2) د.القیس النوری, ماالأنثروبولوجيا, المصدر السابق, ص60.

کراوەکان و شێوەو سیمای دیاریکراوی خۆی هەبووە لەوانە ,بوونی هاوسەرگیری پێش وەخت , هۆکارەکەشی بۆسادەیی ژیان و کەمی پسپۆری و نزمی ئاستی ژیانیان گەڕاوەتەوە , هەروەها گرنگی دان بەهاوسەرگیری خزمایەتی کە بەهایەکی گرنگی هەبوو لایان , هۆکاری ئەمەش ترس بوو لەوەی کەمیراتیان بکەوێتە دەستی بێگانە , وەپەیوەست بوونی خێزانی و تایفەگەری بمێنێتەوە .(1)

کاتی هاوسەرگیری لەتەمەنی پێش وەختدا بووە لەدۆڵی نیل ,بەجۆرێك کوڕان لەتەمەنی پانزە ساڵیدا هاوسەرگیریان کردووەو کچانیش لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا, بەلأم ئەوەی لەناو پەیمانی هاوسەرگیریدا هەبووە تائێستەش نەزانراوە بەهۆی دەست نەکەوتنی نموونەیەك لەو پەیمانە ,لەسەدەکۆنەکاندا میصر بەپێچەوانەی

دۆڵی ڕافیدەین بووە , لەوەدا کە پەیمانی هاوسەرگیری ناسراوو پێناسە کراوبووەو شی کردنەوەی تەواوی بۆکراوەو فەرمانێکی بنەڕەتی بووە بۆباوەڕ پێکردنی هاوسەرگیری لەڕووی یاسایی یەوە , هەرچەندە لەسەدەکانی داهاتوودا میسری یەکان لەسەر ئەو پەیمانە نەدەچوون کەلەسەدە کۆنەکاندا هەبوو.(2)

لەکۆمەڵگای کوردیشدا هاوسەرگیری وەك بناغەیەکە, کەپەیوەندی یە هاوسەرێتی یەکانی لەسەروەستاوە, ئەم پەیوەندییەش لەناوناچێت تەنها بەجیابوونەوە نەبێت , ئەمەش لەزۆربەی جاردا لەلایەن پیاوەوەیە .(3), ئەم هاوسەرگیریەش داب و نەریتی تایبەت بەخۆی هەبووە لەکۆمەڵگەی کوردیدا, هەرچەندە هەندێك لەو داب ونەریتانە لە داب و نەریتی گشتی یەوە نزیك بووە لەڕووی کرۆکەوە, بەڵام هەندێ جیاوازی هەبووە لەشێوەی ئاهەنگەکاندا, وەك زیادەڕۆیی و زۆر گرنگی دان بەبۆنەکەو خۆنواندن و کەشخەیی تیایدا , ئەمەش بەزۆری لەخێزانە پاشاو دەسەڵاتدارەکاندا کراوە.(4)

لەبارەی شێوازی هاوسەرگیریشەوە ,شێوازی جۆربەجۆری هاوسەرگیری هەبووە , بەڵام ئەوەی کەزۆرباوبووە هاوسەرگیری خزمایەتی بووە , بەتایبەت لەگەڵ ئامۆزادا , ئەمەش داب و نەریتێکی خێڵ وهۆزبووە بۆئەوەی ژن لەهۆزەکەی خۆی بمێنێتەوەو نەچێتەدەرەوەی, هەروەها هۆکاری ئابووری و سیاسیش کاریگەری لەسەر ئەم

.............................................................................................................................

(1) د.يحي مرسى عيد بدر, اصول علم الإنسان(الأنثروبولوجيا), المصدر السابق, ص238.

(2) د.فاضل عبدالواحد, و د.عامر سليمان, عاداة وتقاليدالشعوب, المصدر السابق, ص227.

(3) تەلار أحمد مصطفى , دەسەڵاتی بڕیاردان لەخێزانی کوردیدا, سەرچاوەی پێشوو, لا811.

(4) فائزة محمد عزت , الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (4-15) هجرى, اربيل, 2009, ص158.

هلوسەرگیری خزمایەتیە هەبووە بەتایبەتی لە ناوخێزانە دەسەڵاتدارەکاندا,  ژن بەژنیش یەکیکی تربووە لەشێوازەکانی هاوسەرگیری , ئەویش بەشوودانی کچ بووە بەرامبەر هێنانی خوشك یان کەسێکی نزیکی ئەو پیاوەی کەکچەکەی دەدرێتێ, ئەمەش هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی لەپشتەوە بووە.(1)

لەکۆمەڵگەی توێژینەوەشدا هەندێ داب و نەریتمان هەیە کە زۆر جیاوازنین لەمانەی کەلەسەرەوە باسکران, وەك بوونی گرێبەستی هاوسەرگیری , کە پەیمانێکە لەنێوان ئەو کوڕو کچەدا دەنووسرێت و پێویستی بە متمانەی ئاینی و یاسایی هەیە, هەروەها هاوسەرگیری بەمەبەستی دروست کردنی خێزانەو پێویستی

بەڕێوڕەسمی خۆی هەیە ,وەك بوونی شوێنی نیشتەجێبوون و مانەوەی هاوسەرەکان لەیەك شوێندا بۆژیان بەسەربردن,....هتد.

ئەم هاوسەریەگیریەش بەردەوام ئەبێت و تەنها بەجیابوونەوە کۆتایی دێت, ئەویش یان لای ژنەوە دەبێت یان لای پیاو, سەبارەت بەهاوسەرگیری خزمایەتیش لەگەڵ ئەوەی لای هەندێ لەپێکهاتەو گرووپەکان ماوە, بەلأم بەشێوەیەکی گشتی کەمی کردووە, بەهۆی ئەوەی کەپەیوەندی خزمایەتی و خێڵ و تیرەگەری وەك جاران نەماوە, هەڵبژاردنی هاوسەر زیاتر بەبیرو بۆچوونی گەنجەکانە نەك گەورەکان, بەلأم دەبێت خێزان ڕازی لەسەربێت , لەڕووی بوونی پەیوەندی خۆشەویستیەوە پێش هاوسەرگیری, پێشتر ئەم پەیوەندیە نەبووە (باوك یان باپیر هاوسەری دیاریکردووە بۆکوڕەکەی یان کچەکەی بەلأم لەئێستادا تاڕادەیەکی باش کوڕو کچ خۆیان بڕیار دەدەن , هەندێ جاریش لەسەر بنەمای خۆشەویستی یە)(2) سەبارەت بەژن بەژنیش وەك لە پێشەوە باسکرا لەگەڵ ئەوەی لەکۆمەڵگەی کوردیدا بوونی هەبووە, بەلأم لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا هەر نیەو لەکۆنیشدا بە دەگمەن بووە,ئاهەنگی هاوسەرگیریش لەگەڵ ئەوەی لەکۆمەڵگەی کوردیداو لای زۆرێك لەگرووپ و پێکهاتەکانی هەڵەبجەش لەکۆندا گرنگی پێدراوەو زیادەڕۆیی تێدا کراوە, بەلأم لەئێستاداو لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا کەمتر گرنگی پێ دەدرێت بەشێوەیەکی گشتی بەلأم لای هەندێکیان هەر گرنگی پێ دەدرێت.

(لای هەندێکیان ئەگەر ئاهەنگێکی گەورە نەکرێت و زۆربەی خزم و کەس کۆنەبێتەوە بە هاوسەرگیریەکی ڕێك

.....................................................................................................................................

(1) فائزة محمد عزت , الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (4-15) هجرى, اربيل, 2009, ص158.

(2)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: مستەفا رەشید محمد , کەسایەتی بەتەمەن و ناسراوی عبابەیلێ ی, هەڵەبجە,2016/11/13.

و پێك سەیر ناکرێت, لەم ڕێوڕەسمی ئاهەنگ گێڕانەشدا پەیوەندی خزمایەتی زۆر شت ڕێك دەخات, بەتایبەت بانگهێشت کردنی کەسەنزیکەکان, کەئامادەبوونیان ئەرکێکی خزمایەتی یە و پێویستە.(1)

خزم و خێزان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لەڕێکخستنی پرۆسەی هاوسەرگیری و ئاهەنگی هاوسەرگیریا , باو کو دایکی کوڕو, باوك و دایکی کچ ڕۆڵی سەررەکیان هەیە, ئەمە لەکاتێکدا کەدایك و باوك لەژیاندا مابن, بەلأم ئەگەر دایك و باوك لەژیاندا نەبن, ئەوا خوشکی دایك واتە(پوور) لەجێگای دایك لەمەراسیمە گرنگەکاندا بەشداری پێ

دەکرێت, وەئەگەر باوکیش لەژیاندا نەمابێت برای باوك , واتە(مام)لەمەراسیمی مارەیی و ئاهەنگەکاندا بەشداری پێ دەکرێت.

سەبارەت بەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی پێش هاوسەرگیری لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا شتێکی زۆر گرنگ نی یە چونکە دیاری کردنی هاوسەرو هەڵبژاردنی لەسەر کۆمەڵێك بنەمای ترە(لەکۆندا بەبێ خۆشەویستی هاوسەرگیریمان دەکرد هۆکاری ئەمەش ڕێزو پێگەی گەورەبووە, چونکە بەقسەی گەورەکان هەڵسو کەوتمان دەکرد, بەجۆرێك لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا زۆربەی جارکوڕ ئەوکچەی نەبینیوە کەخواستوویەتی بەڵکو تەنها لەسەربنەمای قسەی گەورەکان کردوویەتی و بەگوێی ئەوانی کردووە)(2) ئەمەش لەکۆندا لەناو کۆمەڵگەی کووردەواری و بەتایبەت گوندنشینەکاندا زۆروابووە, بەلاَم لەئێستادا تاڕادەیەك کوڕوکچ خۆیان بڕیاردەدەن,ئەم بڕیاردانەش پێویستە ڕازی بوونی خێزان و دایك و باوکی لەگەڵدابێت, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەپەیوەندی خزمایەتی لەکاتی پرۆسەی هاوسەرگیری و ڕێوڕەسمەکانیدا ڕۆڵی گرنگی هەیەو شایەنی ئاماژە پێکردنە.

کەواتە (هاوسەرگیری جیاوازە لەڕووی شێوەو شێوازەوە لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر, وەلەهەمان کۆمەڵگەدا لەقۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی تر, وەلەناو یەك کلتوورا کەلقە کلتووری تری تیابێت, وەك کۆمەڵگەی شارو دەشتەکی و گوندنشین, وەلەناو هەندێ گرووپی تایبەتاوەك ئەوەی لەمیسرو هەندێ وولاَتی ترا هەیە)(3)و باسمان لێوە کرد.

.................................................................................................................................

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد واحید کاکەمەد, لەعەشیرەتی کۆکۆیی, هەڵەبجە,.2016/11/13.

(2)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: مستەفا رەشید محمد , کەسایەتی بەتەمەن و ناسراوی عەبابەیلێ ی, هەڵەبجە, 2016/11/13.

(3) د.يحي مرسى عيد بدر, أصول علم الإنسان(الأنثروبولوجيا),المصدر السابق , ص237.

## باسی دووەم: خێزان

### یەکەم:چەمکی خێزان و کورتەیەك دەربارەی:

لەگەڵ ئەوەی خێزان یەکەیەکی سەرەکی کۆمەڵگایەو, تاك لێیەوە بەرهەم دێت, یەکێکە لەگرووپە کانی خزما یەتی و پەیوەندیە خزمایەتیەکان بەهێز دەکات (لەڕووی پێك هاتەوە خێزان پێك دێت لەکۆمەڵێك تاك کە بەپەیوەندی خوێنی بەیەکەوە بەستراون و لەناوەندێکدا نیشتەجێ دەبن, کە لە هۆکارەکانی ژیان و مانەوەیاندا

هاوبەشن , هەرخێزانێك یەکەیەکی کۆمەڵایەتی بچووکە, کەلەگەڵ خێزانەکانی تردا کۆمەڵگەیەکی دیاری کراو دروست دەکەن و بەشدارن لە لەپێکهێنانی سەرجەم لایەنەکانی) ,(1)ئامانجی ئەم یەکە کۆمەڵایەتیەش پارێزگاری کردنە لەجۆری مرۆڤ , لەسەربنەمای ئەو پێویستیانەی, کەکۆمەڵ پەسەندی ئەکات و بڕیاری لە سەردەدات.(2)هەروەهاخێزان یەکەم قوتابخانەی کۆمەڵایەتیە بۆمنداڵ و سەرپەرشتی ڕەوتی ڕەوشتی دەکات , هەرچۆن خێزان یەکەیەکی بنەڕەتی یە لەکۆمەڵگادا , مانەوەو بەهێزی کۆمەڵگاش بەوەوە پەیوەستە.(3)

خێزان بەگرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتی دانراوە لەژیانی کۆمەڵگەی سەرەتایی دا , لەدایك و باوك و منداڵەکان پێك هاتووە , خێزان یەکەیەکی ئابووری بووە لەژیانی ڕاوکەرەکاندا , بەتایبەت ئەوانەی, کەنیشتەجێ بوون لەو هەرێمانەی کەخاکەکەیان بەپیت نەبووەو پێویستیان بەڕووبەری زەوی فراوانتر بووە بۆ بەردەوامی بژێوی ژیانیان ,(4) خێزانی مرۆڤایەتی لەڕابردوودا هەستاوە بە بەجێ هێنانی هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی , ئەرکی ئابووریشی بەجێ هێناوە بەوەی هەستاوە بەبەرهەم هێنانی ئەو شتانەی پێویستی بووە , دەزگایەکی دادوەری بووەو هەستاوە بەلابردنی ئەو ناکۆکیانەی کەلەنێوان ئەندامەکانیدا ڕووی داوە , دەزگایەکی پەروەردەیی بووە هەستاوە بەپەروەردەکردنی منداڵ , بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند قۆناغێکی مێژوویی کۆمەڵگا زۆرێك لەو ئەرکانەی لەخێزان سەندەوە , بۆ هەر ئەرکێك لەمانە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی درووست کرد, دەسەڵاتی

..........................................................................................................................................

(1) د.عدنان أبومصلح, معجم علم الأجتماع , المصدر السابق, ص322.

(2) هەتاو كريم خضر, ظاهرة العنف الأسرى, رسالة ماجستيرفی جامعة صلاحدين , غيرمنشور, 2004,ص17.

(3) شيلان علي عارف أحمد, دورالأسرة في تكوين الاتجاهات التعصبية , رسالة ماجستيرفی جامعة كركوك, غير منشور, 2009, ص35.

(4) د.القيس النورى, مدارس الأنثروبولوجيا, المصدرالسابق, 1986 , ص62.

دادوەری لەخێزان سەندەوە, هەروەك چۆن زۆربەی ئەرکەکانی پەروەردەو فێرکردنی لێ سەندەوە, خێزان لەدەزگایەکی ئابووری بەرهەم هێنەوە, کەهەموو پێویستیەکانی بەرهەم دەهێنا بووە یەکەیەکی بەکاربراو . لەگەڵ هەموو ئەمانەدا خێزان تائێستاش کۆمەڵێك ئەرکی بنەڕەتی هەیە, شوێنێکە بۆ بەدی هێنانی ئارەزووە سێکسیەکان و بەرهەم هێنانی منداڵ و پەروەردەکردنی بەو وێنەیە ی کەکۆمەڵگە ئەیەوێت , ئەوەی گرنگە باس بکرێت ئەوەیە, کە خێزان ئەم ئەرکە کۆنانەی لە پڕ وازلێ نەهێنا بەڵکو وردە وردە لەدەستی دا.(1)

لەگەڵ ئەوەی زۆردەزگای تر دەرکەوت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خێزان لەڕووی پەروەردەییەوە, بەلاّم تائێستاش گرنگی ڕۆڵی خێزان بۆئەوە دەگەڕێتەوە, کەخێزان بەئاسانی بەتاکەکانی دەگات بۆپەروەردەو پێگەیاندنیان, وەپەیوەندی بەهێز لەنێوان تاکەکانی خێزاندا هەیە, کەهۆکاری زۆرەو.یەکەم قوتابخانەشە لەڕاهێنانی ڕەوشتی تاکەکانیدا بەجۆرێك تاك پەیڕەوی ڕەفتاری خێزان دەکات بەڕەفتارە باش و نێگەتیڤەکانەوە .(2)

زانای ئەنثرۆپۆلۆژی (مالینۆفسکی)* گرنگی داوە بەخێزان و بەشێك لەهەوڵەکانی بۆچارەسەرکردنی تیۆری یەکەی (فرۆید) بوو , وەڕەخنەی لێ گرت لەکاتێکدا کەهەستا بەکارە مەیدانیەکەی لەدوورگەی (ترۆبریاند) , ئەوەی سەرنجی (مالینۆفسکی) ڕاکێشا لەم دوورگەیەدا پەیوەست بوونی منداڵان بوو بەخاڵیانەوەو کەم گرنگی دانیان بوو بەباوك و کەسوکاری باوك لەخێزاندا , توێژینەوەکانی مالینۆفسکی کاریگەری هەبوو لەمەیدانی توێژینەوەی سێکسی وخێزانداو گرنگی داوە بەم چەمکە (الحياة الجنسية للمجتمعات البدائية).(3)

ئەوەی لەکۆمەڵگای توێژینەوەدا لەبارەی خێزانەوە دەبینرێت بوونی پەیوەندی بەهێزی تاکەکانی خێزانە لەژێر سەرپەرشتی گەورەی خێزاندا, خێزان لەدایك و باوك و منداڵەکان پێك دێت, کەیەك شوێنی نیشتەجێبوونیان هەیەو لەگەڵ خێزانە نزیکەکانی دایك و باوکیشدا پەیوەندیان بەهێزە, هەروەها گەورەی خێزان ڕۆڵی ئابووری دەبینێ و بەرپرسە لەگەورەکردنی منالّ و دابین کردنی پێداویستیە مادیەکانی, ئەمەشە وای کردووە کەگەورەی

.........................................................................................................................

(1) د.على محمود اسلام ألفار, معجم علم لأجتماع, المصدر السابق, ص194.

(2) شيلان علي عارف أحمد, دور الأسرة في تكوين الاتجاهات التعصبية , المصدر السابق, ص37,30.

*مالینوفسکی(برونسلوف کسپر),(Malinovski)(1884-1942)زانایەکی ئەنثرۆپۆلۆژی نەمساویەویەکێکە لەسەردارانی ئەنثرۆپۆ لۆژیای نوێ, کە لەزانکۆی لندن خوێندوویەتی, توێژینەوەی لەسەر دوورگەی تروبریاند کردووە, قاموس الانثروبولوجيا,ص590-591.

(3) د.قيس النوري, مدارس الأنثروبولوجيا, المصدر السابق, ص368.

خێزان, کەپیاوە لەبەرئەوەی پێداویستی مادی دابین دەکات, لەزۆر ڕووەوە دەسەڵاتی بەدەست بێت(سیستەمی خێزان لەناوکوردا ئەگەر لەلادێ یا بێت یان شار سیستەمێکی باوك سالاری بووە, وەحەزیان لەوەچەی زۆر کردووە, منداڵی کچ لەگەڵ کور جیاوازی دەکەن و زیاتر گرنگی دەدەن بەکوڕ, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆسیستەمی کۆمەڵایەتی, بەپلەی یەکەم, لەگەڵ ئەمەشدا ژنی کورد ڕۆڵێکی باشی هەبووە لەکۆمەڵگەی کوردیدا, کۆمەڵگەی

کوردی بەوە ناسراوە کەهەندێ ژن تیایدا دەسەلاَتدارەو سەرکردایەتیان کردووە, وەك (عادیلە خانم) لەهەڵەبجەو (حەپسەخانی نەقیب) لەسلێمانی).(1)واتە ئەمە مانای ئەوە نییە, کەژن و منداڵەکان هیچ کارێك نەکەن(گەورەی خێزان مێردە بەلاَم ژن و منالەکانیش لەهەڵسوراندنی کاروباری ماڵ وخێزاندا یارمەتی ئەدەن ڕۆڵیان هەیە).(2)

لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا گەورەی خێزان یان سەرۆك خێزان مافی بڕیاردانی هەیە لەهەندێ کاروباری خێزانیدا لای زۆربەی خێڵ و پێکهاتە خزمایەتیەکان, هەرچەندە لەئێستادا ئەم ڕۆڵە کەمتر بووەتەوە لەچاو ئەوەی کەلەکۆنداهەبووە(3) کرانەوەی تاك و پەیدابوونی کەناڵە ڕاگەیاندنەکان, کاریگەریان لەسەر سەربەستی تاك هەبووە, بۆیە دەتوانین بڵێین خێزان لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا سیستەمێکی تاڕادەیەك باوك سالاری یە, ئاستی ئەم باوك سالاریەش جیاوازی هەیە لەخێڵێکەوە بۆیەکێکی تر, بەجۆرێك لای هەندێکیان سستەمێکی هاوسەنگە, واتەنەدایك سالاری بووە نەباوك سالاری, وەك ئەوەی لای هەورامیەکان هەیە.(4)

## دووەم: بونیادو پێکهاتەی خێزان.

دیارە کاتێك باس لەچەمکی بونیاد دەکەین ,لەگەڵیدا چەمکی ئەرکیش دێتە ئاراوە, چونکە هەربونیادێك لەکۆمەڵێك سیستم پێك دێت کەبەبەجێ هێنانی ئەرکی هەریەك لەم سیستمانە بنیاد دادەمەزرێت, ئەمەش لەوکاتەوە سەری هەڵدا کەهەردوو زانای کۆمەڵناسی (هربت سبنسر)* و(ئۆگس کۆنت)کۆمەڵگای مرۆییان بە

.........................................................................................................................

(1) د. مجيد حميد عارف, الأثنوغرافيا والأقاليم الحضارية, المصدر السابق, ص116.

(2)شاکیر فەتاح, ئافرەتی کورد, سەرچاوەی پێشوو, لا18.

(3)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز:حاجی عارف عباس ئەحمەد, کەسایەتی بەتەمەنی عەشیرەتی ئێناخی, هەڵەبجە, 2016/10/25.

(4)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(یوسف محمد وهاب) , کەسایەتی ناسراوی هەورامیەکان, هەڵەبجە, 2016/11/12.

*هربت سبنسر(Spencer,Herbert)(1820-1903)ئەندازیارو فەیلەسوف و زانای دەروونی وکۆمەڵناسی بەریتانی , باس لەدیاردەی کۆمەلاَیەتی دەکات کەچۆن پێشئەکەوێ لەسەرەتاییەوە بۆئالۆز, قاموس الأنثروبولوجيا, ص915.

بوونەوەری بایۆلۆژی بەراوردکرد, لەژێر ئەوبنەمایەی کەچۆن پەیوەندی یەکی فرمانگەرایی لەنێوان فرمانگەرایی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤدا هەیە , ئاواش پەیوەندی یەکی لەنێوان توخم و سیستمە شارستانی

و كۆمەلآیەتیەکاندا هەیە, (کۆنت) لەباسی خێزاندا دەڵێت , خێزان یەکەم خانەی پێك هاتەی کۆمەڵگایە , خاڵی یەکەمە کەپەرەسەندنی کۆمەڵگا لێوەی دەست پێ دەکات , لەسروشت و کرۆکیدا بەراوردی دەکات بەخانەی زیندووی پێك هاتەی بایۆلۆجی بوونەوەر.(1)

خێزان بچوکترین و سەرەکیترین پێکهاتەیە لەبونیادی کۆمەلا یەتیداو ڕۆڵی هەیە لەگەشەکردنی کۆمەڵگادا , چونکە خێزانە بونیادێکی کۆمەلآیەتی بەهێزو توندو تۆڵ دادەمەزرێنێت, کاتێ ئەم خێزانە بەهێزبوو کار لەکۆمەڵگە دەکات , بەجۆرێك کۆمەڵگا دەتوانێت ڕووبەڕووی بارودۆخ و فشارەکانی ژیان بێتەوە , هەرکاتێکیش خێزان تووشی لێکترازان هات ئەوا کۆمەڵگاش لاوازدەبێت,(2))تالکۆت پارسۆنز) کە بەیەکێك لەپێشەواکانی (ئاراستەی بونیادگەری) دادەنرێت , چەمکی خێزانی بەوە دیاری کردووە کە بونیادێکی گشتگیرە , بەشەکانی لەگەڵ چەند بەشێکی تەواوکەر یان چەند یەکەیەك بەیەکەوە بەستراون بەپەیوەندی یەکی فەرمانی ئاڵۆ گۆڕکراو , ئەم پەیوەندی یەش لەئەنجامی کارلێك کردنی تاکەکانی پەیدا دەبێت کەلە جووڵەیەکی بەردەوامدان لەگەڵ یەکتری.(3)

زانایانی ئەنثرۆپۆلۆژی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کەخێزان سیستمێکی کۆمەلآیەتی یەو بەهۆی بەردەوامی و هاوسەنگی ئەم سیستمەوە دەتوانێت پارێزگاری لەوڕۆڵەی خۆی بکات کەلەکۆمەڵگادا هەیەتی , لەم ڕوانگەیەوە خێزان ئەو بونیادەیە کەپێکدێت لە (کەسەکان , پەیوەندی یەکان, پێوەرەکان) بەو مانایەی, کەخێزان پێوەری کۆمەلآیەتی تایبەت بەپەیوەندی تاکەکان و ڕێگاکانی و هاوسەرگیری و چۆنێتی بەڕیوەبردنی ئاهەنگەکانیان لە بۆنە خێزانی و کۆمەلا یەتیەکاندا هەیە, هەروەها پێوەری تایبەتی لەسەر سیستمی دابەش کردنی کارو دیاری کردنی جۆری هەڵوێستەکانیان هەیە, کەپێویستە لەلایەن منالەکان و پێگەیشتووەکان و بەتەمەنەکانەوە

.......................................................................................................................................................

(1) شیلان علي عارف أحمد, دور الأسرة في تكوين الاتجاهات التعصبية , المصدر السابق, ص14.

(2)د.مجيد حميد عارف, الأثنوغرافيا والأقاليم ألحضارية, المصدر السابق, ص133.

(3) هەتاو كريم خضر, ظاهرة العنف الأسرى, المصدر السابق, ص19.

وەربگیرێ, شتەکانی تریش, کە تایبەتە بەپەروەردەکردنی بچوکەکان و دیاریکردنی پەیوەندی خێزانێك بەخێزانێکی ترەوە پابەندە بەچالاکی و نەریتە پەروەردەیی و پەیوەندی یە سێکسی یەکان و منالبوون و شێوازی پێشوازی کردن لەمیوان و خزمەکان , ئەوەی جێی باسە ئەوەیە کە گۆڕانکاری مێژوویی و کۆمەلآیەتی و

ئابووری, کەکۆمەڵگاکان پێیدا تێپەڕیوون کاری لەخێزان کردوو , بونیادەکەی گۆڕی و وەزیفەکانی تەسك کردەوە وەك لەپێشتردا ئاماژەمان پێ کردووە ,(1)ئەمەش بەپێ ی تێپەڕبوونی کات بووەو هۆکاری زۆر بووە بۆیەناتوانین بڵێین تەنها پێشکەوتن هەندێ فەرمانی خێزانی وون کردوو(خێزان هەندێ فەرمانی لەقۆناغێکی مێژوویدا پێش دەرکەوتنی پێشکەوتن لەدەست دا).(2)

لەگەڵ ئەمانەدا خێزان هێشتا هەندێ ئەرك(فەرمان) بەجێ دێنێ لەوانە:

- ئەرکی بایلۆجی: خێزان تائێستە ئەم فەرمانەی لەدەست نەداوە, هەڵدەستێت بەدابین کردنی خۆراك

پارێزگاری کردن لەتەندرووستی منداڵەکانی, بە پەیدا کردنی شوێن و ئاوو خواردن و گەشەپێدانی لەش.(3)

- ئەرکی ئابووری( ألوظيفة الأقتصادية) : ئەمە زیاتر لەکۆمەڵگە سەرەتایی یەکاندا هەبووە , کەپشتیان بەئاژەڵداری و کشتوکاڵ بەستووە, وەگرنگترین سیمای ئەم کۆمەڵگانە هاوکاری ئابووری بووە, وەمنداڵ لەم خێزانانەدا سەروەتێکی گرنگ بووە چونکە بەشداریان کردووە لەهاوکاری ئابووریدا, ئەم هاوکاری ئابوریەش لەم کۆمەڵگانەدا پاڵپشتێکی گرنگ بووە بۆ یەکێتی خێزان و پاراستنی لەهەڵوەشان(4)

- ئەرکی پەروەردەیی (ألوظيفة التربوية): کاتێ منداڵ دێتەکۆمەڵگاوەو لەدایك دەبێت هیچ شتێ نازانێ ونانا سێ, هەرلەم کاتەوە پێویستە ڕێژەیەك لەئەزموون وەربگرێت, وە هۆشیاربکرێت بەمیراتی کۆمەڵایەتی و کلتوری باو, خێزان یەکەم یەکەی کۆمەڵایەتی و بنەڕەتی یە بۆ ئەم مەبەستە .(5)

.......................................................................................................................

(1) تەلار أحمد مصطفى, دەسەڵاتی بڕیاردان لەخێزانی کوردیدا, سەرچاوەی پێشوو , لا93-94.

(2)د.حسين عبدالحميد احمد رشوان, دور المتغيرات الاجتماعية فى التنمية الحضرية, المكتب الجامع الحديث, اسكندرية, 1988, ص83.

(3) د. ابراهيم ناصر, الأنثروبولوجيا الثقافية(علم الأنسان الثقافى), المصدرالسابق, لا134-145.

(4)د.قيس النورى, المدخل الى علم الانسان, 1982, لا218

(5) د.على محمد المكاوى, الأنثروبولوجيا وقضاياالانسان ألمعاصر, الطبعةالعربية الأولى, 2007, ص88.

- ئەرکی ئاینی (ألوظيفة الطقوسية والدينية): ئەمەش فێرکردنی نەوەکانی کۆمەڵگایە سەبارەت بەو بیروباوەڕو سرووتانەی کەکۆمەڵگا پەیڕەوی دەکەن .

- ئەركی دەروونی(ألوظيفة النفسية) : هەموو تاكێكی كۆمەڵگا پێویستی بەچاودێری و گرنگی پێدان و خۆشەویستی و ئارامی و ڕازی كردن هەیە ,كە خێزان لەڕێ ی پەیوەندی یە ڕۆحی یەكانەوە پێ ی هەڵدەستێ .(1)

- ئەركی زۆربوون(ألوظيفة التكاثر) :خێزان هەڵدەستێ بەم ئەركە, ئەم ئەركە بەردەوامی دەدات بەجۆری مرۆیی بوونی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی, بوونی منداڵ لەهەموو كۆمەڵگایەكدا گرنگی پێدراوە(2)

باسكردنی ئەم ئەركانە دەریدەخات كەبنیادی خێزان گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە, بۆنموونە هەندێ ئەرك لە كۆمەڵگە تازەكاندا خێزان پێ ی هەڵناستێ, لەمەشەوە گۆڕانكاری بەسەر پەیوەندی یەكانیشدا هاتووە لەڕووی بەهێزی و لاوازیەوە ئەمەش بەهۆی دووركەوتنەوەی ئەندامانی خێزان لەیەكتری لەكاتی چوونە دەرەوەیان بۆكار, كاتێكیش گۆڕنكاری لەپەیوەندی و ئەركی خێزاندا دروست بوو كار لە بونیادی كۆمەڵایەتیش دەكات.

سەبارەت بەكۆمەڵگەی توێژینەوە, هەندێ لەئەركەكان وەك ڕادەی جاران جێ بەجێ ناكرێ لەلایەن خێزانەوە, بەلاٚم خێزان لەئێستادا (ڕۆڵی ئابووری ماوەو زۆرجار دوای ئەوەی منداڵەكان هاوسەرگیری دەكەن باوك هەر هاوكاری مادیان دەكات),(3)وەباوك بەرپرسی یەكەمە لەڕووی ئابووریەوە, زۆرجاریش دایك هاوكاری دەكات, ئەمیش كاتێك دایك فەرمانبەر بێت و خاوەنی مووچەیەك بێت, یان پیشەیەك بزانێ و بەهۆی پیشەكەیەوە دەسكەوتێكی مادی هەبێت, هەندێ جار منداڵەكانیش هاوكاری باوك دەكەن بەتایبەت لەو خێزانانەی كە خەریكی كشتوكاڵ و باخدارین, لەكۆمەڵگەی توێژینەوەدا زۆرێك لەخێزانەكان خەریكی كشتوكاڵ و باخدارین, وەك لەبەشەكانی پێشووتر ئاماژەمان بۆكردووە.

لەگەڵ ئەوەی, كە تاكگەرایی و پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا كاریگەری لەسەرڕۆڵی كۆمەڵایەتی و ئاینی خێزان كردووە

..........................................................................................................................

(1) عبد على المالكى, المدخل الى الأنثروبولوجيا الأجتماعية , دارنيبور للطباعة والنشر,2014, ص101.

(2)اد.عاطف وصفى, الأنثروبولوجياالاجتماعية, الطبعةالثالثة, دارالنهضة العربية, 1981, ص94.

(3)چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێز: مستەفا رەشید محمد , كەسایەتی بەتەمەن و ناسراوی عەشیرەتی عبابەیلێ ی,2016/11/13.

لەزۆربەی كۆمەڵگاكانی جیهاندا, كۆمەڵگەی توێژینەوەش بەدەرنەبووە لەو كاریگەریانە, بەلاٚم لەگەڵ ئەمەشدا خێزان ڕۆڵی گرنگی بینیوە لەگەیاندنی ئاین بەنەوەكانی و تائیستەش بەم ئەركە هەڵدەستێت, بەشێوەیەك

خێزانەکان منداڵەکانیان فێری نوێژ دەکەن و زۆرجاریش دەیان نێرنە مزگەوت بۆفێربوونی قورئان و خوو ڕەووشتی ئاینی, ئەمەش جیاوازی هەیە لەخێڵێکەوە بۆیەکێکی تر, هەندێکیان زیاتر پەیوەستن بەئاینی با پیرانیانەوە وەپارێزگاریان لەداب و نەریتی بنەماڵەکانیان کردووە(خێزان لای ئێمە زیاتر ڕۆڵی خۆی پاراستووە لەوانی تر)(1)ئەوجیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆجیاوازی خێزانەکان لەڕووی پەیوەست بوونیان بەئاینی ڕەسەنی خۆیانەوە.

لەڕووی پەروەردەییشەوە لەگەڵ ئەوەی لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا زۆر دام و دەزگا هەن, کەڕۆڵی پەروەردە بەجێ دێنن , وەك قوتابخانەو هەندێ دەزگای تایبەتی تر, بەلاَم خێزان ڕۆڵی دیاری هەیە لەپەروەردەکردنی منداڵداو بەئەرکێکی گرنگ و هەنووکەیی دەزانێت(لەگەڵ ئەوەی ژن هاوکاری پیاوە لەبەڕێوەبردنی ماڵ و زیادەڕەویی نەکردن لەئابووری ماڵدا پەروەردەکەرێکی سەرەکی یەو, پرۆسەی پەروەردە زیاتر لەئەستۆی دایکدایە)(2) بەلاَم ئەرکی پەروەردەیی لەهەندێ خێزاندا لاواز بووە بەهۆی چوونە دەرەوەی دایك و باوك هەردووکیان بۆکار, زیاد بوونی پێداویستی مادی و کاریگەری خێزان بەمۆدێل لەڕێ ی دەزگاڕاگەیاندنەکانەوە خەرجی خێزانی زیاد کردووە, کۆمەڵگەی توێژینەوەش بەدەر نی یە لەم کاریگەریانە, بۆیە لەئێستادا بۆئەوەی فریای پێداویستیەکان بکەون دایك وباوك هەردووکیان کاردەکەن, ئەمەش وادەکات کەڕۆڵی پەروەردەیی لاوازبێت ولەڕووی پەروەردەیی یەوە دایك وەك پێویست ئاگاداری منداڵەکانی نەبێت, بەلاَم ئەم جۆرە خێزانانە بەشێکی کەمن لە شارەکەدا.

لەڕووی دادوەریشەوە, لەگەڵ ئەوەی هەندێك خەڵك کێشە دەبەنە دادگا, کەلەجاراندا تەنها خێزان بەم ڕۆڵە هەستاوە, بەلاَم لەزۆربەی کاتیشدا لەڕێگەی پەیوەندی کۆمەلاَیەتی و خزمایەتییەوە کێشەکان چارەسەر دەکرێن, لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگای توێژینەوە زۆر دەوڵەمەندە لەتاکی خوێنەوارو خاوەن بڕوانامە, بەلاَم ڕۆڵی بنەماڵەو گرووپە خزمایەتیەکان لای تاکەکان دەنرخێنرێ و لەزۆربەی کاتدا سەرچاوەی چارەسەرکردنی کێشەکانن.

..............................................................................................................................

(1)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: ماموستا ئاکوشاوەیس مەجید, وەك کەسایەتیەکی کاکەیی,2016/10/25.

(2)چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا :شەرمین عبداللە عبدالکریم لەعەشیرەتی زەردۆیی, هەڵەبجە, 2016/10/25.

سەبارەت بەئەرکی دەروونیش , هەرلەکۆنەوە گرنگی بەم ئەرکە نەدراوە لەکۆمەڵگەی کوردیدا, چونکە وشیاری خەڵك بەرامبەر بەم زانستە کەم بووە, بەڵام (لەئێستادا تاڕادەیەکی کەم ئەم ئەرکانە بەجێ دێنێ, لەڕێگەی دانی دیاری و بەخشین لەهەندێ بۆنەو سەرکەوتن دا).(1)

لەڕووی ئەرکی زۆربوونیشەوە زۆربەی خێزانەکان بەنزیککراوەیی (3–5) منداڵیان هەیە, ئەم ژمارەیەش کەمتری کردووە لەجاران بەهۆی زیادبوونی پێداویستی ماددی و گرانی پرۆسەی پەروەردە لەئێستادا, وەهاوکاری نەکردنی منداڵ لەکاری ئابووریدا بەهۆی گۆڕانی کاروپیشە لەهەندێك لەخێزانەکاندا.

## سێیەم: جۆرو شێوازەکانی خێزان:

سیستمی خێزان لەکۆمەڵگا کۆن و نوێ یەکاندا بوونی هەبووە , بەڵام ئەم سیستمە جیاوازە لەسیستمە کۆمەڵایەتیەکانی تری وەك دەوڵەت و خزمایەتی, مێژووی پەرەسەندنی ئەم سیستمە ئەوەمان بۆدەردەخات کەلەمێژووی شارستانێتیدا خێزان گۆڕانکاری یەکی گەورەی بەسەردانەهاتووە , خێزان لەکۆندا تاڕادەیەکی زۆر لەشێوە نوێ یەکانی ئێستای چووە لەڕووی قەبارەو ئەرکە جۆربەجۆرەکانیەوە کەلەکۆمەڵگادا پێی هەستاوە , ئەم لێکچوونەش مانای ئەوە نییە سیستمی خێزان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا چەسپاوە .

لە لای دانیشتووانی ئەسلی ئوستورالیا و ئەمەریکا خێزان بریتی بووە لەتەواوی ئەندامانی تیرەو خێڵەکان و , لەنێوان خێزان و خێڵدا جیاوازیان نەکردووە, لەسیستمی خێزانی یۆنان و ڕۆمانی کۆندا, خێزان بریتی بووە لەتەواوی خزم و کەس وکارو, هەرکەسێك سەرۆکی خێزان پەروەردەی کردبێت بەئەندامی خێزان هەژمارکراوەو , ئەرك و مافەکانی وەك ئەندامەکانی تربووە ,لەکۆمەڵە هاوچەرخەکانیشدا خێزان جۆرێك لەئارامی بەخۆوە گرتووەو بەرتەسك بووەتەوەو وەك جاران نەماوە , لەزۆربەی حاڵەتدا بریتی یە لەژن و پیاوو منداڵەکانیان (2).

خێزانی کوردیش وەکو خێزانی گەلانی تر لەدایك و باوك و منداڵەکانیان پێك دێت , هەندێك جاریش باپیرەو داپیرەو خاڵەکانیش دەگرێتەوە , باوك خاوەنی بڕیاری یەکەم و کۆتایی بووە لەخێزانی کوردیدا بەتایبەتی

............................................................................................................................................

(1)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: ماموستا ئاکوشاوەیس مەجید, وەك کەسایەتیەکی کاکەیی, یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و بنەڕەتی لەهەڵەبجەی شەهید, 2016/10/25.

(2)مليحة عونى القصيروصبيح عبدالمنعم احمد, سۆسيۆلۆژياى خێزان, و: د.صابربكربۆكانى, سەرچاوەى پيشوو,لا17,16.

**لەكۆندا, خێزانى كورد هاندەربووە بۆ لەدايك بوونى منداڵ و حەزى لەمنداڵى زۆر كردووە, دايك پەروەردە كەرى منداڵ بووەو پەيوەست بوون لەنێوان ئەندامانى خێزاندا هەبووە.(1)**

**لەكۆمەڵگەى توێژينەوەشدا خێزان لەدايك و باوك و منداڵەكان پێك دێت لاى زۆربەى خێڵ و پێك هاتەكان, هەندێك خێزانيش هەيە كە لەباپيرەو داپيرە پێك دێت بەلاَم بەرێژەيەكى كەمە, ئەمەش لەكۆندا وانەبووە, بەڵگو زۆربەى جار دووخێزان پێكەوە ژياون, يان دايك و باوك ومنداڵەكان لەگەڵ داپيرەو باپيرەدا ژياون.**

**بە پێ ى ئەو قۆناغە مێژووييانەى كەخێزان پێيدا تێپەڕيوە و لەهەموو كۆمەڵگايەكدا بوونى هەبووە شێوازو جۆرى جياى هەيە لەوانە :**

1. **خێزانى ناوكى** (الأسرة النووية) **: ئەم خێزانە تەنها لەدايك و باوك و منداڵەكان پێك دێت , ئەم خێزانە پشت دەبەستێت بەيەك ژن و يەك پياو.**
2. **خێزانى فراوان**(الأسرة الممتدة)**:ئەم خێزانە لەدوو نەوە پێك دێن كەنەوەى دووەم درێژكراوەيە لەنەوەى يەكەمەوە, خێزانى فراوان لەدووخێزانى بچووك پێك دێت بەلايەنى كەمەوە كەپێكەوە دەژين لەيەك شوێنى نيشتەجێبووناداو بژێويەكى هاوبەشيان هەيە, نەوەو باپيرەو داپيرە لەخۆدەگرێت , هەندێ جاريش خاڵ و مام و كچى مام و خاڵيشى تێ دەكەوێ.**
3. **خێزانى فرەيى**(الأسرة التعددية)**: ئەمەش يان لەدووپياو پێك دێت لەناو خێزانێكدا يان لەدووژن , يان لەدووان زياتر .**(2)

**چەند شێوەيەكى تريش باس دەكرێت كەهەر نزيكە لەم پۆلێنەى سەرەوە بەلاَم ناوى ترى لێ نراوە لەوانە**

1. **خێزانى سادە:**(العائلة البسيطة)**: كەلەدايك و باوك و منداڵەكان پێك دێت.وەك خێزانى ناوكى .**
2. **خێزانى فراوان : وەك لەپێشەوە باس كرا .**
3. **خێزانى هاوبەش** (العائلة المشتركة)**كە لەدايك و باوك و ئەو منداڵانەش كەهاوسەرگيريان كردووە**

..............................................................................................................................

(1)د.مجيد حميد عارف, الأثنوغرافيا والأقاليم ألحضارية, المصدرالسابق, ص133.

(2) د.علی محمد المکاوی, الأنثروبولوجيا وقضاياالانسان ألمعاصر, المصدرالسابق, ص78-79.

**بەمێردو منداڵەکانیانەوە, لەژێر سەرپەرشتی کەسێکی گەورە کەلەهەموویان بەتەمەنتر بێت .**

4. **خێزانی تێکەڵاو** (العائلة المركبة) **: کەپێك دێت لە (پیاوو چەند ژنێك و منداڵەکانیان, یان ژنێك و چەند پیاوێك ومنداڵەکانیان, یان لەپیاوێك ومنداڵەکانی کەژنەکەی مردووە یان بەپێچەوانەوە.** (1)

5. **خێزانی ناتەواو:ئەو خێزانەیە کەیەکێك لەدایك و باوکی تیا نی یە یان هەردووکیان, ئەمیش بەهۆی مردن یان جیابوونەوە یان کۆچ کردن.** (2)

**ئەم جۆرانەی خێزان کە باسکران هەرجۆرەیان بەپێ ی قۆناغ و ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگاکان و ڕێگە پێدانی ئاین دروست بوون, بوونی خێزانی ناوکی لەئەنجامی گۆڕانی شێوەی کۆمەڵگاو گۆڕانی شێوەی ژیان و سەرچاوەی داراییەوە درووست بوو, لەشاردا مرۆڤ ناتوانێت بەتوانای منداڵ و خێزان زۆر سەرچاوەی خۆراك بۆخۆی فەراهەم بێنێت وەك ئەوەی لەزەوییەکی کشتوکاڵیدا دەیکرد, یان پیاو دوای ئەوەی ئەو توانا ئابووریەی نەماو پێداویستی تاکیش زیادی کرد وازی لەوە هێنا کەلەخێزانێکدا دووژن بەخێو بکات چونکە لەتوانای ئەودا نەما, هەروەها خێزانی درێژکراوە پێویستیەکی ڕۆژگاری خۆی بووە, بۆ پارێزگاریکردن لەخۆیان لەزۆر مەترسی سروشت, بەڵام دوای ئەوەی شارستانیەت پەیدا بوو خەڵك بەو ڕادەیە پێویستی بەیەك نەبوو کەلەهەموو کاتێکدا پێکەوە بن, ڕێگە پێدانی ئاینیش ڕۆڵی هەیە ,چونکە لەزۆرێك لەکۆمەڵگاکاندا بوونی دووپیاو بەرامبەر ژنێك لەئایندا قەدەغەکراوە, ئەمانەو چەند هۆکارێکی تر.**

**لەکۆمەڵگای توێژینەوەشدا کۆمەڵێك هۆکار هەبوون, کە وای کردووە خێزانی سادە یان ناوەکی زۆرترین ڕێژەی هەبێت لەکۆمەڵگادا, هەندێك لەو هۆکارانە جیاواز نین لەوهۆکارانەی کەباس کران, وەك باری ئابووری و زۆر بوونی پێداویستە ماددی و مەعنەویەکان, خێزان لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا بەشێوەیەکی گشتی خێزانی ناوەکی یەو بەڕێژەیەکی زۆر کەمیش خێزانی هاوبەش و خێزانی تێکەڵاو هەیە کە لەدووژن و پیاوێك پێك دێت. لەکۆمەڵگەی توێژینەوەش دا تاڕادەیەك سیستەمی باوك سالاری هەیە,بەڵام ئەمە وای نەکردووە کە ئافرەت هیچ**

..........................................................................................................

(1) عبد علي المالكی, المدخل الى الأنثروبولوجيا الأجتماعية , المصدرالسابق,ص99.

(2) د.علی محمود اسلام ألفار, ,معجم علم الأجتماع, المصدرالسابق, ص108.

ڕۆڵێکی نەبێت, بەڵکو ئافرەت ڕێزی تایبەتی لێ گیراوە, ئەودەسەڵاتەش کەپیاوهەیبووە لەکۆمەڵگەدا بۆدیکتاتۆری پیاو نەگەڕاوەتەوەبەتەنها, بەڵکوهەندێ جاربۆسادەیی وشەرمنی ژنان گەڕاوەتەوە, ئەم شەرمنیەش بەشێك بووە لەکلتووری کوردەواری کەپێویستە ئافرەت شەرمن بێت (ئێمەهەرکارێکمان بکردایە بەڕای پیاوەگەورەکان دەمان کرد, وەبەنەنگمان دەزانی قسەی تیابکەین)(1) بەڵام ئەمەش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو لەئێستادا بەوڕادەیە نی یە ئەمەش دوای ئەوەی ئافرەت خرایە بەرخوێندن و کۆمەڵێك وشیاری وەرگرت, لەڕووی ئابووریشەوە خێزان یەکەیەکی ئابووری نی یە بە شێوەیەکی گشتی لە ئێستادا, چونکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەدا هەندێك لە تاکەکان پیشەی فەرمانبەری دەکەن, بەڵام لەکۆندا خێزان خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ بووە, لای هەندێ پێکها تەش ژنان هاوشێوەی پیاوان یەکەیەکی بەرهەم هێن بوون, وەك هەورامیەکان کەجلی شاڵ و کلاشیان دروست کردووە, هەندێك خێزانیش لەئێستادا لەو باخ و کشتوکاڵەی, هەیانە هەندێ خۆراك و پێویستی بەرهەم دێنن.

لەکۆمەڵگەی توێژینەوەداخێزان ڕۆڵی هەیە لەچۆنێتی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریدا, بە تایبەت ماڵی کوڕ, هەرچەندە کوڕو کچ خۆیان ڕێکی دەخەن, بەڵام ڕەچاوی هەندێ کلتووری خێزان دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی خێزان لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا تاڕادەیەك پارێزگاری لەڕۆڵی خۆی کردوە, ئەمەش جیاوازی هەیە لەپێکهاتەیەکەوە بۆیەکێکی تر وەك لەبەشەکانی پێشووتردا ئاماژەی پێ کراوە, (ئەو گۆڕنکاریە مێژووییەی بەسەر ئەم شارەدا هات دووبارە کاریگەری لەسەر ڕۆڵی خێزان کردووەو ڕۆڵی خێزانی تەسك کردووەتەوە)(2)ئەمەش بەڵگەیە بۆئەوەی کە گۆڕانکاری جیهانی و ناوچەیی کاریگەری لەسەر خێزان کردووە, بەجۆرێك گۆڕانکاری لەم یەکەیەدا دروست کردووە, پەیوەندیەخێزانیەکان وەك جاران بەتووندو تۆڵی نەماوە, بەڵام ئەوەی گرنگە بووترێ ئەوەیە کەتا ئەمڕۆش خێزان یەکەیەکی دامەزراو پارێزراوە لەکۆمەڵگەی توێژینەوەداو یەکێکە لەو دەسکەوتانەی کەلەکۆمەڵگادا تا ئێستا پارێزگاری لێکراوە, وەیەکێکیشە لەپێکهاتە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگا کەتاك پێشکەش بەکۆمەڵگە دەکات, وەداب و نەریتی باوباپیران زیندوو دەکاتەوە لەڕەفتارو ڕەووشتی تاکەکانیدا لەڕێ ی پەروەردەی خێزانیەوە

.........................................................................................................................

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز:(صدری محمد سعید) وەك کەسێکی بەتەمەن لەعەشیرەتی زەردۆیی, هەڵەبجە, 2016/10/25.

(2)چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: ئارام مجید علی لەعەشیرەتی شەمێرانەیی, فەرمانبەر لەزانکۆی هەڵەبجە, 2016/11/12.

## دەرەنجام

یەکەم: شاری هەڵەبجە وەکو کۆمەڵگای توێژینەوەکە پیکهاتەیەکی خێڵەکی هەیە, ئەم خێڵانەش بەتێکەڵاوی بەسەر گەڕەك و کۆڵانەکاندا دابەش بوون بەشێوەیەکی گشتی و لەهەندێ شوێن و گەڕەکیشدا خێڵێك یان پێکهاتەیەك پێکەوە لەگەڕەکێکدان وەك لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی شارەکەدا ئاماژەمان پێ کردووە .

دووەم: لەڕووی ئابووریەوە تاڕادەیەك کۆمەڵگەی توێژینەوە پارێزگاری لەو پیشە کۆنانە کردووە کەباو باپیرانیان کردوویانە, بەجۆرێك تائێستاش بەرهەمی کوردی و سروشتی باخ و کشتوکاڵ پێشکەش بەکۆمەڵگا دەکات.

سێیەم: لەڕووی وشیاری کۆمەڵایەتی و هونەری و ئاینی یەوە هەڵەبجە مێژوویەکی گرنگی هەیە و لەکۆنەوە زۆر سیمای شارستانی تیابووە وەك دروست کردنی قوتابخانەو تێکەڵاوی کەسانی بێگانەو ئاین جیاواز.

چوارەم: زۆربەی کۆمەڵگاکاندا پەیوەندی خوێن بنەمای سەرەکی خزمایەتیە, بنەمای تریش هەن کەپەیوەندی خزمایەتی بەهۆیانەوە دروست دەبێت, وەك ئەوەی لەکۆمەڵگەی توێژینەوەدا دەبینرێت, کەهەندێ جار پەیوەندی خزمایەتی لەسەر بنەمای شوێن دروست دەبێت وەك پەیوەندی دراوسێ یان پەیوەندی پێکهاتەکان, هەندێك پێکهاتەش خزمایەتیەکەیان لەسەر بنەمای ئاینە, هەندێك جاریش لەسەر بنەمای پەیوەندی کۆمەڵایەتیە و پەیوەندیەکەیان لەسەر بنەمای(هاوجێ ی, هاوزمانی, هاوبەرژەوەندی یە) .

پێنجەم: لەگەڵ بوونی هەندێ داب و نەریت وکلتووری هاوبەش لەپەیوەندی خزمایەتیدا لای زۆرێك لەخێڵ و پێکهاتەکان وەك گرنگی دانی زۆر بەبۆنەکان, بەڵام هەندێ جیاوازیش لەم داب و نەریتانەدا دەبینرێت.

شەشەم: تۆڵە سەندنەوە وەك یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی خێڵ بەشێوەیەکی گشتی لای زۆربەی خێڵ وپێکهاتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە وەلاخراوەو وەك جاران گوێ ی پێ نادرێت .

حەوتەم:خزمایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یەو پەیوەندی هەیە بەدیاردە بایلۆجیەکانەوە, پەیوەندیە بایۆلۆجیەکان هیچ نین تەنها ئەوە نەبێت کەخاڵی سەرەتان بۆ دەرکەوتنی چەمکە سۆسیۆلۆجیەکانی خزمایەتی, واتە خزمایەتی کۆمەڵگە دیاری دەکات.

هەشتەم: لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کەبەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەدا هاتووە, خزمایەتی ڕۆڵی تەواوی لەدەست نەداوەو, لەکاتی بۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا ڕۆڵی هەیە لەکۆنترۆڵکردنی

کۆمەڵایەتیدا, لەگەڵ ئەمەشا ناتوانرێت خزمایەتی وەك ڕەگەزێكی نەگۆڕ دابنرێت لەبنیادی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگادا.

نۆیەم: لەگەڵ بوونی پەیوەندی كۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای كارو شوێن و دەزگاو گرووپی سیاسی لەكۆمەڵگەی توێژینەوەدا,بەڵام هەموو ئەم پەیوەندیانە كۆتاییان بەپەیوەندی خزمایەتی نەهێناوە.

دەیەم: لەكۆمەڵگەی توێژینەوەدا بەهۆی كاركردنی ئافرەتان لەدەرەوە گۆڕان بەسەر پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكاندا هاتووە لەناوخێزان و دەرەوەی خێزانداو بەرەو لاوازی چووە.

یانزەیەم: خێزانی ناوكی باووترین گرووپی خزمایەتیە لەكۆمەڵگای توێژینەوەداو, پەیوەندی بەهێز لەنێوان تاكەكانیدا هەیە تەنانەت دوای ئەوەی منداڵەكانیش هاوسەرگیری دەكەن, واتە لەدوای خێزانی ناوكی پەیوەندی بەهێزلە بنەماڵەشدا هەیە.

دوانزەیەم: دەسەڵاتی خێزان لەكۆمەڵگەی توێژینەوەدا تاڕادەیەك دەسەڵاتێكی باوك سالاری یە لای زۆربەی خێڵ و پێكهاتەكان, لەناو هەندێكیشیاندا هاوسەنگە, بەڵام بەشێوەیەكی گشتی و لای هەریەكێكیان ژن ڕۆڵی خۆی هەیەو بەسەنتەری سۆزو ویژدان دادەنرێت.

سیانزەیەم:پرۆسەی هاوسەرگیری لەكۆمەڵگەی توێژینەوەدا لەلایەن هەردوو خێزانی كوڕو كچەوە كارئاسانی بۆدەكرێت بەتایبەت لەڕێوڕەسمی مارەییدا, بە دانەنانی بڕی مارەیی زۆر, هاوسەرگیری بەشێوەی ژن بەژن و گەورە بەبچوك بوونی نی یە لەكۆمەڵگەی توێژینەوەدا.

چواردەیەم: هاوسەرگیری دەرەكی و ناوەكی هەردووكی لەكۆمەڵگەی توێژینەوەدا پەیڕەو دەكرێت , بەڵام ئەوانەی هاوسەرگیری خزمایەتی پەیڕەو دەكەن, پەیوەندی یەخزمایەتییەكەیان بەبەهێزی ماوەتەوە وەك لەوانەی كەخزمایەتی دەرەكی و دوور پەیڕەو دەكەن, وەك ئەوەی ستراوس باسی كردووە.

## پێشنیار

1. گرنگی دان بەسیما شارستانیەكانی ئەم شارە لەڕووی زانستی و هونەری و ڕۆشنبیریەوە,لەلایەن لایەنی دەسەڵاتداری ئەم شارەوە, چونكە مێژوویەكی دیاری هەبووە لەم بوارەداو گرنگە پەرەی پێ بدرێت.

2. گرنگی دان بەخێزان وەك گرووپێکی خزمایەتی و یەکەیەکی گرنگی کۆمەڵگا لەڕووی دەروونی و وشیاری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەوە, لەڕێگەی پێگەیاندنی تەندرووستی دایکانەوە, لەلایەن لایەنی پسپۆڕەوە, وەك وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی و تەندرووستی.

3. کارکردن بۆ دەسەڵاتی هاوسەنگ و نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزی لەسەر ئاستی خێزان و کۆمەڵگا.

4. گرنگی دان بەپەرەپێدانی پەیوەندی نێوان خێڵ و پێکهاتەکان بۆ بوونی پەیوەندیەکی گشتگیر لەپێناو پێکەوە ژیان و چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەییەکانی شارەکەدا, لەژێر دەسەڵاتی لایەنی باڵا دەست لەشارەکەدا.

5. گرنگی دانی دەسەلات بەپرۆسەی هاوسەرگیری, وەك هۆکارێکی سەرەکی لەهێشتنەوەی خزمایەتی و پەیوەندیە خزمایەتیەکان.

## ڕاسپاردە:

1. گرنگی دان بەداب و نەریتە هاوبەشەکان و پەسەند کردنی داب و نەریتی جیاوازی خێڵ و پێکهاتەکان, بە کردنەوەی خوولی ووشیاری و پەروەردەیی لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بۆ سەرۆك و ئەندامە دیارەکانی خێڵ ئەمەش بۆ ژیانێکی دوور لە نەتەوەو خێڵ پەرستی.

2. هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەندێ تایبەتمەندی نێگەتیڤی خێڵ لەکۆمەڵگەی توێژینەوەداکارێکی باشە کەکراوە لەلایەن هەندێ لایەنەوە, وەك مامۆستایانی ئاینی, گرنگە کاری زیاتر بکرێت بۆنەهێشتنی تایبەتمەندی تریش وەك لەبیربردنەوەی هەندێ بیری خێڵ پەرستی.

3. گرنگی دان بەخزمایەتی و پەیوەندییە خزمایەتیەکان, لەلایەن کۆمەڵگەوە بەگشتی, ئەمەش بەهاندانی خەڵك و درووست کردنی شوێنی تایبەت بۆبۆنە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن دەسەڵات و خاوەن سەرمایەکانی ناو خێڵەکان بەمەبەستی ڕیکخستی زیاترو کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی.

4. گرنگی دانی زیاتر بەپەیوەندییە خزمایەتیەکان, چونکە ئەمە وادەکات جیاوازیە سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکان بۆخزمەت بەکاربهێنرێت نەك بۆ لاواز کردنی پەیوەندی خزمایەتی.

5. گرنگی دانی زیاتری خێزان بەپەروەردەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاینی منداڵەکانیان, لەڕێگەی دام و دەزگا پەروەردەییەکانی وەك باخچەو قووتابخانە لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتی قووتابخانەکان وە, بەمەبەستی هێشتنەوەی داب و نەریتە پۆزەتیڤەکانی کۆمەڵگاو سنووردانان بۆ جێکەوتەکانی جیهانگیری لەلایەن .

## سەرچاوەکان

یەکەم: پەرتووکەکان(الکتب)

أ. پەڕتووکە کووردیەکان:


1. ئارام مەجید عەلی, چەردەیەك لەمێژووی عەشیرەتی شەمێران, چاپی یەکەم, چاپخانەی گەنج , 2014.

2. ئومێد ئاشنا کردوویەتی بەکووردی, گەشتەکەی فرێزەر بۆ کوردستان,سلێمانی, 1996.

3. بکر حمە صدیق عارف, لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە ,چاپی یەکەم ,1997.

4.جەزا توفیق طالب, بایەخی جیۆپۆلۆتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق,چاپی دووەم, سلێمانی,2000.

5.جەلال ئەمین بەگ, جوگرافیای کوردستان, 1998,لا162.

6.جەمال بابان , ئەوانی تر, سلێمانی شارەگەشاوەکەم,چاپ و ئۆفیسی سەردەم,2000.

7. حەسەن فەهمی بەگی جاف, مێژووی هۆزی جاف و مەحموود پاشای جاف, چاپخانەی دێکان.

8.حەکیم مەلاصالح, هەڵەبجە لەئامێزی مێژوودا, چاپی دووەم, چاپخانەی چوارچرا,2011.

9.حەمەی فەرەج هەڵەبجەیی, لەشنروێ وە بۆ ستۆکهۆڵم, سلێمانی ,2000.

10. حسین خەلیفە محمد, چەمکێك لەمێژووی کارەساتەکانی کوردستان و هەڵەبجەش لەم مێژووەدا, ناوەندی چاپەمەنی سۆسیالیست, 1999.

11.حسین جاف,هۆزەکانی کوورد, کۆماری عیراق, وەزارەتی ڕۆشنبیری وڕاگەیاندن, بەبێ ساڵ و شوێنی چاپ.

12.حوسێن محەمەد عەزیز, ڕۆڵی سیستمی بنەماڵە لەبزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستاندا, لەبلاّوکراوەکانی چاپەمەنی ئەزمەڕ, سلێمانی, 2001.

13. سەلام مستەفا, شانزەی سێ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید, 1996.

14.شاکیر فەتاح, گەشتی هەڵەبجەو هەورامان لەساڵی 1933دا , چاپخانەی کامەران, 1974.

15.شاکیر فەتاح, ئافرەتی کورد, چاپخانەی مەعاریف, بەغدا, 1958.

16. شەوکەتی حاجی مشیر, هەڵەبجە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی 1988 , چاپی یەکەم, 1998.

17. شەوکەتی حاجی مشیر ,هەڵەبجە دوژمنانی کوورد رسوا ئەکات, بەشی یەکەم ,1996, لا1-6.

18.عادل صدیق علی, چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هەڵەبجە, چاپخانەی کەمال, سلێمانی, 2011.

19. عادل صدیق, هەڵەبجە(لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی ), لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی تیشك, 2008.

20. عادل صدیق علی, عادیلەخانم کەسایەتی و ئەردەڵانی بوون و ساحێبقرانی بوونی , مەڵبەندی کوردۆلۆجی,سلێمانی,2010.

21. عەبدوللا غەفور, ئەوانی تر ,ڕاگوێزانی کوورد لەمێژوودا, سوید 1991.

22.عەبدوڵڵاغەفوور, جوگرافیای کوردستان, چاپی پێنجەم , چاپخانەی خانی دهۆك, 2008.

23. د.عەبدوڵلا غەفور,کوردولۆجی, چاپی یەکەم , چاپخانەی ڕەنج , سلێمانی, 2008.

24.د.عەبدوڵلا غەفور, جوگرافیای باشووری کوردستان, چاپی یەکەم , چاپخانەی ڕەنج, سلێمانی ,2008, لا134.

25.عبدالجبار محمد الجباری, ئافرەتە ناودارەکانی کورد, وەزارەتی کاروباری شیمال, بێ شوێنی چاپ, 1969.

26.کەریم بەگی فەتاح جاف, تەئریخی جاف,چاپی یەکەم,بێ شوێنی چاپ, 1995.

27.کەریم زەند, جوگرافی کوردستان.

28. مارف عوومەر گوڵ, جینۆسایدی گەلی کوورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا, لەچاپکراوەکانی یانەی کوردی میدیا,ئەمستردام, هۆڵەندا,1997.

29. د.مایکڵ جەی, تارماییەکانی هەڵەبجە, و:کارزان محمد, چاپخانەی پیرەمێرد, 2015.

30. مەحمود عەزیز حەسەن, کورتەیەك لەمێژووی هۆزی جاف و باسی هەندێك لەتیرەکانی , چاپخانەی نەورەس, 1985.

31.ملیحة عونی القصیروصبیح عبدالمنعم احمد, سۆسیۆلۆژیای خێزان,و: د.صابربکربۆکانی, چاپی یەکەم, چاپخانەی داناز,2002,لا31.

32.مەلا محەمەدی چرۆسانی , یاداشتەکانی منالی و بەشێکی سەردەمی فەقێیەتی مامۆستا, پێشکەش کردنی محەمەدی مەلا کەریم, چاپخانەی(الحوادث), بەغدا, 1984.

33. مەیجەرسۆن, سلێمانی ناوچەیەك لەکوردستان, وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە (مینە) , چاپی یەکەم ,سلێمانی, 2007.

34. محمد أمين زەكی , تاريخی سلێمانی, چاپخانەی النجاح لەبەغداد, 1939.

35. محمد ئەمين هەورامانی, كاكەيی, چاپخانەی(الحوادث), بەغدا, 1984.

36. محەمەد روشدی دزەيی, ژيانی دێهاتی, چاپخانەی سميراميس-بغداد,بێ ساڵی چاپ.

37. ڕێكخراوی (v.i.s.d.p)ی ئەڵمانی,كوردستان(گەورەترين هێرش), و/ناسح ابراهيم دزەيی, چاپخانەی خانی دهۆك,2008.

38. هادی رەشيد بەهمەن, پەيامی هەورامان, چاپی يەكەم, 2001.

39. هەورامان علی توفيق,هەڵەبجە(كارەساتی ساڵی 1988), دەزگای چاپ و بلاّو كردنەوەی ئاراس, چاپی يەكەم, 2000.

ب. پەڕتووكەعەرەبيەكان:

1. د.احمد ابوزيد, البناء الاجتماعی(مدخل لدراسةالمجتمع- الأنساق), الطبعةالثالثة,دارالنهضة المصرية,الأسكندرية, 1979.

2. د. ابراهيم ناصر, الأنثروبولوجيا الثقافية(علم الأنسان الثقافی), الطبعة الثانية,1985, الاردن.

3. ابراهيم الخطيب ونبيل عبدالهادی , مدخل الی علم الأجتماع .

4. د.احسان محمدالحسن,موسوعة علم الاجتماع, , الطبعة الاولی, الدارالعربية للموسوعات,بيروت, 1999.

5. د.اسماعيل عبدالفتاح عبدالكافی, الموسوعة الأقتصادية والاجتماعية, مركز الأسكندرية للكتاب,2005.

6. د.حسين عبدالحميد احمد رشوان, دور المتغيرات الاجتماعية فی التنمية الحضرية, المكتب الجامع الحديث, اسكندرية, 1988.

7. دينكن ميشل, ترجمة: د.احسان محمد الحسن, معجم علم الأجتماع, دار الرشيد للنشر,بغداد,1980.

8. د.شاكرخصباك, الأكراد ,دراسة جغرافية أثنوغرافية, الطبعةالأولی, الدار العربية للموسوعات,بيروت, 2005.

9. د. شاكر مصطفی سليم, قاموس الأنثروثولوجيا, الطبعة الأولی, 1981.

10. لوسی مير, مقدمة فی الأنثروبولوجيا الأجتماعية, ت: , د.شاكرمصطفی سليم, بغداد,بدون سنة.

11. د.عاطف وصفی, الأنثروبولوجياالاجتماعية, الطبعةالثالثة, دارالنهضة العربية,بيروت, 1981.

12. د.علی محمد المكاوی , الأنثروبولوجيا وقضاياالانسان ألمعاصر, الطبعةالعربية الأولی, القاهرة, 2007.

13. د.على محمود اسلام ألفار,معجم علم الأجتماع, الطبعة الثانية , دارالمعارف, القاهرة-مصر , 2001.
14.عطا محمد علأء الدين, قضاء هەڵەبجە(دراسة فى الجغرافية الأقليمية), الطبعةالأولى, مطبعة تيشك-السليمانية, 2008.
15. عبد علي المالكى ,المدخل الى الأنثروبولوجيا الأجتماعية , دارنيبور للطباعة والنشر, بغداد,2014.
16. د.عبدالروؤف الصبغ , علم الأجتماع العائلى , الطبعة الأولى , دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر,كلية الأداب بسوهاج, 2003.
17. د.عبدالحميد لطفى, الأنثروبولوجيا الاجتماعية, الطبعة الثانية, دارالمعارف بمصر, 1971.
18. د.عدنان أبومصلح, , معجم علم الأجتماع ,دارأسامة للنشروالتوزيع,الأردن, 2006.
19. د.فاتن محمد شريف, الأسرة والقرابة(دراسات فى الأنثروبولوجيا الأجتماعية), دارالوفاء لدنيا الطباعة والنشر,2006.
20. د.فاضل عبدالواحد,د.عامرسليمان, عاداة وتقاليد الشعوب ,كلية الاداب-جامعةبغداد, 1979.
21. فائزة محمد عزت , الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (15-4) هجرى, اربيل,2009.
22. د.فتحيه محمد ابراهيم, واخرون, مدخل الى مناهج البحث فى علم الانسان(الأنثروبولوجيا),دارالمريخ للنشر, 1988.
23.فؤاد حمةخورشيد, العشائرالكردية,مطبعةالحوادث, بغداد,1979.
24. د.القيس النوري , , مدارس الأنثروبولوجيا ,جامعة بغداد ,1991 .
25. د.قيس النورى, المدخل الى علم الانسان, جامعة الموصل,1982.
26. د.القيس النورى, ماالأنثروبولوجيا, الموسوعة الصغيرة, 1986 .
27. د.القيس النورى, الأنثروبولوجيا الحضرية بين ألتقليد والعولمة, الطبعة الأولى,مؤسسة حمادة, الأردن, 2001.
28. د.قبارى محمد اسماعيل, الأنثروبولوجيا العامة(صور منقضايا علم الانسان), دار المعرفة الجامعي, الاسكندرية.
29. د. مجيد حميد عارف, الأثنوغرافيا والأقاليم الحضارية, مطبعة جامعة موصل, جامعة بغداد, 1984.
30. محمد الجوهرى وعلياء شكرى, مقدمة فى دراسة الأنثروبولوجيا, القاهرة,2007 .
31..د.محمد عبالمعبود مرسى, الآنثروبولوجيا العامة(مدخل للبحث فى مجال الآنثروبولوجى),دار المعرفة الجامعية, الأسكندرية,مصر, 1989 .
32..د.معن خليل العمر,معجم علم الأجتماع المعاصر, دارالشروق للنشر والتوزيع, عمان-الأردن, 2006.

33.ميجرسون(ميرزاغلام حسين شيرازى),رحلةمتنكر الى بلاد مابين النهرين وكردستان, ترجمة:فؤادجميل, الجزء الأول, بغداد, 1970, ص281.

34. د.يحي مرسى عيد بدر, أصول علم الإنسان(الأنثروبولوجيا), ألجزء الأول , الطبعة الأولى , الأسكندرية, 2007.

دووەم:نامەی ماستەر:

1. تابان خالد أحمد, , پەیوەندی یە كۆمەڵایەتیەكانی نێوان خوێندكارانی زانكۆ, نامەی ماستەری زانكۆی سلێمانی ,كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەكان, 2010.

2. تەلارأحمد مصطفى, دەسەڵاتی بڕیاردان لەخێزانی كوردیدا,نامەی ماستەری زانكۆی سلێمانی,كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەكان, 2009.

3.شاد حمید محمد, ڕێگاكانی ئوتۆمبیل لەپارێزگای سلێمانیدا, نامەی ماستەر, زانكۆی سلێمانی,كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەكان, 2011, بلاٌو نەكراوە, لا66.

4.شەماڵ علی عارف, بنەما جوگرافیەكانی پلاندانانی گەشتیاری لەقەزای هەڵەبجەی شەهید,نامەی ماستەر, زانكۆی سلێمانی,كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەكان. بلاٌو نەكراوە,2014, لا54.

5. شيلان علي عارف أحمد, دورالأسرة في تكوين الاتجاهات التعصبية , رسالة ماجستيرفى جامعة كركوك, 2009.

6. د.عزت فتاح حمه صالح, ژیانی كۆمەڵایەتی هەورامان, نامەی ماستەری زانكۆی سلێمانی,كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەكان, 2005.

7. عطا حمەلاوحمەیوسف, پارێزگای هەڵەبجە (لێكۆڵینەوەیەك لە ژمارەی دانیشتووان) , نامەی ماستەری زانكۆی كۆیە, 2009.

8. هیرۆمحمد علی, لێكۆڵینەوەیەكە لەبواری جوگرافیای دێنشیندا, نامەی‌ماستەری زانكۆی سلێمانی ,كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەكان, 2010.

9.هەورامان كمال میرزا عبدالله, فراوانبوونی ڕووبەری شاری هەڵەبجەو كاریگەرییە ژینگەییەكانی, نامەی ماستەر, زانكۆی سەلاحەدین,كۆلیژی ئەدەبیات, بلاٌونەكراوە, 2013,لا23.

10. هەتاو كريم خضر, ظاهرة العنف الأسرى, رسالة ماجستيرفى جامعة صلاحدين , كلية الأداب,2004.
11.واحدة حمه ويس نصرالله , الأسرة الخارجية وأثرها في بناء الأسرة ووظائفها, رسالة ماجستير, جامعة, سليمانية,كلية العلوم الانسانى, 2005.

سێ یەم:چاوپێکەوتن:

1. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: ماموستا ئاكوشاوەيس مەجيد, وەك كەسايەتيەكى كاكەيى,2016/10/25.

2. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز:حاجى عارف عباس ئەحمەد, كەسايەتى بەتەمەنى عەشيرەتى ئێناخى,2016/10/25.

3. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: شێخ نجم الدين محمد على, كەسايەتى بەتەمەنى عەشيرەتى نەوڕۆڵی,2016/11/12.

4. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: ئارام مجيد على لەعەشيرەتى شەمێرانەيى, فەرمانبەر لەزانكۆى هەڵەبجە, 2016/11/12.

5. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: مستەفا رەشيد محمد , كەسايەتى بەتەمەن و ناسراوى عەشيرەتى عبابەيلێ ى,2016/11/13.

6. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا فارس على عارف, لەعەشيرەتى كۆكۆيى.2016/11/12.

7. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا :شەرمين عبدالله عبدالكريم لەعەشيرەتى زەردۆيى, 2016/10/25.

8. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز:(صدرى محمد سعيد) وەك كەسێكى بەتەمەن لەعەشيرەتى زەردۆيى, 2016/10/25.

9. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز(يوسف محمد وهاب) , كەسايەتى ناسراوى هەوراميەكان,2016/11/12.

10. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد واحيد كاكەمەد, لەعەشيرەتى كۆكۆيى .2016/11/13.

11. چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز مامۆستا تايەر ئەحمەد قادر, نوێژ خوێن و ووتاربێژى مزگەوتى عومەرى كوڕى خەتتاب, 2017/3/14.

12.چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد محەمەد قادر, ئەميندارى سندوقى عەشيرەتى شەمێرانەيى, هەڵەبجە, 20017/4/23.

**چوارەم: ئەوشوێنانەی زانیاریان لێ وەرگیراوە:**

1. **بەڕێوەبەرایەتی ئاماری شاری سلێمانی , لەڕێ ی بەڕێز: محمدحسن حمەکریم**,2017/4/23, 2016/8/12

2. **فەرمانگەی ئاماری پارێزگای هەڵەبجە, لەڕێ ی بەڕێز:غفاراحمد محمد, سەرپەرشتیاری ئاماری هەڵەبجە, لە**2016/10/25